chalakmuhamad@gmail.com

# مامۆستای کورد

# 2

دەنگی بەشی کوردیی

خوێندنگەی بەرزی مامۆستایان لە ستۆکهۆڵمە

chalakmuhamad@gmail.com

chalakmuhamad@gmail.com

ooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooo

# ماموستای کورد

ooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooo

ژماره : ۲ مارتی ۱۹۸۵

ooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooo

سەرنووسەر : فەرهاد شاکەلی

ooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooo

ooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooo

ناونیشان :

Högskolan För Lärarutbildning
i Stockholm / Kurdiska

Box 34103
100 26 STOCKHOLM - SWEDEN

chalakmuhamad@gmail.com

# نامە

برای دەلال کاک فەرهاد
سڵاوێکی گەرمی برایانە ، ویستمە سڵامەت و سەرفراز بن .
دوێنێ دوو دانە " مامۆستای کورد " ەکەم پێگەیشتن . دەستتان خۆش و زێدەتر سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم . سەر ووتارەکەم لە هەموان پێخۆشتر بوو.
دەمەوێ رێگەم بدەی کە سەرنجت بۆ ئەوە راکێشم ، نێوی مانگی کوردی دەبێ لەتەک ساڵی کوردیدا بنووسرێ ، وەک دەزانی مانگە کوردییەکان لەگەڵ مانگە فەرەنگیەکان یەک نایەتەوە ، بۆیە بە نادروستی دەزانم نوسیووتانە گولانی ١٩٨٥ . دیارە ساڵی زایینی گولانی نیە ! ئەو جۆرە هەڵانە زۆر باون ، تا ئێستا کوردی خوارووی کوردستان بە شۆڕشی ١۴ ی تەمموز دەڵێن شۆڕشی ١۴ ی گەلاوێژ ! کە دیارە هەڵەیە ....

سەباحی غالیب
لەندەن ١٩٨٥ /۵/٣٠

سەلام لەهەمووتان
هەوەڵین ژمارەی " مامۆستای کوردم " دیت . هیوادارم چاوم بە ژمارەکانی تریشی بکەوێ.
" قسەم زۆرە بەڵام چارێ وازی لێ دێنم " ، تەنێ دەڵێم : دەست و چاوتان خۆش و دڵتان بە هیواتر بێ .
زرە تیعرێکی خۆم ناردووە تا ئەگەر مەزموونەکەی ، بیروڕای کۆڤاری مامۆستای کوردی گرتەوەو لەباری هونەری شیعرەوە بەکار هات ، بەناوی موستەعارەی " بارێزە" چاپ بکرێ .
پێم وایە ئاشنایەک یەک دوو شیعری سوارەی ئێلخانی زادەی بۆ ئێوە بەرێ کردووە ،منیش دەستم بە دووسێ شیعری سوارە رادەگا ، دەیاندەم بەو ئاشنایە تا هەرکامیانی نەبووە، بۆتانی بنێرێ .

سەرکەوت / لاوێکی مەهابادی
مەهاباد - ١۴۶۴/۶/١٨

chalakmuhamad@gmail.com

ماموّستای بەڕێزم کاک فەرهاد

هاوڕێ ی سلاوێکی کوردانە بەدڵ سپاسی هەستە بەرزەکەت دەکەم . بەهیوام لەڕێ ی خزمەت بەگەلی چارەڕەشی کورد قەت نەکەوی .

کاکە بەبڕوای منیش گۆڤارو رۆژنامەکانمان دەبوویایە باخچۆلێکی بێ پاوانی پڕ گوڵ و گولووک بان کەپنجی زەردی دڕووی وەک نەتتەر لەپەنا گەڵای ناسکی سۆسنبەرو لاسکی توولە نەمامی گوڵی ئەختەر قەت قەت باخەوانی رانەچڵەکاندبا . دەبوویایە بەرهەمی گشتە بیروباوەڕان بان و لەبەر چاوی راشکاوی جەماوەران هاتبانە زۆرانباری فیکری و خۆیان نواندبا ، بەلام داخم بەدڵ کە هەرچی دێتە سەرپەڕی کاغەز هەر لە گرێوی ئەسکەندەرو دارایەک دان و بەتێکڕایی قەتیسی جەغزو چوارچێوەکانن . نەکاو نەخوازا پەلەوەرێک لەم جەغزو پەڕگارە پێ بەدەرگاکەدەبێتە هەڵۆی جووچک بردوو وەلەهەر دێ یەک و لەگشت جێ یەک نیسێ ی بەتیرو تانووت دەئەنگوترێ .
سەبارەت بەهاوکاری دەگەڵ " ماموّستای کورد " یان هەر بلاوکەرەوەی دیکە بەومەرجە کە پیاو لە ریشاڵی جاڵجاڵووکەدا تێک نەتەنێ خۆزیاگەرم و زۆرم حەز پێ ی دێتێ.
ئەوەی کە لەدەستی من هەڵوەرێ کورتە داستان و چیرۆک و شانۆ نامەیە کە دیارە هەموو سەرو بەندی بەندانم هەرباس و خواسی کوردوستانەکەمانە . دەڵێم ئەو گشتە دەردو ئازارەی کەلەناخی کوردەواری دا خەوتوون ئەگەر شانامەشیان لێ ساز کرێ هێشتا بەقامکێکی ڕاناگا ، چ بگا بەوەی کە ژانی گەلی پێ دیاری بکرێ .
زۆر سپاس بۆ رازداری و خزمەتەکانت بەئەدەبیات و هونەری کورد .

کوردان
۱۴/ سپتامبەر

برای بەڕێز و هێژا سەرنوسەری گۆڤاری ماموّستای کورد
پاش سەلاو
هەواڵی کردنەوەی بەشی کوردی خوێندگەی بەرزی ماموّستایان دڵی هەموو کوردێکی خۆش کرد بەتایبەتی ئەوانەی باکی مانەوەو گەشەپێدانی زمانی شیرینی کوردینە . لەناخی دڵمانەوە پیرۆزباییتان لێ دەکەین بەبۆنەی بەهەستاندنتان بەم کارە پێویستەو پیرۆزە وەهیواردارین هەرسەرکەوتوبن لەخزمەتکردنی زمانی کوردیو لەخزمەتی کوردو کوردوستان . ئێمە چەند کوردێکین لەشاری دالاس حەزدەکەین کە اشتراک بکەین لەگەل گۆڤاری ماموّستای کورد"لەژمارە یەکیشەوە" .
ئیتر هەربژی کوردو کوردوستان

براتان
بەراش سۆران
سپتامبەری ۱۹۸۵

chalakmuhamad@gmail.com

برای زۆر بەڕێز کاکە فەرهاد شاکەلی
سڵاوێکی گەرمی کوردانەتان پێشکەش دەکەم وە هیوادارین سەرکەوتوبن لە کاروباری خوێندنگەی بەشی کوردی بۆ خزمەتی میللەتی کوردی دابەشکراومان .

بەڕێزان : ژمارەی یەکەمی ( مامۆستای کورد ) م بینی کە خۆشحاڵ و نائومێدی کردم لە هەمان وەختا . خۆشحاڵ لەوەی کە کردنەوەی هەر دەزگایەک بۆ لێکۆڵینەوەی زمان و ئەدەبی کوردی وەبڵاوکردنەوەی هەر گۆڤارێک بەکوردی خزمەتێکی گەورەیە بۆ گەلەکەمان وەنائومێدی کەوا نۆبەرەی بەرهەمەکەتان ( مامۆستای کورد ) کەمو کورتی یەکجار زۆری تیایە وەلەجیاتی ئەوەی ببێتە گۆڤارێکی راستەقینەی لێکۆڵینەوەی زانستی زمانیکوردی و ئەدەبی گەل ، بۆتە جێگای رشتنی کۆنە قینەو رق وەناکۆکی شەخسی . ئێوە ئەگەر بتانەوێ بسەلمێنن کە دەئێ کوردیش دیموکراسی فێربێت ، رێبازەکەتان وە بۆ چونەکەتان چەوت و کۆنە . بەڕاستی جێگای سەرسوڕمانە کە رۆشەنبیرێکی وەکو کاک فەرهاد شاکەلی (تۆمەتی نەفام و داخ لەدڵ) ی بخاتە سەر ئەو نوسەرانەی کەلەکەڵ ئەودا جیاوازی بیروڕایان هەیە . لەجیاتی چاو پۆشین و سینگ فراوانی وەباوەڕ بە هەبونی ئایدیای جیاجیا ، جێگای داخێکی یەکجار گەورەیە کە گۆڤاری ( مامۆستای کورد )یش وەکو دەستە خوشکەکانی لەکوردستان و دەرەوەی نیشتمان ، رێبازی هەڵگرتنی بیروڕای تەک و رشتنی کینەو رق ، کرتنی پەلارو تانج لەو خەڵکانەی کە وەکو ئەوان بیرناکەنەوە گرتۆتەبەر . ئەگەر ئەوەندە بەتەنگ دیموکراسیەتن ، ئەی بۆچی بەو شێوە نابازانستیانە هێرش ئەبەنەسەر ئەوانەی کەرەخنەتان لێ دەگرن وەکو ناو ناتۆرەنانەوەجنێودان جا ئەگەر هەرکوردێک لەسەری نوسین بەڕای ئێوە ئەوا ( سەگوەڕیە )وە هەر گۆڤارێکی رەخنەی لێگرتن ببێتە ئۆپۆرتینست و جلخوارو خاپێنەر ، ئەی گیانی دیموکراسی کوا ؟؟ . ئەم شێوە رەفتارانەتان لەگەڵ پلەی تێگەیشتنی ئێوەی هێژا وەلەگەڵ رابوردوی تێکوشانتان ناگونجێت ، بۆیە لەسەر نەڕۆیشتنی سوکەخزمەتێکە بۆ نەتەوەی کوردی قارەمانمان. هەر خۆتان دەربارەی بابەتی هەبونی گیانی دیموکراسیەت نوسیوتانە که <u>ئەوانەی رێگە بە بیروباوەڕی جیاواز و جۆربەجۆر نادەن و دەیتاسێنن ترسنۆکن .</u>
من لەو بڕوایایە نیم کە ئێوە ترسنۆکن بەڵام لەو قەناعەتەم کە ئێوەش وەکو هەر مرۆڤێک توانای هەڵەکردنتان هەیە ،وە رەخنەش جێگای خۆیەتی بۆ هەڵە .یەکێک لە هەڵەکانی ترتان ئەوەیە کە نوسەری کورد لە دەرەوەی وڵات کە ناڕاستەوخۆ تامی تراژیدیەکەی کوردستان ئەکات بە دڵسۆزتر لەوانە دادەنێن کە لە کوردستان گیانی خۆیان لەسەر دەستایە بۆ رزگاری وڵاتی لەت لەت کراو . بەڕێزان ! ئێمەی کوردی دەرەوەی وەڵات راستە هەندێکمان بە تەنگ بەرژەوەندی کوردستانەوەین بەڵام هیچ کاتێک <u>(خەباتەکەمان)</u> ناگاتە خەباتی راستەقینەی سەنگەرەکانی شۆڕشی کوردستان، لەگەڵ ئەوپەڕی رێزم بۆ نوسەرانی کورد و دەیڵێم کە گوللەی پێشمەرگە فیداکارە دلێرەکانی ئاراستە کراو بۆ سینگی سوپای داگیرکەر هەزارجار کاریگەرترە لە ووشەکانی گۆڤارەکانی کۆمەڵگای کورد لە دەرەوە کە زۆربەی جار ئاراستەی یەکتری دەکەین تا دوژمن.
شتێکی تر کە ئەمەوێ عەرزتان بکەم کە مەسەلەی یەکگرتنی زمانی کوردیە . ئەو شتانەی سەر بە زانستی لێکۆلینەوەی زمانی کوردی پێویستە بیدەنە دەست زمانەوانانیهەڵکوتوی کورد تاکو دەراسیەکی قوڵی بۆ بکەن وە چارەیەکی تێروتەسەل بۆ دابەش بونی بە چەند

chalakmuhamad@gmail.com

شێوەی جیاجیای زمانەکەمان بدۆزنەوە.ئەم کێشەیە بە ڕێکایەکی زانستو ئەکادیمیانە چارەسەر ئەکرێت نەک بە بیروباوەڕی تەسک و تروسکی ناوچەپەرستانەی ووردەبۆرجوازیانە، دەردی زمانەوانی مەزن ماموەستا جەمال نەبەز گوتەنی لە پەرتوکە بەنرخەکەی زمانی یەکگرتوی کوردی.

بۆ نمونە کاک تانریکولو بە نیازی کەم کردنەوەی گرنگیەتی شێوەی سۆرانی هاتوە ئەو ناوچانەی کەبەم زاراوە ئەدەبیە قسە دەکەن دابەشی گردوە کە بە چەند زاراوەی تر وەکو کەلهوڕی،لەکی،باجەلانی،سنەیی کە ئەمانە بەشێکن لە زاراوەی سۆرانی هەروەکو د.کەمال فوءاد لە ووتاری چەند سەرەتایەکی زمانەوانی(گۆڤاری هیوا ژمارە ١) دەربارەی چەسپاندنی زاراوەی سۆرانی لە کوردستانی عیراق و ئێران(کە ٤٥٪ کوردی لێدەژیت) نوسیویەتی(کوردێکی ناوچەی هەورامان لە کوردستانی ئێران یان عیراق...ئەگەر بەکوردی بنوسێت، بەو زمانە ئەدەبیە کوردیە ئەنوسێت کە ئەمڕۆ لە کوردستانی ئێران وعیراق باوە (واتە سۆرانی) نەک بە هەورامی،هەروەها کوردێکی کرمانشایی یا خانەقینی...) بە کورتی بۆ لێکۆڵینەوەی شێوەکانی کوردی پێویست ناکات پشت بە پەرشوکێکی مێژویی ببەستین کە ٤٠٠ سال پێش ئێستا نوسراوە،بەڵکو بڕوانینە واقیعی ئێستای کوردستان کە ئێستا دوو زاراوەی گرنگی هەیە سۆرانی کە بۆتە زمانی ئەدەبی زۆربەی زۆری کوردەکانی کوردستانی باشورو رۆژهەلات (نزیکەی نیوەی کورد) وە کرمانجی کە کوردەکانی کوردستانی باکور و رۆژاوا پێی ئەدوێن. جا لەم دوو زاراوەیە زمانێکی یەکگرتویی پێک بێنین کە دەردی زمانەوانێکی بەنرخی گەلەکەمان گوتەنی(کوردی هەموو لایەکی کوردستان و جیهان، بێ گوێدانە جیاوازی شێوەی قسەکردنیان،تێی بگەن و پێی بخوێننەوە و پێ بنووسن.)

ئیتر بە هیوای سەرکەوتنی شۆڕشی کوردستان و گەشەپێدانی گیانی دیموکرایی.

برایان

هیوادارم نامەکەم بڵاوبکەنەوە لە ژمارە (٢)ی گۆڤارەکەتان بەڵام تکایە بە ناوی بەراش سۆران بڵاوی بکەنەوە نەک بە ناوی راستەقینەی خۆم ....... ..... .

ئیتر هەر بژین و هەر بژی کورد و کوردستان

براتان

بەراش سۆران

٨٥/١٠/٢٠ دالاس/ئەمریکا

بەڕێز ماموستا فەرهاد شاکەلی پێشکێشە :-

ئومێدەوارم هەر باشبن.

دوای ئەوەی زۆر بە وردی ژمارە (١)ی گۆڤاری(مامۆستای کورد)م خوێندەوە،کە لە برادەرێکەوە وەرم گرت، ئەوەی راستی بێت گۆڤارەکەتان وەکو سەرەتا و نۆبەرەیەک، ناوەڕۆکێکی زۆر نرخدار و زانستیانەو ئەدەبی هەیە، وە دڵنیاشین لەوەی کە لە ژمارەکانی ئایندەدا بابەتی چاترو پوختتر بڵاو ئەکرێنەوە، وە ئەوەی جێگای سەرنج راکێشانە ئەوەیە، ئەو سەربەستی نوسین و بیروڕا وبڵاوکردنەوەی کە بە نووسەر دراوە،بەڕاستی ئێمەی کورد لەم قۆناغەدا گەلێ پێویستمان بە گۆڤارێکی وادا هەیە،کە لەسەر لاپەڕەکانی بە ئازادیو سەربەستییەوە بیروڕاو نووسینی هەمەچەشنەو جیای تیایە بڵاو بکرێتەوە،لەم رووەوە لە ناخی دەروونەوە بە بۆنەی دەرچوونی گۆڤارەکەتانەوە پیرۆزبایی لە ئێوەو خۆمان و هەموو کوردێک دەکەین و هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ دەخوازین. داخەکەم نرخی بەشداری لە گۆڤارەکەتانم نەدەزانی تا بەشداری تیایە بکەم،بۆیە ئەگەر لەم رووەوە ئاگادارمان

chalakmuhamad@gmail.com

بکەنەوە زۆر سوپاستان ئەکەین، وە ئومێدەوارم لە خوێنەرانی ئەو گۆڤارە بەنرخە بێ بەشمان نەکەن و هەر بژین بۆ خزمەتکردنی ئەدەب و وشەی رەسەنی کوردیمان.

برات
عبدالقادر محمد امین
ئەمریکا ٢٩/١٠/١٩٨٥

بۆ گۆڤارە خنجیلەکەی "مامۆستای کورد" ی بەرێز
سەرکەوتنو پێشکەوتنت یەکێکە لە هیواکانم.
لە دڵەوە سڵاوو پیرۆزباییمت پێشکەش ئەکەمو هیوادارم کە لە داهاتوا ببیتە یان بکرێتە یان بتکەینە گۆڤارێک کە کەمو زۆر ئارەزوو تینوێتی خوێنەرانت پشکێنیت.
گیانەکەم
دوای گەیشتنت پێم و خوێنەوەتبە مەبەستەوە تێگەیشتم کە وەکو هەمو شتێک بە گشتیو شتی تازەو یەکەم هەنگاو بە تایبەتی بێبەش نیت لە کەمو کوڕیو دەستی بێتوانای چ "پولیو چ بێکەرەیەیو چ بێ پشتگیری"ت پێوە دیارە.
ئەگەرچی من لە هەمو بارەیەکەوە خۆم بە بێ توانا ئەزانم، کە ناتوانم وەکو پێویستی تۆی خۆشەویستو کۆرپەو وەکو ئەوەی کە خۆشم ئەمەوێ دەستی یارمەتیو هاوبەشی کردنم لە پێشکەوتنتا بکەم...
لەگەڵ ئەوەشا بەو بێتواناییەمەوە هەرچی تۆ پێویستت بێو بە من بکرێو لە خۆمیا رابینم ئەوا لە کردنی و ناردنیو هاوبەشی کردنما..دڵ نیات ئەکەم، ئیتر لە هەر بارەیەکەوە بێ بە پێی بونو توانا.
هەمیشە وەکو ئەستێرە لە جریوەجریوا بیت.

دڵسۆزت
حەمەی مام ئەوڕەحمان
ئەمستردام ٢١-١٠-١٩٨٥

سەرنج :-
تەنها داوایەکم هەیە ئەویش ئەمەیە کە کوێ مەدەرە ناوو ناونیشانو نوسینی هەرکەسێک چاک بو سڵاوی بکەرەوە.

بە ناوی یەکگرتنی چەوساوەکان
مامۆستای بەرێز و تێکۆشەری زەحمەتکەش ...... بەرنوەری گۆڤاری مامۆستای کورد.
سڵاوێکی گەرمی شۆڕەشگەڕی و برایانە ئاراستەی جەنابت و هاوکارانی بەرێزت بێ هیوادارم ئەو کاتەو هەمو کاتێک بەردەوام بن لەسەر خەباتی پیرۆزی خۆتان بە بۆنەی دەرکردنی گۆڤاری فەرهەنگی و ئەدەبی-مامۆستای کورد- پڕ بە دڵمەوە گەرمترین و جوانترین پیرۆزباییتان لێ دەکەم هیوادارم هەمیشە لە سەرکەوتندا بن، بە ناوی کوردێکی دڵسۆزی دور لە وڵاتەوە داخوازی هاوکاری تان لێ دەکەم و ئومێدەوارم بە دۆستێکی خۆتان و هاوبیرێک و هاووڵاتێکی کوردستانی لە قەڵەمم بدەن وە بۆ ئەوەی کە لە فەرهەنگی تێکۆشانی گەلی کوردم و زەبان و ئەدەبی باوباپیرم و مێژوی چەوساوەکانی کورد دوا نەمێنم وە خۆم بەشدار لەم خەباتە پیرۆزە بزانم داخوازتان لێ دەکەم هەر بەرهەمێکی کوردی لەم بارەیەوە لاتان هەبێت وە لە تواناتان بێت لە فکرم مەکەن وە لەسەر ئەم ناونیشانە بۆم رەوان بکەن - کە جێگای سوپاسی و فەخری منە - ئەگەر لە خەط و

chalakmuhamad@gmail.com

شێوەی نوسینم کەماتیەک هەبێت بمبورن بۆ ئەوەیە کە ماوەی دە ساڵە لە وڵاتێکی بێگانەم.

ئیتر سوپاسی هەستی کوردایەتیتان ئەکەم.

خزمەتکاری گەل

غازی شکری،     ئێران ـ یەزد  ١٩٨٥/١١/١٠

بۆ دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (مامۆستای کورد) ی بەرێز :

سڵاوێکی پێشکەوتووخوازانە :

زۆر بە داخەوە کە درەنگ ناوی گۆڤارەکەتانم بیست و ئەوەش لەبەر ئەوەی کە لە وڵاتێکدا ئەژیم لە دەنگ و باس دابڕاوەو زۆر جوڵانەوەش تێیدا قەدەغەیە.
زۆر حەز ئەکەم کەوا ژمارەکانی گۆڤارەکەتانم دەستکەوێت و ئەویش ئەگەر دەست ئەکەوێت لە ژمارەی یەکەمەوە و تکایە بەردەوام ژمارەکانم بۆ بنێرن.
هەروەها ئەگەر هەر بڵاوکراوەیەکی خوێندنگا هەیە بۆمی رەوانە بکەن بە سوپاسەوە بۆ ئێوەی تێکۆشەر و پێشکەوتووخواز.
ئیتر زۆر سوپاس .

خوێندکار :

کامەران .....

chalakmuhamad@gmail.com

THE LIBRARY OF CONGRESS

WASHINGTON, D.C. 20540

EXCHANGE AND GIFT DIVISION

Refer to: E 85-SW
September 16, 1985

Högskolan för Lärarutbildning i Stockholm/
KURDISKA
Box 34103
100 26 Stockholm
SWEDEN

Dear Colleagues:

It is my pleasure to acknowledge, with many thanks, receipt of the material mentioned below. We deeply appreciate your kindness in sending this material to the Library of Congress.

Sincerely,

Peter H. Bridge
Chief

The material received:

--Mamostayê Kurd. No. 1. 1985.



65-L-7 (rev 6/83)

chalakmuhamad@gmail.com

Seminar für Iranistik und Vorderasiatische Archäologie

Georg-August-Universität

Prinzenstraße 21
D - 3400 Göttingen
Tel. 0551-39 43 94 (Iranistik)
39 43 96 (Vord. Arch.)

Herr F. Shakely
Högskolan för Lärarutbildning
i Stockholm / Kurdiska
Box 34103

S-100 26 STOCKHOLM

6th July 1985

Dear Shakely,

Thank you very much for sending me the 1st number of your new journal "Mamostây Kurd". I am sorry I could not write earlier, but it was borrowed immediately by Fakhir Hamdi and I have only just got it back.
I must say that, if there are "about five thousand Kurds in Sweden" (p. 13), you have a high proportion of teacher-writers among them. If you can maintain this quality it will be excellent. All the articles are interesting and also the poetry, particularly the two versions of Pushkin's poem. On a personal note, I find it amusing to be mentioned approvingly by Tanrikulu in such distinguished company on p. 6, but less approvingly by your namesake Emced on p. 44.
I wish you all success for the future of the journal and would gladly subscribe to the next numbers.

Yours sincerely

D.N.MacKenzie

chalakmuhamad@gmail.com

# رازێک

**فەرهاد شاکەلی**

**١**

ئەم سەردەمەی مێژووی مرۆڤایەتی سەردەمێکی یەکجار تیژڕۆ و پڕ لە گۆڕانکاری و هەڵگێڕ و داگێڕی لە ژماردن نەهاتووە. ئەگەر پیاو بە هوردی سەرنج بداتە پێشڕەوتی گەلان لە بواری جۆر بە جۆری زانستدا، بە ئاستەم پەی بەوە دەبات کە خێرایی و تیژڕۆیشتنەکە لەوە دەرچووە بە بیر و هۆش و هەڵسەنگاندنی سەد ساڵ یا پێنجا ساڵی لەمەوبەر تێی بڕوانێ و لێی ورد ببێتەوە.

ئەمە زۆر ئاشکراتر لای کەسانێ هەستی پێ دەکرێ، کە لە نێوان دوو کۆمەڵی جیاواز و دوو پلەی جیاوازی پێشکەوتندا هات و چۆ بکەن و دەرفەتی بە یەکگرتن و بەراوردکردنیان بۆ رەخسابێ. لێرەدا ،بێگومان، مەرجی دیکەش دێتە ئاراوە، کە رەنگە لە هەمووان گرنگتر هۆشیاری بێ، هۆشیارییەک کە دەرگای مێشکی خستبێتە سەرپشت، بەڵام نەک بۆ وەژوورکەوتنی کەڕەلاوژەئاسایی، بەڵکوو بە گۆشەنیگای ئازادیی بەرپرسیارانەوە، بە وەرگرتنی بەرچاوڕوونەوە.

کوردی دەرەوەی وڵات، بە تایبەتیش کوردی ئەورووپا، لە هەل و مەرجێکدا دەژێن کە دەکرێ لە گەلێ لایەنەوە سەرنج بدرێ و لێی بکۆڵرێتەوە. دووریی وڵات و هەموو ئەو ئەنجامانەی لێیەوە زەنە دەکەن، جاری وا هەیە دەبنە هۆی وێرانکردنی هەست و نەستی مرۆڤ و رماندنی سەرای ئاوەز. جاری وا هەیە مرۆڤەکە دەخەنە گێژاوی رەشبینیی و بێهومێدییەکی بێبوارەوە. جاری وا هەیە کابرای رووناکبیر لە قەفەزی نۆستالژیایەکی بێبندا توند دەکەن و لێی دەگەڕێن تا وشک هەڵدێ. هەموو ئەمانە راستن و نموونە بۆ پەیداکردنیشیان کارێکی هێندە دژوار نییە .بەڵام لە لایێکی دیکەشەوە دەکرێ ئەزموونی دەربەدەری و دوورەوڵاتی لە روانگەیەکی دیکەوە سەرنج بدرێ و نرخی بۆ دابندرێ.

گیرخواردن لە قوژبنێکی تەنگەبەردا ،لەوەیە ،دەڵێم لەوەیە، ببێتە هۆی داخستنی دەرگەی بیرکردنەوەیەکی فرەلایەنەی سوودمەند. لەوەیە ببێتە هۆی ئەوەی کابرای لەقوژبندا گیرخواردوو، هەرچی وزە و ئاوەزی خۆی هەیە بە جۆرێ مۆڵ بدا، کە تەنیا کوێرەڕێیەکی لەبەردەمدا بۆ بهێڵێتەوە، کوێرەڕێیەکی ئاوها کە ئیدی،هەر پێشەکی، لە دەرفەت و مافی هەڵبژاردن و تاو و توو و سەنگ و سووک کردن بێبەشی کردووە.

بەرانبەر بەو قوژبنە تەنگەبەرە هەرێمێکی پان و بەرینی پڕ لە بەرزی و نزمی / شینایی و تەختایی / هەوراز و لێژی و هەزار هەزار بابەت رادەوەستێ. لێرەدا مرۆڤەکە ،روونتریش دەڵێم مەبەستم مرۆڤی کوردە، دەکەوێتە نێو سنوورێکی نائاشناوە. دەکەوێتە جیهانێکی دیکەوە. رەنگە هەر لە یەکەم یەکگرتندا تووشی حەپەسان و ئەبڵەق بوون ببێ. لەم جیهانە تازەیەدا ئەو ناتوانێ وردەفرۆشە دەستگێڕەکەی دنیا کۆنەکەی خۆی بێت. ئەمەیان هیچ، بەڵکوو ناتوانێ کڕیارێکی رێک و لێهاتووش بێت. ئەمەیان ئەو لەمپەرەیە کە ئیدی دەبێ لەبەردەمیا هەڵوێستەیەک بکات و بڕیاری خۆی بدات، کە ئەمەشیان، دیسان، هاسان نییە. کابرا ناتوانێ کوت و مت بە راستە و سەنگ و ترازووی جارانی شتەکانی ئەم جیهانە نوێیە بپێوێ و بکێشێ. ئەمە نە گوناهی ئەوە و نە چەوتیی جیهانە تازەکەشە.

chalakmuhamad@gmail.com

لێرەدا ئەوی فریای دەکەوێ هێزی لەبن نەهاتووی ئاوەز(ئەقڵ، هۆش)ـە. هۆشیاری تاکە چرایەکە بتوانێ بەرچاوڕوونیی پێ ببەخشێ. کە ئەم بەهرەیەشی وێ درا ،ئیدی لێی مەترسە، بزانە لە خەم رەخساوە.

ئێمەی کورد،لەم ئەوروپایە، گەلێ دەرفەتی هێژای وامان لە بەردەستدایە،کە دەتوانین، هۆشیارانە، بیکەینە بەردەبازی پەڕینەوە بەرەو رێگەیەکی روونتر بۆ خەبات و تێکۆشانمان.

لە کوردستان شیر و تیری داگیرکەران کارێکی وای کردووە کە مرۆڤی کورد تووشی پەتۆکان و کاسبوون هاتووە. ئەمە بە تەواوی لە سیما و کرداری رووناکبیراندا وەدی دەکرێ. رووناکبیرانی کورد دەنێو جخزێکدا دەخولێنەوە نە سەرەتای هەیە و نە کۆتایی. لە نێو چوار دیواردا ئابلۆقە دراون، نە بەژنی خۆیان و نە بەژنی کاردانەوەو بە گڕا چوونیشیان لێی دەرناچێ و ئەودیوی بە دی ناکات. کە ئەمە دەڵێم مەبەستم ئەوە نییە تەوقی بەزەیی پێدا هاتنەوە لە گەردنی هەموو رووناکبیرانی کورد بئاڵێنم. ئەمن دڵنیام( و ئەتۆش دڵنیای) لەوەی لێرە و لەوێ کەسانێک / کەسانێکی کورد / کەسانێکی رووناکبیری کورد هەر هەن کە خۆیان راپسکاندبێ و لە گەلێ چوارچێوە و جخز و دیوار خۆیان و مێشکی خۆیان رزگار کردبێ.

**٢**

ژمارەی یەکەمی "مامۆستای کورد" بە شێوەیەکی زۆر باش بڵاو بووەوە و گەیشتە دەستی خوێنەران و رووناکبیرانی کورد(و غەیرە کوردیش). چ بڵاوبوونەوەکەی و چ کارتێکردنەکەشی، تا رادەیەکی زۆر،دڵخۆشکەر بوو. لەبەر ئەوەی گۆڤارەکە لە رێگەی دەزگایەکی رەسمی و دەوڵەتیی سوێدەوە بڵاو دەبێتەوەوبەئەم لاو ئەو لادا دەنێردرێ، دەرفەتێکی وامان چنگ کەوت کە بتوانین بیکەیەنینە گەلێ زانستگە و خوێندنگە و کتێبخانەی جیهان. سەرڕای ئەوەش بە دەست و بە هۆی پۆستەوە چەندانەیەکی گەیشتە کوردستانیش ( بەشی جیاوازی کوردستان). هەر ماوەیێک پاش بڵاوبوونەوەی ژمارەی یەکەم لە زۆر لاوە نامەمان بۆ هات و هەتا ئێستاش گەلێ جار نامەمان هەر بۆ دێ. نامەکان لە جێگە و وڵاتی جۆر بە جۆری جیهانەوە دێن : لە ئوسترالیاوە، لە ئەوروپای رۆژاوا و رۆژهەڵاتەوە، لە کوردستانەوە، لە ئێرانەوە...هتد. زۆربەی نامە ـ نووسەکان پشتگیری و دڵخۆشبوونی خۆیان راگەیاندووە، تەنیا یەکێکیان نەبێ، کە تۆزێ سەخڵەت بووە. ئێمە کە پەیامی راستگۆیی و بیری ئازاد و دڵفراوانی هەڵدەگرین، خۆمان بۆ تیر و توانجی گەلێ تیژتر و سەختتر ئامادە کردبوو و ئامادە کردووە. زۆر بە دڵنیایییەوە رایدەگەیەنین کە هەرگیز لەوە ناسڵەمینەوە کە گوێ بۆ بیروباوەڕی جیاواز و دژ بە خۆمان رادێرین و بڵاویشی بکەینەوە. تەنانەت رێز لەوەش دەگرین کە نووسەری نامەیەک(سا لەبەر هەر هۆیەک بێت ) نایەوێ/ ناتوانێ بە نێوی راستەقینەی خۆیەوە بێتە پێشەوە. لەم ژمارەیەدا ،تەنانەت لە رووی زمان و رێنووسیشەوە، بە هیچ جۆرێ دەستکاریی نامەکانمان نەکرد.

یەک لەو باسە گرنگانەی ژمارەی یەکەمی مامۆستای کورد هێنابوویە پێشێ، ئازادیی بیر بوو کە، خۆشبەختانە، بوو بە هۆی دەمەتەقێی فراوان و بگرە دەمەقرەئامێزیش،

chalakmuhamad@gmail.com

لەنێو خوێنەران و خەڵكی دیكەشدا، تەنانەت خەڵكێك كە هەر لە دوورەوە باسەكەیان بەر گوێ كەوتبوو،بێ ئەوەی چاویان بە سەروتاری "كوردایەتی،زانست ، ئازادی" كە بۆ ژمارە یەكم نووسیبوو كەوتبێ. دیارە هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە ناكرێ بەرانبەر باسێكی ئاوا كەرم، هەمووان دەستی باوەڕهێنان و وەرگرتنی بێ چەند و چۆن لەسەر سینگ دابنێن. هەر بەو پێیەش باوەڕ و دیتنی جۆر بە جۆر و جیاواز لە نێوان دوو قوتبی بەرانبەر بە یەك راوەستاودا دەهاتن و دەچوون: ئەمسەریان ئەو باوەڕە بوو كە ئەوی گوترا وە زۆر راستەو دەبێ رووناكبیرانی ئازادبیری كورد ئەوە رێبازیان بێت و سوور بن لەسەری. ئــەو سـەرەكەشئەو باوەڕە نەریتخوازە گەردلێنیشتووە كـەرووهەڵهێناوە بـوو كە بە هـەق و ناهەق چنگی لە هەزارو یەكبیانووی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژی گیر دەكــــردو پەلەقاژەی خۆهێلانەوەو خۆسەپاندنـــی دەكـرد.

گوت و بێژو لێكۆڵینەوەی باسێكی بێسنووری وەكوو ئازادیی بیر، لە پێش هەمـــــوو شتێكدا پێویستی بە سەكۆیەك ، بە تریبیۆنێكی ئازاد و سەربەخۆ هەیە. زۆر بەداخـەوە لە هیچ بەشێكی كوردستاندا ،ئەمڕۆ،ئەو دەرفەتە لە ئارادا نییە. واز لە وڵاتانـــــی سۆسیالیستیش هەر بێنە كە رێگە نەكبە كوردایەتییەكی بەربڵاوو سینگفراوان نادەن ، بەڵكوو كوردایەتییەك كە سەروبنیشـی پەسن و پیاهەڵدانی سۆسیالیزم بێت هەر هێنـدەی وەفدێكی عێراقی یا سووریایی یا هەر داگیركەرێكی كوردستان دەرفەت و ئەوەندەی ئـەو نەوازش و لاواندنەوە و رێزگرتنی وەبەر ناكەوێ. لە وڵاتانی دیكەی ئەورووپادا بـــــۆرە دەرفەتێك لە ئارادایە كە دەبوایە رووناكبیرانی كورد هۆشیارانە بەكاریان بهێنایە.

لەم وڵاتانەدا كۆمەڵێ كۆڤار و رۆژنامەو بڵاوكراوە دەردەچن.مخابن ئەژمارو ستاتیستیكی راست و رەوانم لەبەردەستدا نییە، بەڵام پێم وایە سەروبەری ٧٠-٨٠ كۆڤارو رۆژنامەیەك بڵاودەبنەوە، كەچـــی(ناچارم سەرلەنوێ قسەكانی پێشووم دووبارە بكەمەوە) لە هیچ كوێیەك، لە هیچ لایەك ، تاكە كۆڤارێك ، تاكە رۆژنامەیەك ، تاكە دەزگایەكـی فەرهەنگیی كوردی نییە كە سەربەست بێت و باوەڕی تەواوی بە دیموكراسی و ئازادیـــــی بیروباوەڕ هەبێت.

لێرەو لەوێ كۆڤاری فەرهەنگی دەردەچن كە بەناو سـەربەخۆن، بەڵام هەموو،هەر هەموو پەیامهەڵگری یەك بیروباوەڕو یەك رێگەو یەك چوارچێوەن. هیچیان ناوێرن راستی بێژن و نایانەوێ راستی بگوترێ. هیچیان چاویان بەرایی نادات دوو رەنگی جیاواز، دوو بیرو باوەڕی جیاواز لە تەنیشت یەكەوە هەبن و بژێن، بێ ئەوەی ئەمیان بتوانێ و مافی ئەوەی هەبێ ملی ئەوی دیكەیان هەڵبكێشێ و لەنێوی ببات.

هێندێ رووناكبیری كورد هەن كە چارەسەرێكی سەرسەلامەتانەی دیكەیان دۆزیوەتەوە ، ئەویش خۆبوواردنە لە باس و خواسی بیر، كە ئەنجامەكەی سەرداننەواندنە بۆ باوەڕ و بیرو ئایدیای سەردەست و باو. هاندەری یا پاڵپێوەنەری ئەم جۆرە هەڵوێستەش ئەوەیـە خۆ خۆشەویست بكەن و دڵی كەس لە خۆیان نەڕەنجێنن و خەڵكەكـە نەدۆڕێنـــن.

پێم وایە رووناكبیری كـورد هەرگیز نابێ خۆی بخاتە جێگەی سیاسەتمەداری كوردو نابێ وەكوو ئەو بیر بكاتەوە، چونكوو ئەركی ئەم دووانە جیاوازن، یا راستتر بیڵێم، رۆڵ و شێوەی كاركردنی ئەم دووانە جیاوازن.

سـەركردەیەكی سیاسی لە كاروبارو رەفتاریدا ناچارە بیر لە خۆرهەڵات و خۆرنشـین

chalakmuhamad@gmail.com

بکاتەوە، ناچارە وا بزانێ لە کامیابی هەڵبژاردندایە و هەول بەکار بێنێ بە قولاپی قسە و گفت و لفتی دەنگی زیاتر بۆ خۆی راو بکات.

سالی پار کە لە سوێد هەڵبژاردنی حکوومەت دەکرا، زۆر سەرنجی وردم دەدایە پیاوانی سیاسیی سوێد و سەرۆک پارتییەکان، چۆن دەپەیڤن و رەوتار دەکەن. بەڵام باشیشم لەبەر چاوە کە نووسەران و رووناکبیرانی وڵاتەکە چۆن بە شێوەیەکی دیکەو لە لایێکی دیکەوە سەرای بیرو باوەرو ئایدیا دەهەژێنن و زەوینە بۆ پێشکەوتنی فەرهەنگی خۆیان/ مرۆڤی خۆیان/ ئازادیی مرۆڤی خۆیان ئامادە دەکەن.

رووناکبیری کورد هەرگیز پێویستی بەوە نییە دەنگی زۆرتری بەربکەوێ.نابێ هەرگیز بیر لەوە بکاتەوە خەڵکێکی زۆرتر چەپڵەی بۆ لێ بدەن و نووسینەکانی بکرن و بخوێننەوە. بەڵام زۆر پێویستە راستی بڵێ.. بوێری راستی بڵێ، بەرگری لە ئازادی بکات: ئازادیی بیروباوەر، ئازادیی بیرکردنەوە، ئازادیی هەڵبژاردنی هۆشیارانە،ئازادیی بریاردان. زۆر پێویستە رۆڵی خۆی لەوەدا ببینێ کە بەرچاوی مەردم روون بکاتەوە، تا ئەو رادەیەی کە مرۆڤی کورد بتوانێ بە بەرچاوێکی روونەوە،بەو هەستەوە کە خۆی بە بەرپرسیاری نەتەوەکەی بزانێ شت هەڵبژێرێ و بریار بدات. رووناکبیری کورد ،کە خۆی بوو بە خاوەنی مێشکی خۆی، ئەرکی ئەوەی لەسەر شانە مێشکی مرۆڤەکانی دیکەش رزگار بکات و ئازاد بکات. لە چوارچێوەو کەوڵ و جخز و بەندو باو دەریان بهێنێ.

شڵەقاندنی گۆمی مەندو مەییوی بیرو فەلسەفە لە کوردستاندا ئەرکی رووناکبیری (چاوکراوەی) کوردە، ئەگەرچی ئەرکێکی هاسان نییە و رێگەی هات و نەهاتە. مێژووی بیر لە کوردستاندا گەلێ چرای رووناکی تێدا هەڵکراوە. دەبێ رووناکبیران بە ترووسکەی ئەو چرایانەی گەلێ لێیانەوە دوورن، سۆمای چاوی خۆیان زاخاو بدەن. پێ لەسەر بەردی سەخت و رەقەنی ئەو رابوردووە دابنێن بۆ دامەزراندنی داهاتووی کوردستانی ئازاد. پیاوانی وەکوو ئەحمەدی خانی، مەولانا خالیدی نەقشبەندی،مەولەوی، حاجی قادری کۆیی،مەلای گەورەی کۆیەو سەعیدی نوورسی نموونەگەلێکن دەتوانین(ودەبێ) زۆریان لێوە فێر ببین.

## ٣

سالی ١٩٨٦ یادی چل ساڵەی دامەزران و رووخانی کۆماری کوردستان لە مەهابادە. وەبیرهێنانەوەی کۆماری کوردستان،زۆر جار، دەبێتە هۆی وەجۆش هێنانی هەست و نەستی مرۆڤ. هەریەکە بە پێی بۆچوون و بیرکردنەوەی خۆی بیری لێ دەکاتەوە. هەریەکە بە گوێرەی خواستی ئەمرۆی خۆی ئەزموونی لێ هەڵدەهێنجێو دەرزی لێ وەردەگرێ.

لەیادی کۆماری کوردستاندا، هێشووەچرایەک / هێشووەچرایەکی رەنگدار لە دوورەوە چاوبرکێمان لەگەڵ دەکەن.

لە دامەزراندن و بەرێوەبردنی کۆماری کوردستاندا دوو سەرکردەی هۆشیار و بەئاوەزی گەلی کورد، دوو پێشەوای خۆشەویست و بەجەرگ و دڵسۆزی نەتەوەی کورد: قازی محەمەدو مەلا مستەفای بارزانی هاورێ و هاوکار و هاوسەنگەر بوون. ئای چەند دەرزێکی بەهێزو بە پێزە. ئای چەند یادێکی هێزاو پیرۆزە. خۆزگە، سەد خۆزگە، ئەو برا

chalakmuhamad@gmail.com

خەباتکارانەی ئەمڕۆ ئەرکی سەرۆکایەتیی ئەم بەشیا ئەو بەش ئەم پارتی یا ئەو گرۆی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کوردیان وە ئەستۆ کەوتووە بە چاوی ٣٠-٤٠ ساڵی دوای ئەمڕۆ ئەم دەرزەیان دەخوێندەوە.

بە درێژایی تەمەنی کورتی کۆماری کوردستان دەیان و سەدان رووناکبیری کورد، دەیان و سەدان ئەفسەرو جوتکار و پێشمەرگەی کورد لە پارچەی جیاوازی کوردستانەوە هاتنە مەهاباد و شان بە شانی یەک دەوڵەتی کوردیان درووست دەکردو ئازادیی خاکی کورد و مرۆڤی کوردیان دەپاراست. خۆزگە، سەد خۆزگە، ئێمەی نەوەی ئەمڕۆی کوردستان کوڕی دڵسۆژو بە ئەمەکی ئەو باوکانە بووینایە.

کە کۆماری کوردستان لێی قەوما و کلۆڵەی کەوتە لێژی، لەشکری رەش هێرشی دەهێناو لەشکری سۆر بەجێی دەهێشت. ئەوی چەپ دەستی پێشەوای بڕیبوو، ئەوی راستیش سێدارەی بۆ هەڵدەخست.

خۆزگە، سەد خۆزگە کوردە تیۆریزانەکانی ئەمڕۆ بە مێشکێکی بێگەردەوە بیریان لەو رۆژە ساردانەی مانگی دێسامبری ١٩٤٦ دەکردەوە.

خۆزگە ئامۆژگارانی ئەمڕۆ وازیان لەوە دەهێنا رووداوەکانی چل ساڵەی لەمەوبەر بە گوێرەی بیرکردنەوەی ئەمڕۆ لێک بدەنەوە.

خۆزگە مێژوو وا بخرایەتە روو، وەک خۆی چۆن رووی داوە، نەک وەکوو دەمانەوێ چۆن ببوایە.

٤

ژمارەی دووەمی مامۆستای کورد بە هەرجۆرێک بێ، وا ئامادە کراو بڵاوکرایەوە. کاری کۆڤارێکی ئاوا بۆ تاکە کەسێک، بەڵێ تاکە کەسێک، ئاسان نییە. کاری دەوێ،ماندووبوونی دەوێ، سەرێشەو چاوێشەو دڵێشەی لەدوایە.

جێگەی دڵخۆشییەکی گەورەیە کە نووسەری شاراوەو بە توانا هەن و بەرهەممان بۆ دەنێرن. چ لەم ژمارەیەدا و چ لە ژمارەکانی داهاتوودا گەلێ ناوی تازە وەبەرچاوان دەکەون. نموونەیێکی بەرچاو کاک کوردانە (بریا بە نێوی راستەقینەی خۆیەوە بڵاوی کردبایەوە). کاک کوردان بەتوانایەو بەهرەیەکی زۆری هەیە. پیاو کە چیرۆکەکەی دەخوێنێتەوە حەسەنی قزڵجیی وەبیر دێتەوە (تەمەنی ئەم هەزار ساڵ بێت).زمانەکەشی، خودا هەڵناگرێ، هەتا بڵێی خۆش و رەوان و کوردانەیە.

بۆ ژمارەی سێهەمی "مامۆستای کورد" کۆمەڵێ بەرهەممان هەیە. دەتوانم بڵێم هێندەمان گوتارو هەڵبەست و چیرۆک و لێکۆڵینەوە بۆ هاتووە، دەتوانین چوار-پێنج ژمارەیان لێ ئامادە بکەین. ئەگەر کۆسپی تەکنیکیمان نەهێتە رێ، هیواداریـن ژمارەی سێهەم پێش هاوینی ئەمساڵ بگاتە دەستی خوێنەران. دەی سا بەو هیوایە.

سۆللەنتونا ١٩٨٦/٢/١٦

chalakmuhamad@gmail.com

## خاتیمەی شەو

کوڕە کوردێکی زیرو ئازادە
کەوتە داوی نەیار و زیندانی

کەمە بۆ ئەو ئەدارە سووچی بەند
کە خەمی نیشتیمانە تاوانی

زەجرو ئەشکنجە کەوتە رووح ولەش
تا بڕووخێ قەڵاتی ئیمانی

(تا لە رووناکی وەر بگێڕێ روو
تا بدا پاڵ وە پاڵی شەیتانی)

لاوی سوور و بە هیممەت و گەشبین
ئەمە بوو تاقە ویردی ئەزمانی:

ئاوەزێڕی گزنگە دوندی چیا
وا سەحەر خاتیمەی بە شەو هانی.

### بارێزە

ئەدارە سووچ : سووچی ئەدار .
ئاوە زێڕ : هەر شتێکی بە زێڕ رووکێش کرابێ .

chalakmuhamad@gmail.com

# وڕێنە

بۆ شەهید ڕەحیم قادری ، یاری بەوەفای زەحمەتکێشانی کوردوستان . بۆ کەسێک کە هەموو هان و هەناسەکەی بۆ گەل دەکار کرد.

ک ـ د ـ کوردان

ـ دەڵێم گورج بە خۆ خڕکەوە با بارکەین بڕۆین ! ساوە ساوەکەی تۆ جەرگی بڕیم هەتا کەنگێ نابزووی ! مەگە نابینی خاڵە بەکرە ، مام یاسین ، خدر چاوشین و هەرچی دەرو جیرانی دە دێنە هەواریان کێچی هەڵێناوە و دەڕۆن ؟! تۆی سەربەهەشی مل بەکوێن ملت بەکەندەوە ناوە و نازانی چەندی ساڵە . هەموو شێخ و مەلای دەگۆڕەمەڕانم سەربڕیبێ نەبزوی دەستی " فاشێ " پڕ دەدەمێ و دەڕۆم . ئەتۆش جەهەندەمت پێ ڕبێ: ئەوەندە لەبەردەرکی ئاشەکەت هەڵ تووتەکێ هەتا کۆرەکەو چەقەنەو بەرداشی سەدپشت ئەولا ترت دەخەون دێن .... ماڵ کاول ، قەتخێر و خۆشیم لەدەراوی دەدونیایە نەدی . سەحەت و حەسانەوەم ، خشڵ و زێڕو زەمبەرانم " نالە " بوو . ئەوە "نالە" شت لەدەست ئەستاندم و نەبزوتی بەرازی دێوی درنج .... هەی ڕۆ ، ڕۆڵە ڕۆ ... هەی ڕۆ " نالە " ڕۆ .... دەک کوێر بم " نالە " کەڵی کۆتان ڕۆ .... دەست بەگۆچان و شەو بەکاروان ڕۆ ... حۆ حۆی بەرجووت و تەرەی توتنان ڕۆ .... جەرگیان سوتاندم ، جەرگیان هەڵقرچێ . ماڵیان وێران کردم ، دەرکیان بەقوڕ گیرێ . ڕەببی بەدەستەم بن .... هەی ڕۆ .... ڕۆڵە ....

ـ کچێ بەسیەتی ئافرەت ! بەسە . لەدینت وەرگەڕاندم بێ دین بەبە . ڕۆژ نی یە مەزاقم پێ نەگری و وەک پەڕەی ئاش هەڵم نەسووڕێتی . بابان وێران خۆ هەرئێمە کوڕمان لەکیس نەچووە . حەفتا و حەوت هەزار دێ و ئاوەدانی دونیا ، لەبەری میرگانەوە هەتا دەگاتە موکریان هەمووی کوڕ کوژراو و کەس نەماو هاتنە دەر ، کەچی کەس وەک تۆ قوڕ بەسەر ناپێوێ . هێستا بۆچی هەردووک پێت لێ دەکەوشێک کردووم و تێزە تێزی بارکردنت لێ داناومەوە ؟ کێ بەسەرە بەهاری شێستە باران باری کردووە من بی کەم ! هەوای گەرمێن لەکەللەت دەرهاوێژە ، زێ کوولاوکوول هەستاوە و بوار بەگامیش نادا . یەکسمەکانمان تێدا دەچن . لەگەرمێنیش هەرشەڕو هەرایە و عاسمانەکە هەرلەیەک ڕەنگە ، بۆچی دەم بزێوی ؟ .... بۆ دەستم لەئاشەکە دەکەیتەوە ؟ بۆچ پێی ناشوکری ؟ هەر ئەو پیرە ئاشە بابەو بابی نان داوم ، دەبێ بەنەوەی نەوەکەشم بگا . دەستی لێ هەڵناگرم نا. لەیەخەم بەوە بەسیەتی بەهەندە ، بەس !

chalakmuhamad@gmail.com

ـ کووڕە قەت کەس نەماوێ هەر شینم بەفر بایە چۆن شین نەگێڕم ؟ .... " نالە"م کۆچانی دەستی پیریم بوو . بڕ برەی پشت و سۆمای دیدەم بوو . چەندەم پێ گوتی با بارکەین برۆین . ڕێ ی " سەردەشت " ت لێ بوو بە پردەکەی قیامەت ،پردت بڕوخێ.

ئەوەتا سۆفی سمایل بەتەمەنی فاتێ کچم باری کرد و لەو کاول بووە ڕۆیشت . سۆفی بەسەرو سیمایەک فەحلەیی کرد . زێڕن قەرەواشی و کارداری ماڵی " سەردەشت " یانی کردو نەتوانەوە . " شێخە" و " فەرخە " یان پێ گەیاندن . پار ئەوان مەجالان بەر لەشەڕەکەی بەر بریسوێ ی حەجەمۆکان ، " شێخەت " ت دیت هاتەوە سەردانی ماڵی خاڵان؟!

چاو لەدیتنی دەست و پەلی سپی و ناسکی ، لەدیتنی سەرو کاکۆڵ و بەرگ و پێڵاوی تێر نەدەبوو . زارو کەلیمەی شەکرە سێو بوون و کوفت و لوفتی زێڕو زەمبەر . ڕەنج و میعنەتی دە زێڕ نۆک و سمایلۆکان بەفیڕۆ نەچوون . " شێخە " مەحەلیمەو" فەرخە " ئیدارە جاتە ، ئاشەرمیان لێ دەکا . دەبڕۆدەی ! ئەتۆش با کاولاشەکەت نەرمە قەتا ڕۆکانت بۆ هەڵدێرێ و ببێتە زەنگۆڵەی تابووتەکەت . حەفتا هەزار ساڵی لە پەنای هەڵتووتەکێ ی بەقەدەرایە مانگێکی داهاتی سۆفی سمایلت باخەڵان هەڵنامسێنێ . سۆفی سمایل و زێڕینی ژنی ئاغاو خانمن و هەتا هەتایە حەسانەوە . ئەوەی خودا حەز بکا لە قەڵاو باڵەخانەو دیوەخان و فەرش و مافورانەوە بگرە هەتا دەگاتە دانەوێڵەو تامو دەغڵ و زمهەر ، بەپێ ی فیلان هەیانە . حەمام و بازاڕ و دووکانان دەچن . ئار و مەملەکەتان دەخولێنەوە . دارا و خارایان دەپۆشن و نەمەرمای ئەستان دەیان شێوێنێو نەگەرمای جۆزەردان دەیان ئەمزێنێ . لێیان مەمبارەک بێ کەدەستی ماندوو لەسەر زکی تێرە . ئەتووش هەر دانیشە حەمەشین . بەزستان لەپەنا سۆبەی مزگەوت چلم گرمووڵە بکەو بەهاوین لەبەر بێڵای ئاشەکەت بە هەویای قەتارە گوێدرێژی بار ئاش لەکۆڵ ، وێژینگان بدە .... بەسە چیدی پشت بەو ئاشە کۆڕەگە فیزاوەت مەبەستە . هەمزئاغا ئاشی بەرقی لەسەر جادە داناوە . دەڵێن دەغڵی ئەو نێوە نێوەی بەرگەی لوورفانێکی ناگرن . بەشی ئاشە هەزارەکەی ئێمە مانان گورگەو زیزانەش نامێنێتەوە . چەندم پێ گوتی و چەندم بەرۆکبو دادڕی ، نەتکرد ، کەنەتکرد • ڕۆژی جومحە لەسەر کانیە کە بیستم هەمز ئاغا ئاشی داناوە ، قرچەم لەپشتی هات و ئەژنۆم شکا . مەرگی"نالە"م دیسان بەچاو دیتەوە . چاوەکانم بۆت کوێر بن حەمەشین . جا ئەوە چ بکەین و چ بکرێنین ؟ .... نان و دۆن برا . لەوەی پاش چۆن دەر بەرین ؟ لالاییم کاتێ حەمەشین..

ـ ئافرەت بەسە ! بەسە هەناوی منی ماڵ کاول پڕ لەدەرد و زووخاوە . دەستەکەم بە دامێنت دەست دەدڵم مەنێ کە دڵم زۆر بەزانە ...." نالە" م چوو ، ئەوە ئاشەکەشم دەچێ. دەستە وەستان دەمێنمەوە .... دەک گەردوون چەرخت لەگەڕ بڕەوێتەوە بە پیری

chalakmuhamad@gmail.com

چ پەندێکم بەسەر دێنی . خۆ من بێجگە لە ئاش وەستایەتی و ئاشەوانی رێ بەچ کاروکر کارێکی دیکە دا نابەم. ناڵە " شم چوو کەبەکرێ باری بۆم بچێتە کاروانی دەگەرمێنێ . ئەیتان دەڵێ ئەوێک خۆ بە ئاشی هەمزئاغا دا بکەم و بەتەنەکەیەک نەوت بۆی بکەم بە زووخاڵ ... مل هوڕ لە کەریش بکەوێ لە کورتان ناکەوێ . هەمز ئاغا لە ئاغا دێ یەتی کەوت کەچی بوو بەئاغای شار . شاشان و گوڵێ ی کچی بوون بە مەحەلیم ، دوازدە کوڕی سێ بەرە ژنانی دوازدە دەولەتیان بەدەستە . بۆخۆی دەڵێ ی پیرە لۆتیەو بەترۆمبیلە سوورەی رێ ی ورمێ و سابڵاغ و سەردەشتان بەکفلەکوونێک دەپێوێ . کەس نازانێ منداڵی ئەوێ سەت توخمانە بۆ ئەوەندە زوو هەڵدەدەن . هەردەڵێ ی بەگوێ یا-نیان هەڵدەکێشن . شاشان چڵمنی کچی لەتەمەن فاتێ ی من دایە . ئەوە ئەو بۆتە مەحەلیم و فاتێ ی من دەستی راست و چەپی لێک ناکاتەوە ، کەچی ماڵی حەیز لاخوراویش تێ یان هەڵپێچاوم پاش جۆزەردان دەی گوێزنەوە .... ئای کە چەند چارە ڕەشم ....

ـ کوێراییم گاتێ رۆڵە " ناڵە " .... نەم دیتی بەزاوابەندی .... " فاتێ " لەسەر پشتی لانک بوو دای بەژن . دایکەکەت کوێربێ کوڕم ، لەکاروان نەگەڕابوویەوە دەس گیرانە کوێن لەبەرەکەت رەدووکەوت ..... ئەدی حەمەشین ئەمەش بۆ ئەوێ دەردەیان بەسەر نەهێنین ؟! خودا هەڵ ناگرێ " فاتێ " ی شۆخ و ئەنگیان هەروا لەمستکەین. وەتمانە چرچی حەیز لاخوراوی قابیلی " فاتێ "ی من نی یە .

ـ ئافرەت بەسیەتی دەست هەڵگرە .... بزانە ئەوێ ئەتکەشم پێ ناکەی ! چاردە ساڵە کچمان پێک گۆڕیوەتەوە و بووینەتە خزم و هاوپشت . بووکی من رەدووکەوت ئەش هەزار تومەنم خوێن هەستاند .... " فاتێ "ت رەدوو خەی ، خوێن بە حەیز لاخوراو دەبڕێ . شتە فرۆشتووتە لەسەری مەڕۆ . کێ دەتوانێ بەمن بڵێ باری کەرە بۆزت قورسە! ماڵی خۆمەو قورسی بار دەکەم ، کەری خۆمەو گوێی ناڵ دەکەم ....

ـ ئەی ڕۆ سەرشین خڕکەوە " مامۆستا " هات .

........................................................................................................

ـ مامە حەمە دەگەڵ بارانی دوێنێ چۆن دەرچووی . دڵۆپەو مڵۆپەت هەبوون ؟

ـ سەری تۆ سەلامەت مامۆستا . فەقیرو بێ دڵۆپە ! دۆعام بۆ بکە بەسەرم دانەتەپێ، پەکم بە دڵۆپە ناکەوێ .... چرکەی دڵۆپەش گەلێک لەپرتەو مینگەی دەژنی ماڵێ خۆش هەوا ترن مامۆستا !

ـ مینگەت لەسەر دەکەن مامە حەمە ؟ زۆر سەیرە ! خۆ پوورە " بەڵکیس "ئافرەتێکی

chalakmuhamad@gmail.com

هێدی و لەسەرە خۆیە . رەنگە بۆخۆت توونده تەبیاتیت کردبێ مامە ، دەنا پورم وەک هەموو ئافرەتەکانی کوردەواری جەفا کێش و بێ ئات و شووتە. راستی یەکەت بوێ ئێمە ین بە هێندیان ناگرین و بەنا-سوپاسی دەگەڵیان دەبزوینەوە.

- مامۆستا گیان هەموومان جەفاکێشین .... کەس هەیە پاڵ بداتەوە و لەکولانە بۆی دابباری ؟ هەمووامان دەبێ تێ رۆبیین دەنا فاقمان لێ دەبڕێ . جا هەر کەسە بە قەدەرایە توانا و دەست و مستەکەی خۆی .... باب و باپیرانم هەر ئاش وەستا و ئاشەوان بوون و منیش هەر ئاشەوانم .... بەڵکیس پەڵپی لێ گرتووم و دەڵێ دایێم مرێ و بابم مرێ هەردەبێ بارکەی و کارو کسبەکەت بەجێ هێڵی .... ئاخر مامۆستا شەرعن بکە بزانم ، من چی و گەرمێن چی ؟ ئەمن هەتا دەگەمە مووچەکەی بەرئاشان ، کەرە بۆزم سێ جاران لە قورە زەلەق دا دەوەستێ ، نە خوازا بۆ گەرمێن ، هەی هوو ....

- پوورە بەڵکیس ، کەڵکەڵەی بار کردن لەدڵت نەدا . خۆ ئێوە خاڵە بەکر و مام یاسین و خلە چاوشین نین . ئەوان دارا و تەسەل و خاوەن دەست و پێ حەشیمەتن ئەنگۆ چی ؟ ! ئەوان لەبەر تێدا نەچوونی ماڵ و سامان ،گران باران باردەکەن و رادەگوێزنە جێ ی ئەهوەن ، ئەتۆ چی ؟ ! ئەوان رەز و دێ بەرو موچەو گاجووتان بەکورو کورەزایان دەسپێرن و کۆچ دەکەن ، ئەتۆ کۆنە ئاشەکەت بەکێ دەسپێری ... نە، نە ، نەکەی دادە گیان . ئێمە مانان لەحەوت ئاسمانان بەتاق ئەستێرە شک نابەین کە گەرمێن و کوێستانی بۆ بکەین . لە ترسی چی فینار بم ؟ ترۆمبیلم هەیە ؟ زێرو زەمبەرانم هەنە ؟ نەغدینەم بەلێشاوە ؟ چی !!.... چ شک دەبەم کە دەربازی کەم ؟ .... ناوەڵلا بادوژمن و دارو دەستەی بێن و کەللە لە کەللەم دەن ، بزانم بەئەوان دەبڕێ یان بەفەقیرو رەبەنێکی ئێمە مانان ئاباییی ؟ ! .

- کورە مەلا حەلی گیان دەبەر حیلەکەت مرم .... دەبەر ئەوێ مەندیلێت مرم ....حەجەمە رەشکە دوژمنی دوژمن ... چیان بە سەر قارن و قەڵاتان هێنا ئەوەش بەسەر مە دێنن .... دەک کوێر بم خوشکێ بۆ ئەوی ماڵ و حاڵی دەرەنگینت کە چۆن تێدا چوو .... کورە مەلا گیان " بەس " ی خوشکم پار ئەو مەحلان لە کلاجانێ باریان کردبوونە قارنەیی . مانگێک تێ وەر نەبوورا حەجەم هات و سەری برین .... دەک زەلیل بن روحمیان بە " فاروق " ی دەباواش نەکرد...

- پوور " بەڵکیس " بۆ هەر حەجەم حەجەمتە ، کوردی کورد کوژت کەمن کە بەگژ حەجەمۆک دادەچێ ؟ ! چەلێ حەجەم لەدەشتی"ورمێ" هەوراز نەهاتبوو کە جلە و

chalakmuhamad@gmail.com

کێشی کورد ، رجەی رێ ی بۆ شکاندن . هەر هێستاکەش لە ئالانەوە بگرە هەتا دەگا-
تە دەشتی سندووس و موکریان ، لەو نێوە نێوە پەپاغ بەسەری تێدا نابیندرێ ،
بەڵام شەڕی خۆ بە خۆ کێ دەی کا .... " نالە " ی کوڕت ئاگادار لە هیچ لا لەنێو
جەرگەیکوردی خۆماڵی ، بەتیری بەرێک جەرگی برا .... نازانم بارگەت بۆ کو-
ێندەرێ تێک دەنێ ی ؟ ئەگەر بەنیازی سەفەری گەرمێنی ، لای لێ لادە کەلەوێندەر-
ێش هەر کوردە سەری کورد دەخوا ... ئەگەر لە ئاوەدانیەکەی دەخۆن ، دەگەڵ
یەک بچا رێین و بۆیەکتر خزم و برازا و کاک سین ، کەس دەرۆستن نایە ، وانی یە
مامە حەمە ؟

- هەربۆخۆت رێ بە هەموو لایەک دەزانی بەقوربان . دوازدە عیلمی و سەر لە
عەرش و قورشان دەردەکەی .

- کوڕە مامە حەمە دوازدە عیلم و عەرش و قورشی چی ؟ ئەوانە هەموو کای کۆنن.
بڕوات بێ بەهەموو عیلمەکەم کە چاردە ساڵێک شەو نوخونیم بۆکێشاوە ، بزمارە
کۆڵەیەکی پێ راست نابێتەوە . بەهەموو خەڵات و بەرات و سەر چاک کردنەوەی چوا
ر وەرزانم شێ ی نابێ کە دەس کیرانەکەم بکوێژمەوە ... جا ئەوە عیلمە ؟ !..
دارتاش بام هیچ نەبا کەلێنی دەرگاکەی خۆم دەگرت و جیڕەی ویشکم لە ڕەسمە
و کاڵەی دەبڕی ....

مامە حەمە گیان هاتبوم پێت رابگەیەنم شەو لەمزگەوت کۆ بوونەوەمان هەیە ، پا
ش شێوەکەت وەرە . لەزمانی منەوە بەخاڵە باسیش بڵێ .

- خێر بێ یاخودا . چ باسە ؟ کێ هەیان دەنگیان داوە ؟ خۆ کەس شەهید
نەبووە ؟ !

- نەء خاڵە حەمە چ باس نی یە . رێبوارێکی سەڵتەم میوانە . ماموستایەکی
خەڵکی یەو بەنیازە کوڕو کچانی دێ یەکەمان دەرس دادا . لەنانەزگی بەولاوە چا
وی هیچ چاوە دێری و خەڵات و بەراتێکی لێمان نی یە . کوڕێکی یەکجار هێدی
و ژیرو بەدڵ و دەروونە . شەو دێ ی و دەی بینی .

- تۆ خودا مەلا حەلی گیان شەوێ جەڕی بڵێندکۆی مزگەوتن لە بۆ بادە با ئەمەش
کوێن لێ بێ

- بەسەر چاو پوور بەلکیس ، بەچاوان .

(........................................................................)

- کەسی کاکی دا پەنجەرەکان بکەنەوە ، حەشیمەت زۆرەو لەبەر دووکەڵی جغارە
ئەو سەر ئەوسەری ژووری مزگەوت نابیندرێ ...

chalakmuhamad@gmail.com

ـ بەڵێ بەسەر چاو مەلا حەلی ....

ـ کەسی کاکینە گوێ بگرن ، کەس دەنگ نەکا . ئەو برادەرەی کە لەپەنای مــن لەبەر میحرابەکە دانیشتووە ، کوڕێکی شارەیی یەو میوانتانە . بەنیازە بەڕۆژ منداڵەکان وەبەئەویش کورە جحێڵەکانتان دەرس دادا . وەرن ئەنگۆش پیاوانــــە قۆڵی لێ هەڵماڵن لەو کارە خێرەدا یاریکاری بــن ....

ـ مامۆستا ئەو برادەرە سەر بەکوێ یــە ؟

ـ چاوەکانم ئەوەتا لەخۆی بپرســن ... ئەری براڵە سەر بەکوێ ی ؟ دا وڵامــــی بدەوە .

ـ برایانم ! پێشەکی دەم هەویست دەگەڵ ڕێز لێ نان و ئەوباش لێ کردنتـــان ، خۆمتان پێ بناسینم و ئەو جار هۆی هاتن و مەبەست لە دانانی خوێندنگەیەکــــی ئازادی بێ لایەن لەهەر چەشنە تاقمێکتان پێ رابگەیەنم .... ناوم " رەحیـــم "ە . ئۆگرو ئەویندارى روون کردنەوەی جەماوەرانی گەلم . سەر بەگەل و نیشتمانــم . سەر لەرێ ی نووکی پێنووس و زانست و راهێنانم . چاوم لە پانی پەت و داوی نەزانینــە . وەلێم یەقینە هەتا مادام تاریکی ئەنگوستە چاوی نەزانین لەسەر ئاسۆکی گەل وەلا نەچێ هەرچی بیرو باوەڕەی لە قاڵب دراوە ، تەواوی بە سووکە شنەیەک دەکەونە بەر شەپۆلی شێواوی .....

ـ کاکی میوان ، ئەهوەن تر برۆ . باسی بیرو باوەڕ مەکە،کە چەکی شانی مــــن پاریزگاری بیرو باوەڕە .

ـ کاکی پێشمەرگە ، بیرو باوەڕ ئەگەر بیرو باوەڕ بێ نەدیواری پۆڵایی بـــەری پێ دەگرێ و نەلەبۆ پاراستنیش تیرو شیری گەرەکە ....

ـ هەر پاریزگارانی شۆرش بۆیان هەیە خوێندنگەی شۆڕش بکەنەوە . مەگەر نابینی گوندێکی بچووک دوو فێرگەی لێ کراوەتەوە ؟ تۆش ئەگەر دەرس ویژی ، دەبــــێ سەر بە بەرێک بی . دەنا گوندێکی چواردە ماڵی دوو خوێندنگە و چەند سۆرەو تـۆ ـ رەش هەڵناگرێ .

ـ راستە براکەم . خەڵک لەگرێژەنە بردن و بەش بەش کردن ناجایزە . بەڵام دە ـ رس و خوێندنێک کە هەر بۆ چاووکوێ کردنەوەو راهێنان ونا ساندنی هەست و نیستی دەورو بەرو دوورو نێزیکە ، هەر یەکەو هەر بەتەنیا قوتابخانەیەکی گەرەکە نەک دوو . مامۆستایەکی پێویستە نەک دوو . یەک کەرەسەو ئامراز و تفاقی دەوێنەک چەند . بەڵام بۆ ئەم نیازە کەخەڵک بگرێتە قوڕ و هەرکەس بەقاڵبی خۆی خشتی لــێ ببێژێ ، وەڵڵا رەوایــە هەردەست و مستەی بۆی بێتــە هەرەوەزان . جا مەگەر رۆژێک دابێ و گریمانەی سەبرو قنیاتی خەڵک پەتەقێتەوە و هەرچی قاڵبە لەبەر یەکـــی

chalakmuhamad@gmail.com

بەرن ....

ـ ئەوقسانە بۆ دەمو زاری تۆ نەھاتوون . شۆڕای ھەڵبژاردراوی خەڵکی ئاوایی ڕێ ی ئەم وڕێنە ناڵە بارانە دەکرن . کاک حەمە ڕەحیم ھەر ئەو ئەو میوانی ئاوەدانی ئێمەی ... ئەو ئەویش لەماڵی مەلا ناخەوێ . دێیتە مزگەوت .

ـ کەسی کاکی ئەوە دوور لە پیاوەتی و کوردایەتی یە . ڕەحیم میوانی منە . کەس ناتوانێ میوان لەماڵی کەس دەرکا . ئەوە غەدرە لەمنی دەکەن ....

ـ مەلا ، کوێ بدەیتە سەرۆکی شۆڕای ئاوەدانی بەقازانجە . بڕیار دراوە سەڵتەو ڕێبواری نەناسراو لەژێر چاوەدێری شۆڕا دابێ .

ـ ئەمن ئەو قازانجەم ناوێ . بەشی من ھەر بەکەم بێ . ئەوە ڕێبوارو سەڵتەی نەناسراو نی یە . ئەوە کوڕێکی دڵ و دەروون خاوێنی شارەیی یە و خۆی لەپێناو راھێنانی خەڵک فیدا دەکا .

ـ چ قەیدی نی یە ماموستا . مزگەوتیش ماڵی خەڵکە . من بەئەوەش دەچارێم . بەڵام چەند خۆشە خەڵک ئەوەندە ووشیار ببنەوە کەبزانن جڵەوکێشی کاروان کێیە .

( ............................................................. )

ـ بۆکوێم دەبەن ؟ سووچ و تاوانم چییە ؟ بۆھەر جێ یەک بم بەن و ھەرچیم بەسەر بێنن ھەردەڵێم : شعوورو لێ زانی خەڵک بە چەک و چۆڵ بەرز نابێتەوە . شعوری خەڵک ، ڕیشەی لەتەرکی ژیانی ئابووری ئەودایە . ملۆزمی گیان و جەستەی گەلانی ژێر دەستە نەزانینە . ھەتا سەر چاوەی فامی خەڵک لێخنا و بێ ، ھەتا مشووری خەڵک بڕ نەکا ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری یەکەی چەند نزمە و چۆنە نزمە ، ھەتا بیرو باوەڕ نەبێتە ڕێبەرو پێشەوای خەڵک ، چەک نەخشی تێڵای دەستی گاوانی ھەیە .

( ............................................................. )

ـ خاڵە حەمە بارەبەرەکانت جل کە ، کۆچم وەپێش کۆچی پورە بەڵکیس کەوت .

ـ ئەتۆ بۆکوێ ماموستا عەلی ؟

ـ کوردەکە دەی گووت : " پوولی دەدەم مەلای لە مزگەوت دەر دەکەم " ھێستاش سەد داخ بەجەرگم زۆرە ملی جەماعەتان جێ بەزۆر کەسان لێژ دەکا . ھەر کەس نەی ھەوێ قوڕی نێو قاڵبەکانیان بێ لەنێو خەڵکی دەبێ لاچێ. سەرھەڵنەگرم عەیب داردەبم ....

chalakmuhamad@gmail.com

# ئەو کەڵەشێرەی خۆی فێری هێلکە کردن کرد

چیرۆکێکی یۆگوسلاڤییە ، کێرد مان و ئان ڤینەشیلد لە نەرویجییەوە کردوویانە بە سوێدی و بەختیار ئەمین و ئەمجەد شاکەلی لە سوێدییەوە وەریانگێڕاوە .



جارێک لە جاران ، لە گوندێکی دوور ، زۆر دوور ، پیرەمێردێک و پیرێژنێک دەژیان .

پیرەمێردەکەیان کەڵەبابێکی هەبوو .

پیرێژنەکەش مریشکێکی هەبوو . مریشکەکە هەموو رۆژێ هێلکەیەکی دەکرد .

رۆژێکیان پیرەمێردەکە گوتی :

دایە گیان ! جووتێ هێلکەم وێ دە .

دایکەش گوتی : نە ، تۆ کەڵەبابی خۆت هەیە . تۆ دەبێ فێری بکەی هێلکەت بۆ بکات .



پیرەمێردەکە چووە لای کەڵەشێرەکەوەو گوتی :

دەبێ خۆت فێری هێلکەکردن بکەی ، ئەگەرنا دەتکوژم .

کەڵەشێرەکە لە وەرامدا گوتی :

دەنا لێ گەڕێ با بە دنیادا بگەڕێم .

بەڵێ کەڵەشێرەکە ملی رێگەی گرت و رۆیشت . بەنێو گوندەکەدا دەوی و خۆی کرد بە دارستانەکەداو تووشی رێوییەک هات .



رێوییەکە پرسی : کێوە دەچی ؟

کەڵەباب گوتی : دەچمە بارەگای قراڵی بۆ وەی خۆ فێری هێلکەکردن بکەم .

رۆڤی گوتی : کەڵەشێر ئەمنیش وەدووت دەکەوم .

کەڵەشێر گوتی : ئەگەر شەکەت نابی خەم ناکا ، چونکو رێگا مان دوورە .

رۆڤی لە وەرامدا گوتی : ئای لەوە خۆ منیش هێندەی تۆ دکارم برۆم .

chalakmuhamad@gmail.com

پاش ماوەیەک رۆیشتن مام رێوی گوتی : کەڵەباب ، ئا ئێستا شەکەتم!



کەڵەباب گوتی : وەرە ژێر باڵمەوە با هەڵتکرم .

رێوییەکە ئەمەی لا خۆشبوو و چووە ژێر باڵی کەڵەشێرەکەوەو وەڕێ کەوتن .

دوای ماوەیەک گورگێکیان هاتە پێش . گورگە پرسی :

کەڵەباب ، بۆ کوێ دەچی ؟

کەڵەباب گوتی : دەچمە بارەگای پاشای بۆ وەی خۆ فێری هێلکەکردن بکەم .

گورگە گوتی : کەواتە منیش لەگەڵت دێم .

کەڵەشێر گوتی : رێمان دوورە گەر ماندوو نابیت!

گورگە لە وەرامدا گوتی : حەو ، دەی خۆ منی چوار پێ هەر هێندەی تۆی دوو پێ دەتوانم برۆم .

کەڵەشێر گوتی : دەباشە وەرە .

پاش تاوێک رۆیشتن ، گورگە گوتی : کەڵەشێر نهە ماندووم .

کەڵەشێر گوتی : وەرە ژێر باڵمەوە هەڵتدەگرم .

گورگەش بە گوێی کرد.

کەڵەشێر دەڕۆیشت ، رێوی لە بن باڵێکیدا و گورگیش دەبن باڵەکەی دی دا بوو .

پاش ماوەیەکی دوور گوندەیەکی پڕ لە ئاویان تووش بوو ، کە وەسەر رێگاکەدا خلۆر دەبووەوە . پاشان راوەستاو پرسی : کەڵەشێر ئۆغربێ ؟



کەڵەشێر گوتی : بەرەو بارەگای پاشا دەچم بۆ وەی خۆ فێری هێلکەکردن بکەم .

گوندەش گوتی : ئەمنیش لەگەڵت دێم .

کەڵەشێر گوتی : زۆرمان پێ دەچێ گەر ماندوو نابیت فەرموو .

گوندە گوتی : سا منیش هێندەی تۆم پێ دەکرێ . من هێندەم بەسە خۆم خل بکەمەوە .

کەڵەشێر گوتی : دەسا فەرموو .

هەر رۆیشتن و رۆیشتن تاکو گوندە ووتی : کەڵەشێر هەنووکە ماندووم .

کەڵەشێر گوتی : وەرە سەر پشتم با هەڵتکرم.

کەڵەشێر بە رێ کەوت ، رێوی لەبن باڵێکی دا و گورگەش لەبن ئەو باڵەکەی دا و گوندەش بەسەر پشتییەوە .

chalakmuhamad@gmail.com

پاش تۆزێک پووره هەنگیان هاتە پێش . هەنگەکان پرسیاریان کرد :



ئەڕای کوره چن ؟

کەڵەباب گوتی : زۆرمان لەبەره گەر شەکەت نابن .

هەنگەکان لە وەرامدا گوتیان : ئێمەش هێندەی تۆ دکارین .

تۆ بە پێیان دەڕۆیت بەڵام ئێمە باڵدارین و دەفڕین .

کەڵەشێر گوتی : دەیاڵڵا وەرن .

کەڵەشێر دەڕۆیشت و هەر دەڕۆیشت ، لە دواییدا هەنگەکان گوتیان :

نوهە ئەم ماندووین .

کەڵەشێر گوتی : وەرنە ژێر پەڕەکانمەوە بەخۆم هەڵتان دەگرم .

هەنگەکان بەگوێی کەڵەشێریان کردو کەڵەشێر بە ڕێوی لەم بن باڵیداو



گورگیش لەو بن باڵیداو کوندەش وەسەر پشتەوەو هەنگان بەژێر پەڕەوە

ملی ڕێگای گرتبووە بەر ، تا گەیشتە کۆشکی پاشا .

لەبەر دەروازەی کۆشکەکەدا ڕاوەستاو کەوتە باڵە تەپێ و قیراندی .

ئو ئوئو ئو ! وا من لە بارەگای پاشادام ، سا خۆشی بێ و ترشی بێ

لۆی دەخوێنم .

پاشا کە ئەمەی ژنەفت ، سەری لە پەنجەرەکەوە دەرهێناو بە تووڕەیی‌یەوە

قیراندی : چەند کەڵەبابێکی نارەسەنە ! فڕێی دەنە بەر قەلەکان با بیتۆپێنن .

سەربازەکان کەڵەبابیان توورِ دایە بەر قەلەکان ، لێ کەڵەباب

ڕێوییەکەی ژێر باڵی ڕاستی بەرداو مام ڕێویش قەلگەلەکەی

قرکرد .



دیسان کەڵەشێر ڕای کردەوە بەر دەروازەی کۆشکەکەو قیراندی :

ئو ئو ئو ! هەنوکە هاتومەتە کن تەختی پاشای . بیەوێ و نەیەوێ

هەر بۆی دەخوێنم .

پاشا ئەمەی بیست و ئەم جارەیان تووڕەتر بوو و قیراندی :

ئەم کەڵەشێرە چەمووشە بگرن و بیهاوێژنە بەر هەسپەکان .

بۆ ئەوەی وەژێر پێ لەقەی بخەن .

سەربازەکان کەڵەشێرەکەیان گرت و هاویشتیانە بەر هەسپەکانی پاشا .

ئەوجا کەڵەشێر گورگەکەی بن باڵی چەپی بەرداو

گورگەکەش تەواوی هەسپەکانی خوارد .

بۆ جاری سێیەم کەڵەشێرەکە ڕای کردەوە بەر دەروازەی

کۆشک و قیراندی : ئو ئو ئو ! وا هاتوومەتە بەر دەرکەی پاشا .

chalakmuhamad@gmail.com

دەمەوێ بۆ پاشای بخوێنم ، پێی خۆش بێ و پێی ناخۆش بێ هەر بۆی دەخوێنم .
ئەم جارەیان پاشا هێندە تووڕە بوو ، لەسەر پێ یان خۆی پێ رانەدەگیرا .
هەڵدەبەزی و دادەبەزی و دەیقیژاند :
ئەم کەڵەشێرە لەحنەتییە بگرن و بیهاوێنە ئاگرەوە تا بەتەواوی بسووتێ .
سەربازەکان ئێزنگیان کۆ کردەوەو ئاگرێکی مەزنیان کردەوەو
پیرە کەڵەبابیان تێ هاویشت .



وەلێ کەڵەشێر کوندە ئاوی سەرپشتی بەردایەوەو کوندەش ئاوەکەی
پرژاند بەسەر ئاگرەکەدا و خامۆشی کردەوە .
هەمدیس کەڵەشێر رای کردەوە بەر دەروازەی کۆشکەکەو قیراندی :
ئو ئو ئو ! ئێستا هاتوومەتە لای تەختی پاشای . بە خوڵای
حەز بکات و نەکات هەر بۆی دەڵێم .
کاتێ پاشا دەنگی کەڵەبابی بیستەوە هەر بەجارێ کەللەیی بوو و قیراندی :
ئەو کەڵەشێرە بێفەڕەم بۆ بێنن بۆ ئەوەی بەدەستی خۆم بیکوژم !
سەربازەکان کەڵەشێرەکەیان گرت و بردیانە کۆشکەوەو تا بەر تەختی
پاشا لێی نەوەستان و ئەو پاشا کەپ و قەڵەوو ورگنە سواری سەرپشتی بوو.
لێ کەڵەباب نەیکردە نامەردی خۆی راوەشاندو هەنگەکان لەژێر پەڕەکانیەوە
دەرپەڕین و بە قنگی پاشاوە نووسان و پێوەیان دا .
پاشا هەر ئەوەندەی پێ کرا بەپەلە راپەڕێ و بقیرێنێ :
کەڵەشێر ، تۆ کە لە قەلەموونگەل و هەسپکەل و ئاگر خورتتری و
تەنانەت تۆ دکاریت پاشایش بریندار بکەیت چت دەوێ وێت دەم بۆ ئەوەی
لە کۆڵم ببیەوەو ملت بشکێنێ ؟
کەڵەشێر گوتی : دینارێکی زێڕینم دەوێ لە بری هەر پەڕێکی لەشم .
پاشاش نەیکردە نامەردی لە بری هەر پەڕێکی لەشی کەڵەبابەکە
دینارێکی زێڕینی پێ بەخشی .
پاشان کەڵەشێرو رێوی و گورگ و کوندەو هەنگەکان ملی رێیان گرت و
هەر کەس بەرەو ماڵی خۆی گەڕایەوە .
کەڵەشێرەکە گەڕایەوە بۆ کوندە بچووکەکەو خۆی کرد بە ماڵی پیرەمێردەکەدا و
قووقاندی : ئو ئو ئو ئو ئو ئو . نوکە ئەز فێری هێلکەکردن بووم .
کابرای پیرە چاکەتە شڕێکی لەژێر کەڵەشێرەکەدا راخست و گوتی :
دەی با ببینم .
کەڵەشێریش پەڕێکی جوولاندەوەو دینارێکی زێڕینی لێ بەربووەو کەوتە سەر

chalakmuhamad@gmail.com

چاکەتەکە. پیرە بانگی کرد : ئای کە هێلکەی چاکە .

بەو شێوەیە کەڵەباب هەموو رۆژێ هێلکەیەکی وای بۆ دەکرد .

رۆژێکیان پیرێژنەکە گوتی : بابە گیان یەک دوو هێلکەم لەوانەی خۆت بدەرێ .

پیرە پیاو لە وەرامدا گوتی : نەخێر ، تۆ مریشکی خۆت هەیە .



دەتوانی فێری بکەی هێلکەی ئاوهات بۆ بکات .

پیرێ ژنەکە چووە لای مریشکەکەو گوتی : دەبێ هێلکەی زێڕین بکەی

ئەگەرنا سەرت دەبڕم . مریشکەکە چووە سەر لقە دارێک و پیرێژنەکەش

لەژێر دارەکەدا بە پەرۆشەوە راوەستابوو چاوەڕوانی هێلکەی زێڕینی مریشکەکەی

دەکرد ، لەپڕ مامرەکە هێلکەیەکی بەردایەوە شڵپ دای بە دەموچاوی پیرێژندا و

چاوەکانی پڕبوون لە هێلکە .

ئەو رۆژە ژنە هێلکەی لە دەستچوو بۆ خواردنی ئێوارەی . بەڵام لەو

رۆژەوە پیرێژن بۆی دەرکەوت کە مریشکەکە چۆنێک بێت بەکەڵکەو هێلکەی مریشکیش

هێندەی زێڕ بەنرخە بۆ کەسێک کە برسی بێت .



chalakmuhamad@gmail.com

# ســواره

سواره‌ی جوانه‌مه‌رگ کوڕی ئه‌حمه‌د ئاغای ئێلخانی له‌ساڵی ١٩٤٩ ـ ١٣٢٩ له‌شاری سه‌قز له‌دایک بووه .
له‌بۆکان و تاران ده‌رسی خوێندوه . کاتێ که‌مرد خوێندکاری ساڵی ئاخری زانکۆی " حقوق " ی زانستگه‌ی تاران بوو.
شیعرو هه‌ڵبه‌ستی ڕێک و له‌باری کوت . بۆئه‌وه‌ڵین جار له‌مێژووی ئه‌ده‌بی کوردی دا په‌خشان و ئه‌ده‌بی نووسی ، هه‌ستی ئاشقانه ، ڕه‌وتی مرۆڤانه ، به‌شخوراوی نه‌ته‌وه‌که‌ی باش ناسی و به‌لانی خۆیه‌وه باشیشی شی کردنه‌وه . که‌م ژیا به‌ڵام باش ژیا ، له‌ ده‌ورانی ژیانی دا دۆستی که‌م بوون به‌ڵان ئێستا زۆرن ، ئه‌وانه‌ی که‌وا دوێنێ نا خۆشیان ده‌ویست و ته‌نانه‌ت له‌خوێش و بێگانه ئه‌مرۆ شانازی پێ وه ده‌که‌ن .
سواره زۆرکه‌م ژیا به‌ڵام سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ش به‌ش به‌حاڵی خۆی زۆری نووسی . لاقێکی سه‌قه‌ت بوو ده‌ئه‌لی هه‌میشه کۆچانیکی پێ بوو ، له‌زۆر جێیان گۆچان وه‌ک قه‌ڵه‌م ده‌بووه چه‌کی ، ده‌قاچی ڕۆ هاتن که‌لاقه‌که‌ی تریشی بشکێنن ، ده‌قۆڵی ڕا هاتن که ده‌ست و قه‌ڵه‌می بشکێنن . به‌ڵان سواره هه‌ر سواره بوو پیاده نه‌بوو له ڕێبازی دا .
پایزی ساڵی ١٩٧٦ ـ ١٣٥٤ تێ ی ڕۆ هات و گرتی و کوشتی ، له‌تارانه‌وه ته‌رمه‌که‌ی هاته‌وه شاری بۆکان و له گۆڕستانی گوندی حه‌مامیان له ( ٣ ) کیلۆمتری بۆکان ته‌سلیم به‌خاک کرا .
سواره زۆر به‌ئاواته‌وه بوو بۆ هه‌میشه بگه‌ڕێته‌وه دێ بۆلای پوره پیرۆز و مام پیرۆت و کاک مه‌حمود . (١) ، ئاخریشی به‌ئاواتی خۆی گه‌یی و گه‌ڕاوه لایان ، بۆ هه‌میشه ئیتر ئه‌وان به‌جێ ناهێڵێ ، ئه‌وانیش هه‌ڵقوڵاوی ئاواتی کوردن قه‌ت سواره فه‌رامۆش ناکه‌ن.
په‌رده له‌سه‌ر زۆر قسان هه‌ڵدانه‌وه کارێکی باش نیه ، سه‌ربه‌ست ده‌ڵێم هه‌تا سواره هه‌بوو قه‌درمان نه‌زانی ، قه‌دریان نه‌گرت ، باشتر بڵێم نه‌سواره‌مان ناسی و نه سواره خۆی پێ ناساندین !!!
تاپۆی دیار نه‌دیاری ئاواتی کورد بوو ، خاڵه‌ی ڕێبواری ماندوی هه‌وراز و هه‌ردانی کورد بوو ، سوارۆ هۆی سوارۆی له‌من به‌ته‌نێی گه‌لی کورد بوو، به‌قه‌ڵه‌م هاواری به‌شخوراوانی کوردی به‌رزکرده‌وه ، به‌زار به‌گژ زۆر که‌سان داچوو ، به‌ڵام ته‌نیا مه‌رگ چۆکی پێ دادا . ته‌نانه‌ت سه‌وزه‌ڵێ کوتنی کێچیش ده‌گیرفانی دا شوێنی له‌سه‌ر ئاواتی دانه‌نا ، خزمی که‌م بوون ، دۆستی که‌متر به‌ڵام خزم و دۆستی هه‌مووکه‌س بوو ته‌نانه‌ت ئه‌وانه‌ی...
سواره هه‌ر کوڕێکی هه‌یه ، به‌ڵام ئاخۆده‌بێته سواره .

ئه‌حمه‌دی شه‌ریفی

١٩٨٥/٩/٥

(١) ناوی هێندێ ئینسانی کوردی نووسراوه‌کانی سواره‌ن .

chalakmuhamad@gmail.com

Du helbestên Ahmed Arif:

## EVÎNA TE

Evîna te dev ji min berneda,
Ez tî mam, ez birçî mam,
Şev tarî bû, xayin bû
Can reben, can bê deng,
Can perçe perçe...
Û destên min kelepçekerî,
Ez bê xew mam, bê titûn mam,
Evîna te dev ji min berneda....

## LÎ HÎNDUR

Haya te jê he [illegible] dîwarê kevirî?
Deriyê hesinî, pencereya kor,
Behlîfa min, ranza min, zincîra min,
Ya ku ez xwe di ber de didim kuştin,
Wêna min ya stûxwar û veşirtî,
Haya te jê heye?
Seredanê min pîvazên şîn şandiye,
Bêhna qerenfilê ji cigara min tê
Bihar hatiye çiyayên welatê min...

* Yê ku hevpeyvîn bi Y. Kemal re çêkiriye Erdal Ôz e. (F. C)

chalakmuhamad@gmail.com

# AHMED ARIF

Yê ku qeyd û mermedan kevin kirin

**FIRAT CEWERÎ**

Ahmed Arif di sala 1927'an li Kurdistana Tirkiyê, li bajarê Diyarbekirê hate dinê. Helbestên wî yên pêşî di sala 1948-1951 di nav rûpelên hin kovaran da hate dîtin. Di wê demê de jî ew li paytextê Tirkiyê, Ankara di fakulta ziman, dîrok û coxrafya, di şaxê felsefê de xwendevan bû.

Ahmed Arif ew çend helbestên ku nivîsandibûn, biryara xwe da, ku wan di berhevokekê de bigihîne hev û wan çap bike. Wî ew biryara xwe bi cih anî û navê berhevoka helbestên xwe kire "Hasretinden Parangalar Eskittim", yanî "Min ji Hesreta te Qeyd û Mermend Kevin Kirin".

Pirtûka helbestên Ahmed Arif li Tirkiyê weke bombekê teqiya. Wê çaxê ku hin kesan helbestkar di ser xwe re nedidîtin, bi derketina pirtûka Ahmed Arif di cihê xwe de melisîn. Dengên wan di nav pêlên dengê Ahmed Arif de winda bûn. Herkesî ji xwe pirsîn "Gelo ev kî ye? Vî celebkesî ev hêza xwe ji ku girtiye? Ev uslûb, ev ziman ji ku anîye? "

Lê navê Ahmed Arif roj bi roj deng da, kêfa hinan anî, hêvî da wan û tirsa mirinê xiste dilê hinan. Pirtûkên wî bêî navbir hatine çapkirin û helbestên wî di hundirê demeke kurt de li her çar aliyên Tirkiyê û Kurdisatanê belav bûn. Helbestên wî bûne benîşt û kete devê herkesî. Çi gundî, çi karker, çi xwendevan, çi mamosta, çi mezin, çi biçûk, çi jin, çi mêr, herkesî helbestên wî gotin û dibêjin.

Gelo Ahmed Arif ev hêza xwe ji ku anî? Ev dewlemendiya wî ya kulturê û nemirîtiya helbestên wî ji kijan kaniyê diherin? Em vê pirsa han bispêrine Yaşar Kemal:*

– Piştî Cumhûriyetê ji Anadoliyê pir mirov derketin. Ji Enstîtuya gundan, ji gundiyan, ji xwendevanan merovên nû derketin. Pirên van celebkesan bivê nevê dibine sosyalîst. Ji ber ku ew ji nav gelê Anadolû, yê belengaz derketine. Mersele Ahmed Arif. Ahmed Arif ji Diyarbekrê derdikeve. Ji gola kulturê... Ahmed Arif piştî Nazim Hikmet e, lê ji wî re xelekek e. Tiştekî nike nû ye. Ev yeka han ji ber ku Ahmed Arif ji kultirin cihê têt. Cihê ku ew jê derketiye pir kulturên cûrbecûr hene. Kultureke ereban ku ji Mezopotamyayê têt. Kultureke gelê Kurd ku ji jor tê. Kultura çerkezan, kultura Tirkan... Ev hemû kultur di Ahmed Arif de digihêne hev. Dengê Ahmed dengekî pir dewlemend e, dengê helbestên wî ne. Ji berku ez epopeyê Ereban, epopeyên Kurdan û destanên Tirkan zanim, ez wê dewlemendiya Ahmed Arif jî baş nas dikim. Ahmed Arif tevliheviyek dengê Anadoliyê gişî ye. Ji xwe mezinahiya Ahmed Arif jî ji vir têt. Bi Nazim re qayişkişandina wî û ji hemû helbestkarên Tirkiyê hostetiriya wî ji vir têt.

Ew nêzîkahiya wî ya ji gel re, ji ber têgihîştina wî û naskirina wî ya kultura gelan e. Ma pêwîst e, ku mirov gelan fêhm bike? Erê, di vî qirnê bîstan de çar milyar mirov hene. Tu bêjî nebêjî di gel van çar milyar mirovan burjûwazî jî hene. Kultura gelan li ba ya burjûwazî bi cih û xwedî rûmet e. Lê divê ku em baş hînî kultura burjûwazî jî bibin. Divê ku em ji kultura burjûwazî jî fêdê bibînin. Lê ku mirov çiqas bi koka xwe ve û bi gelê xwe ve girêdayî bimîne, mirov ewçend dewlemend dimîne. Ev jî rastîyeke. Helbet ku Ahmed Arif jî weke helbestkarên Tirkiyê bi kultura burjûwazî dizane. Bi helbestên dinyayê jî weke wan dizane. Nazim Hikmet bêtir dizanî bû. Lê mezinahiya Ahmed Arif cihê ye. Gelo ma te Diyarbekirê ditiye? Ku mirov Diyarbekrê bibîne, mirov dê hîn bêtir Ahmed Arif nas bike. Bi wan bedenên Diyarbekrê yên bi saw, bi stranên wê, bi girtigehên wê, bi germa wê, bi serma wê û ji her alî ve bi kultura wê... Di vê dema me de gihîştina helbestkarên mina Ahmed Arif ne hêsan e. Diyarbekir cihê hevdudîtina kulturên mezin e, keleha medeniyetê ye.

Ev e, Ahmed Arif ji cihekî welê têt û di cihekî welê de gihîştiye."

chalakmuhamad@gmail.com

# خەیاڵە پڵاو

چیرۆکێکی پاکستانییە، گێرد مان و ئان ڤینەشیلد لە نەرویجییەوە کردوویانە بە سوێدی و بەختیار ئەمین و ئەمجەد شاکەلی لە سوێدییەوە وەریانگێڕاوە .



ساڵانێکی زوو ، زۆر زوو، کابرایەکی لات و پاتاق و بێ کار هەبوو. هەمیشە خەونی بەو شتانەوە دەبینی کە حەزی دەکرد هەیبوایە . بێ ئەوەی دارێک بنێتە سەر بەردێکەوە کۆشکی خەیاڵاوی مەزنی چێ دەکرد. ڕۆژێکیان زۆر مات و زویر بە ڕێگادا دەڕۆیشت لەبەر بێ کاری و بێ پارەیی باری خەم دایگرتبوو. لە ناکاو دەنگێکی بەرگوێ کەوت بانگی دەکرد :

هۆ زەلام کێی ؟ دکاری کۆمەکم بکەی ، ئەم دیزە ڕۆنەم بۆ هەڵگریت .

کاتێ ئەمەی ژنەفت فرە دڵخۆش بوو و گوتی :

بە خولای کارم بۆ بوو . دەسبەجێ کەوتە خەیاڵەوەو بەو پارەیە خانوویەکی قەشەنگی سازکرد .

کابرا بەڵێنی دوو پیسەی دابوویە لەبری هەڵگرتنی دێزە ڕۆنەکەی . بە خۆشییەوە دیزەی نایە بان سەری و ملی ڕێی کرت . لە ڕۆیشتندا هزری دەکرد چ لەو پارەیەی بکات کە وەری دەکرێ ؟

ـ پێش هەموو شتێک خایەیەک دەکڕم . خایەکە دەبەمە کن دراوسێکەم بۆ وەی بیخاتە ژێر مریشکێکەوە. کەمریشکەکە بە سەر خایەکەدا کڕکەوت ، جوجکەیەک هەڵدێنێ و لێی دەگەڕێم تا زل دەبێت. کە بووە مامرێکی مەزن ئەویش دەست بە هێلکەکردن دەکات. کە لە هێلکە چووەوە دەهێڵم بەسەر هێلکەدا بنیشێت ، ئەوجا یەک حەمکە باڕۆکم دەست دەکەوێ . کە گەورە بوون دەبمە خاوەنی ڕەوە مریشکێک .

سەرپاکی مریشکان دەکەونە هێلکەکردن و هێلکەکانیان دەفرۆشم و پارەو پوولێکی چاکم لێیانەوە دەستگیر دەبێ . پارەکەش خڕ دەکەمەوە. تا وای لێ دێ

chalakmuhamad@gmail.com

پارەی بەرخێکم دەبێ ، کە بەرخەکەم بوو ئەویش لە خۆی ئەزێ و دوو بەرخم بۆ دێنێ . کە گەورە بوون ئەمن خودانی سێ مەڕانم . ئەوانیش دەفرۆشم و بە پارەکەشیان چێلێک دەسێنم ، چێلەکە شیرێکی زۆرم دەداتێ . شیرەکەی دەفرۆشم و پارەیەکی زۆرم چنگ دەکەوێ و پاشەکەوتی دەکەم . هێندەم پارە دەبێ کە بتوانم چەند مانگایەک بکڕم. کە بووم بە خاوەنی چەند مانگایەک ، شیرێکی زۆرم دەبێ و بە فرۆشتنیشی پارەیەکی زۆرم دەستدەکەوێ . تا رۆژێک دا دێ هێند دەوڵەمەند دەبم کە بتوانم خانوو دروستبکەم و ژن بهێنم و یەک زارۆکیشم ببێتنەک زیاتر . ئەو تاقە منداڵەش بە جوانی پەروەردە دەکەین . بەخۆشی رادەبوێرین و چاکی دەگوزەرێنین و کەلێکیش بەختیار دەبین . دەبێ ئەو منداڵەش ئەوە بزانێتکە ئەمن بە چ رەنج و کوێرەوەری و کارێکی سەخت ئەمەم پێکەوە ناوە. تا دڵۆپە ئاوێکبوو بە زەریایەک . کە منداڵەکە هەراسانم دەکاو دەڵێ : بابە پیسەیەکم دەدەیتێ ؟ دەبێ بڵێم نەخێر هەرگیز لە ژیاندا . هێندە سوور بوو لە سەر گوتەکەی خۆی لە حەیبەتان سەری لەقاند بۆ وەی راستی قسەکەی خۆی بسەلمێنێ .



ئەوجا دیزە رۆن بەر بووەوە خوارێ و رۆن بەسەر شەقامەکەدا رژا . کابرای خاوەن رۆن هێندە تووڕە بوو بەربووە سەرو کوێلاکی کابرای هەژارو داپڵۆسی . کابرای هەژاری داماو دەستی بە گریان کردو بە کەساسییەوە هاواری کرد : هەی ماڵم هەی ، رۆڵە رۆ .

پاشوەی کابرای خاوەن دیزە پێی وابوو کە کابرای هەژار بەشی خۆی تێهەڵدانی خوارد رووی تێ کردوو پرسی : چما هەردەم باسی ماڵ و منداڵی خۆت دەکەی ؟ ئەدی رۆنەکەی من ! دەزانی چەندم لەسەر کەوتووە ! .

کابرای هەژار لە وەرامدا گوتی : تۆ شەپازللەیەکتێ سەرەوانم بە بۆنەی رۆنەکەتەوە. بەڵام بیرێکلە ماڵەکەی من بکەرەوە، دەمتوانی بەو پارەیەی کە لە تۆم وەردەکرت لە بری هەڵگرتنی دیزە رۆنەکەت خانوویەک دروستبکەم ،

chalakmuhamad@gmail.com

وەلێ وا هەموو شتم لە دەستچوو .

کابرای خاوەن دیزە هێندە بەزەیی بە گەوجی کابرای هەژاردا هاتەوە، دەستی کرد بە گیرفانیداو دوو پیسەی دایە بۆ وەی خانوویەکی پێ بنیات بنێ . پاش ئەوەی کابرای خاوەن دیزە ڕێی خۆی گرت و ڕۆیشت ، کابرای هەژار هەستی بە برسێتی کرد. بۆیە چوو بەو پارەیەی کە دەستی کەوتبوو هێندێ خواردنی کڕی . کە خواردنەکەی کڕی وەکو جاری جاران هەژار کەوتەوە .

بە ڕێگادا دەڕۆیشت و بیری لە هەموو ئەو شتانە دەکردەوە کە دەیتوانی وەدەستی بهێنێ ، گەر بوایەو کارێکی هەبوایە .

chalakmuhamad@gmail.com

# گود براند

چیرۆکێکی نۆردییە، گێرد مان و ئان
ڤینەشیلد لە نەرویجییەوە کردوویانە
بە سویدی و بەختیار ئەمین و ئەمجەد
شاکەلی لە سویدییەوە وەریانگێراوە.

هەبوو نەبوو، کابرایەک هەبوو، نێوی گودبراند بوو.
لەگەڵ ژنەکەیدا لە کێڵگەیەکدا دەژیان.
کێڵگەکەیان زۆر کەپ نەبوو، بەڵام
قایل بوون بەوەی کە دوو مانگاو بەشی
بزێو و چەند هەزار کرۆنێکیان لە
پریاسکەیەکدا هەبوو.
رۆژێکیان ژنە بە مێردەکەی گوت:
بۆ یەکێک لە مانگاکان نابەیتە شارو بیفرۆشیت؟
شیری مانگایەکمان بەسە. فرە خاسترە کەر بێتو
مانگاکەی دی بفرۆشیت بۆ ئەوەی هێندێ پارەمان
وەدەست بکەوێت.



گودبرانیش بەم باسە گەشکە گرتی و دەستبەجێ مانگاکەی بردە شار.
لێ کەسێ نەبوو مانگاکەی بکڕێ، ناچار مانگاکەی وەدووی خۆی داو
بەرەو ماڵ گەڕایەوە.
پاش تۆزێک تووشی پیاوێک بوو کە بەرەو بازێڕ دەچوو بۆ ئەوەی
ئەسپێک بفرۆشێ. گودبراند زۆر حەزی بەوە دەکرد
هەسپێکی هەبێت تا مانگایەک، بۆیە مانگای بە هەسپە گۆڕییەوە.
پاش جیابوونەوەی لە کابرا، زەلامێکی دی بەرەو روو هات،
بزنێکی دەبرد بۆ شار بۆ فرۆتن.
گودبراند حەزی چووە سەر بزنەو هەسپەکەی لەبەرچاو کەوت،
هەربۆیەش هەسپەی بە بزنەکە گۆڕییەوە.
پاش ئەوەی تۆزێکی دی رۆیشت تووشی پیاوێک هات
کە مەڕێکی پێ بوو.
گودبراند حەزی بە مەڕی کابرا کردو گۆڕییەوە بە بزنەکەی خۆی.
پاش ئەوەی لێک دابڕان، هەر هێندەی پێ نەچوو پیاوێکی دی هاتە رێ

chalakmuhamad@gmail.com

کە قازێکی پێ بوو .
ئەمجارەشیان بە بێ سێ و دوو لێ کردن
مەڕەکەی گۆڕییەوە بە قازو لەگەڵ قازەدا وەڕێ کەوتن .
هەر ئەوەندەی پێ نەچوو کابرایەکی دیکەی بە کەڵەشێرێکەوە
لێ قیت بووەوە .
ئەوجا قازەکەی بە کەڵەباب گۆڕییەوە .
پاش چەند سەعاتێک ڕۆیشتن ، لەبرساندا
سکی کەوتە قۆڕەقۆڕو هەڵسا لە داخا
کەڵەشێرەکەی فرۆشت و بەپارەکەی خۆراکی کڕی .
چونکو نەیدەتوانی بە برسێتی بحەوێتەوە .
پێش وەی بگاتە ماڵەوە ، خۆی کرد بە کێڵگەی



دراوسێکەیاندا . خەڵکەکە پرسیيان :
بازاڕت چۆن بوو ؟
گودبراند باسەکەی ووردو باریک بۆ گێڕانەوە .
دراوسێکەی گوتی : ئای کوڵۆڵ خۆت!
چیدی چوونە ماڵەوەت هاسان نییە .
گودبراند لە وەرامدا گوتی : نا نا ژنەکەم سەلارە ،
ئەو پێی وایە هەرکارێکی ئەمن بیکەم خاسە .
ئەویش گوتی : من پێم وا نییە .
گودبراند گوتی : جا با گرەو بکەین . ئەز یەک دوو هەزار کرۆنێکم هەیە .
گەر بێتو ژنەکەم تووڕە بێت ئەوا ئەو پارەیە بۆ تۆ . خۆ ئەگەر تووڕەش
نەبوو ئەوا تۆ یەک دوو هەزار کرۆنم دەدەیتێ .
دراوسێکەی ئەمەی پەسەند کرد .
پاشان بەرەو ماڵی گودبراند چوون . دراوسێکەی لەبەر
دەرگای دەرەوەدا راوەستاو گوێی هەڵخست .
گودبراندیش چووە ژوورەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ ژنەکەیدا بپەیڤێ .
کە خۆی کرد بە ژووردا ژنە پرسی :
بازاڕت چۆن بوو ؟
ئەوەی بۆ گێڕایەوە کە چۆن مانگاکەی گۆڕیبووە بە هەسپێک .
ژنەکەی گوتی : وە خودا فرە خاسە . کەواتە ئێمەش لەمەودوا
وەکو ئەو خەڵکە دکارین بچین بۆ کڵێسە . ئادەی مناڵینە هەسپەکە ببەستنەوە .

chalakmuhamad@gmail.com

گودبراند وەرامی دایەوە : لێ من چ ئەسپم نییە .

هەر پاش ماوەیەکی کەم ئەسپەکەم گۆڕییەوە بە بزنێک .

ژنە گوتی : زۆر سپاس بۆ تۆ . تۆ هەمیشە کاری چاک دەکەیت ،

کە بزنمان هەبێت هەم شیرمان دەبێ و هەم پەنیر .

ئادەی مناڵینە بچن بزنە ببەستنەوە .



پیاوەکە گوتی : وەلێ من چ بزنم نییە . هەر پاش تۆزێک

ئەویشم گۆڕییەوە بە مێ یەک .

ژنە گوتی : ئای کە ژیری ، کە مەڕمان هەبێت دەبینە

خاوەن خوری و کنج و خواردنیش .

دەی زاڕۆڵەکان مەڕە وەژوورنێن .

گودبراند گوتی : ئەوی راست بێ مەڕیشم نییە ،

هەرپاش نەختێک مەڕەکەشم گۆڕییەوە بە قازێک .

ژنە گوتی : وەی هەزار سپاس . کە قازمان هەبێت رۆنی قازیشمان

دەبێت ، زۆر لەمێژە تامەزرۆیم . ئا دەی منداڵان بچن ئەو قازە بێنن .

پیاوەکە گوتی : راستت دەوێ هیچ قازیشم نییە .

قازەکەم بە کەڵەشێرێک گۆڕییەوە . ژنە گوتی :

کە چاکە . کەڵەشێرمان هەبێ دەتوانین سبەینان

زوو رابین ، هێندەی زەنگ سەعاتێک خاسە . ئا دەی زاڕۆکینە

ئەو کەڵەشێرە بگرن .

پیاوە گوتی : بەخودای کەڵەشێریشم نییە ، لە کۆتاییدا زۆرم برسی

بوو ناچار کەڵەبابیشم فرۆشت و پیچەک خواردنم پێ کڕی .

ژنە گوتی : چاکت کرد . تۆ هەمیشە چاکترین کار دەکەی ،

کە تۆم هەبێ نە چێل و نە هەسپ و نە بزن و نە مەڕو نە قازو

نە کەڵەشێرم پێویستە .

ئەوجا گودبراند یش دەرگای لە دراوسێکەی کردەوەو

گازی کردە ژوورێ و گوتی : ئەوا تۆ دۆڕایت و دەبێ پارەکەم وێ دەی .

دراوسێکەشی بەوە قایل بوو .

chalakmuhamad@gmail.com

# هاوڕێ : دوو چیرۆک

ئارەزووم دەکرد لەتەکت دابدویێم . چاوەکانم تێ بڕی بوویت . تۆش جارە جارە تیلە چاوت دەدا مێ بۆئەوەی لێم تێ بگەیت ، یان ناخی قینتم بۆڕەوانە بکەیت . دەستت بۆ پاینتەکەی(١) بەردەمت راکێشا .... منیش هەروەها .

زۆر دور نەبووین لەیەکترییەوە . من بۆت دەگریام تۆش بۆخۆت .

چاوەکانم داشۆری بەبالات داو بەسەر پۆستالە کۆنە دڕاوەکانت دانیشتنەوە ، بەدەمارەکانی هۆشم دا چرپاندیان ، کە پێلاوی کارو دەرەوەتن ، بەلام ناتوانی بیان کوڕی! کوڕم دا بەخۆم ، پاش ئەوەی کەدووبارە چا وەکانم کەوتنەوە خوێندنەوەی چرچەکانی دەم و چاوت و چاوەشلەقاوە قیناوییەکانی دووانەی خواردنەوەت .

ویستم بیێم و لەتەنهایی و بێ دەنگی رزگارت کەم . چونکە دەم زانی کەلەتاو تەنهایی ژیانی خۆت کوتاوەتە ئەو پەپە(٢) قەلەبالغەوە . بەلام لەبەر پەرپووتی بەرگ و تەمەن زۆریت ، کەس خۆی لەقەرەت نادات . هەرچەندە تۆ زۆرجار دەتویست !!! هۆش و ئارەزوم پالی پێوە دەنام کەبیێم و یارمەتیت بدەم و زیاتریش لێت تێ بکەم . بەلام قاچەکانم توانای نەبوو یان نەیان دەویرا لەبەر کەمی زمان و سەرخۆشی تۆ ...... لەراستی دا چاوەکانم وانوقمی دەریای خوێندنەوەت بوو بوون نەیان دەبینیست ، تا ئەوکاتەی کەیەکێ لەچاوەکانت لێ داگرتم (٣) . منیش بەپەلەو پەرۆشەوە ملێکی شەرمەزاریم بۆ لەقاندی و سەرم داخست و دووا قوومی ناو پاینتەکەی بەردەمم هەل دا . سەیرێکی کاتژمێرەکەم کرد چارەکی دەویست بۆیازدە (٤) هەستامە سەر پێ و پالتۆکەم لەبەر کردو ملی رێکەی تەنهایی زوورە بچکۆلانەکەم گرتەبەر و بۆئەو ئەوە بەجیێم هێشتی .

لەندەن مارچی ١٩٨٢

(١) پاینت : بەرداخێکی گەورەی بیرە خواردنەوە .

(٢) پەپ : لەجیاتی باڕ بەکار دەهێنرێ .

(٣) چاوداگرتن لەلەندەندا یان لەزۆربەی ئەوروپادا زۆرجار بەئیشارەتی خۆشحال و چاکو چۆنی بەکاردێت .

(٤) لەکاتژمێری یازدەی ئەودا باڕەکانی لەندەن دادەخرێ .

chalakmuhamad@gmail.com

دەمەو ئێوارەیەکی درەنگ بوو لەرێڕەوی باخە گەورەکەی ناوەڕاستی بوخارستدا چیچکەت کردبوو . گەڵای زەردی وەریو و شووشە بۆشەلاربووە وەکەی لای چەپست و ، نیو شووشە سپرتۆکەی بەردەمت و ئەو هەموو باڵندانەی دەورت ، سەرنجی ئەوانەی رادەکێشا کەبەلاتدا تێ دەپەڕین ....

دوای قووم لێدانی شووشەکەی بەردەمت و رەوینەوەی دەم و چاوە چرچ کردووەکەت دەستت کردەوە بەووردکردنی پارچە نانەکەی نێو دەستت . بەدەم زەردەخەنەیەکی تەلیسماویەوە بۆ باڵندەکانی دەورو پشتت ، دەهاویشت و لەتەکیان دا دەدوایت ....

" بخۆن خۆشەویستەکانم بخۆن ئەمە زکی منی برسی تێرناکات هەربۆ ئێوە باشە بخۆن ..."

لەگەڵ ئەو برادەرییەشتدا بۆیان ، کەجارجار سەرت بەرز دەکردەوەو دەتنەڕاند هەموویان هەڵ دەفڕین .

تەنها خەڵکە مات بووەکەی ئەولاتەوەو دارە گەورەکان نەبێ کەوەک سێبەرێک بەبەر چاوەکانتدا تێ دەپەڕین هیچی کەت نەدەبینی . خۆشت نەت دەزانی چیت دەوت .

تا ووردە ووردە بەدەم قووم لێدانی شووشەکەی بەردەمتەوە ماندویی زۆری بۆ پێڵوی چاوە بچکۆلەکانت هانی و نانیە بەریەک و تارماییش خەڵکەکەی لەدەورت رەواندەوەوبووە هاوەڵی خامۆشیت .

لەندەن

١٩٨١/١١/٣٠

chalakmuhamad@gmail.com

# JIN

Ma te bidim hember rojeke havînê?
Bo min çelengtir î tu, ji wê germtir î.
Ba kulîlkên gulanê carne dêşîne,
Û havîn tenê d' çelê xwe de dimîne:
Çavê ezmên geh bi şewqa xwe d' şewtîne,
Geh ji rengê xwe yê zêrîn vedimrîne;
Sal ji sala din ferq dike, tê guhertin;
Dem û dewran ji kesî re tum namînin;
Lê havîna te y' bê dawî melûl nabe,
Ji sûfetê te yê şêrîn dest ber nade;
Mirina reş ji ned' kane te d' siyê ke;
Tu û demê tev didomin, rêçik yeke.
Ta ku peyak nefes hebe çav bibînine,
Ev rews dajo, te jî bi xwe re dijîne.

William SHAKESPEARE

(1564-1616)

(Ev helbest, çarde-mal 18, bê nav e. Navê 'JIN' ji hêla min de hatîye danîn).

Wergerandin ji Înglîzî:

Şahînê B. Soreklî

(Sydney, 1985).

chalakmuhamad@gmail.com

dijwar nikaribû ew li azmînê cîhan bikira gelawêj.Heyhat!....

Zinar Şîro

SCHOOL OF ORIENTAL AND AFRICAN STUDIES LIBRARY,
UNIVERSITY OF LONDON, W.C.I.

The Librarian begs to acknowledge, with many thanks, the receipt of the following:—

Mamostayê Kurd nr 1

We should be very pleased to receive future issues.

chalakmuhamad@gmail.com

Alî-keremek,letîfe-danek

.............

Min dê elema kelamê mewzûn

Alî bikira li banê gerdûn.

.............

Çibkim ku qewî kesad e bazar

Nînin ji qumaşê ra xerîdar."

Heqîqet bazara xortê mi jî wek bazara Ehmedê xanî Kesad e.Çi qeder îzhara hemiyetê dikin,mewcûdiyeta xwe telef dikin,ji jehriya marEt reş xilas nabin,ji kula welatê jor silamet namînin.Yareb tu wan mehfûz bidêr û muwefeq bike."3 Mayis 1335

Hemze

Zinar Şîro ji tîpên Erebî

wergerandiye tîpên latînî

*************************************************

(1) Şêx Ehmedê Xanî di navbera 1650 û 1706 ê Zayinê da jî ye.

(Mêjuwa Edebê Kurd.Rûpel:190

(2) Ehmedê Xanî bi gotina ku gotiye "Min dê alaya wêje li azmîn biçikanda "fortê xwe nedaye.Tenê ji ber ku pirî dilê wî bi rewşa bêkesî,bêkeysî û bêmecalîya wî û milata Kurd şewitiye,ji hêla xwera giriye û ev rastiyê han dinav giryên xwe da avêtiye der.

"Ger dÊ hebuya me jî xwedanek

Alî-keremek,letîfê-danek

Ilm û hiner û kemal û îzán

Şêŕ û xezel û kîtap û dŵan

Ev cinsê biba li ba wî me´mûl

Ev neqdê biba li nik wî meqbûl

Min dê elema kelamê mewzûn

Alî bikira li banê gerdûn

...............................

Çibkim ku qewî kesade bazar

Nînin ji qumaşê ra xerîdar"

Belê bi rastî jî,eger Xaniyê nemir wek nivîskar û biwêjên neteweyên din keysa weşandina berhemên xwe bidîta û ji wan ra xwendevan bi dest bixista, bê fort û bê pesin,ne tenê li azmînê Kurdistan dê bîryarê mezin Xaniyê nemir,alaya zanîn,hiner û wêje li azmînê cîhan jî biçikanda.Çawa ku wî,nêzîkê sed sal beriya şoreşa Fîransayê-ya ku di sala17B9 an da bi tîrêjên xwe ramana rizgarî û azadîya neteweyî ji şîlotiyê derxistiye û zelal kiriye-agirê bîr û baweriya rizgarî û azadîya netewî vêxistibû.Hem jî di hengamek wesa da ku ramana rizgarî û azadiya neteweyî di nav muj û leylanan da dihevwerdihat.Lê sed heyf û mixabin ku Ehmedê Xanî ji ber astengên

chalakmuhamad@gmail.com

Tarîxî hezar û şêst û yek bû."

Tarîxa nivîsîna (Mem û Zîn)ê (1105) e.Merhûm,mexfûr piştê nivîsîna wîladeta xwe di axirê (Mem û Zîn)da wehe dibêjit:

"Isal gîhîşte çil û çaran
wî pêşrewê gunahîkaran"

Sed esef ku tarîxa wefata wî malûm niye,medfena wî li Beyazîdê ye,ziyaretgeha Kurdan e.Çend eser nivîsîne,hemî kurdî ne.(Nûbihara biçûkan)eserekî xayet nivîsîye,di (1094)da nivîsiye.Dibêjit,min ev eser nivîsiye:

"Ne jibo sahib rewecan
belkî jibo biçûkê Kurmancan."

Tarxa heyata wî gerçî muntezemen ne malûm e,ema ji asarê wî tête zanîn:Ku Ehmedê xanî wek Firdewsî jibo miliyeta xwe xebitî ye,temamê mewcûdiyeta xwe di wê rê da serf kirîye.Asarê Ehmedê Xanî di Kurdistanê da xayet mûteber in,her kesek bi êhtiram navê wî zikir dikit.

Feqet dereca tesîrê da negîhaye Fîrdewsî;Çuke Fîrdewsî bi qelema xwe Iran vejand.Ehmedê Xanî nehêşt ku Kurdistan temam bimirit û ji mewta muebed xilaskir,ema temam êhya nekir.Çunke zemanê Fîrdewsî jibo fikra wî musaîd bû,zemanê Ehmedê Xanî xayet berbad û çetin bû;dewleta osmanî digel hukûmeta Iranê mutefîqen Kurdistan di mabeyna xwe da teqsîm kiribûn,dest û piyê wan wesan girêdabûn ku nedikarîn xwe bihejînin.Çunke madeten çawan eskerê sewq li ser wan dikirin bi enwayê hîle û desîsan îxtîlaf û şîqaq êxistibûne nav Kurdan.

Hezretî Ehmedê Xanî xayet muteesir buye,hemiyeta wî hatiye xeleyanê.Ji ferta hemiyetê,ji qelbekî şewitî bi çavê giryan bi terzê hewar kiriye:

"Ez mame di hîkmeta xwedê da
Kurmancî di dewleta dinê da
Aya bi çi wechî mene mehrûm
Bilcumle jibo çi bûne mehkûm"

Temaşa Kurdistan û Kurdan kiriye,şecaet û hemiyeta di Kurdan da heyî di miletekî dî da nediye,dest bisena Kurdan kiriye:

"Her mêrekî wan bi bezlê Hatem
Her mêrekî wan bi rezmê Ristem
Bifikir ji Ereb heta ve Kurcan
Kurmancîye buye şubhê burcan

Sebebê felaketa Kurdistanê,şecaeta wan ya mufrîtane,saxaweta nabica didite nîşan û dibêt:

"Lew pêkve hemî şeh bê tîfaq in
Daîm bi temerud û şîqaq in."

Ji ber wê qasê ku lîsanê kurdî lîsanê resmî nebuye rewac negirtiye,ax û keser ji dil hatiye:

Gerdê hebuya me jî xwedanek

chalakmuhamad@gmail.com



"DÎBACE

# EDEBİYAT Û ASARÊ EDEBÎ

Jibo her qewm û miletekî,edebiyat û asarê edebî wek xîm qewî ne jibo serayet alî.Miletê xweyî edebiyat çi qeder bikevit,serayê selteneta wî yê madî biherifit,dîsa bi hîmetekî têt tamîr kirin.

Miletê Yûnan digel hindikî û bi quwetîya xwe,çend esran mewcûdîyeta xwe wenda kir,bû wîayetekî osmanîyan.Ema edebiyat û asarê yûnanî di ewrûpayê da terefdar peyda kirin,xweyî xwe ji dest osmanîyan derxistin.

Iran madeten mehî bû,bû esîrê Ereban,piştî wî kete bin esareta Tirkan feqet lîsan û edebiyatê farisî dîsa Iran îna wucûd.digel wê qasê ku Firs wek heyûlayê navê wî heye bixwe nîne.

Ereb,heşt-neh esre seltenata xwe wendakirîye,feqet lîsan,edebiyat û asarê erebî li şerq û xerbê hakim e.Bi hemehal tê sahibêt xwe bînin wucûdê;çawan tînin

Bînaên li vê heqîqetê,her qewm û miletê ku arzuya mewcûdiyet û seltenata xwe ya millî bikin,lazime ji ewil emir ve êhtîmamekî qewî bidine edebiyat û asarê xwe yê edebî.Ev heqîqeta han di pêşiya çar esran da hezretî Ehmedê Xanî derk kiriye û jibo wê xebitiye.Dibêjit:

"Min lŝanê Kurdî înaye nîzam û û intîzamê

Da xelkî nebêjitin ku Ekrad

bê marîfet in,bêesl û binyad."

Xasma di vê esrê da,di alema medeniyetê da hucet û berata miletan lîsan û edebiyata wan e.Yê bêhucet û bêberat dawa wî nayête sehkirin û kes guhê xwe naditê.Meger malûm bibit ku berata wî jê hatiye sitandin.Jibo îsbata vê dawayê û danîna xîma milliyeta xwe,hindek ji xortê me şev û roj serfa heyata xwe dikin,asarê qedîm,neşruyên taze çêdikin.Yek ji wan asarê kevin (Mem û Zîn)e.Ku sertacê îbtîhaca Kurdan Ehmedê Xanî di (1105) da nivîsiye.(Xanî)zatekî muteqî,mutedeyîn,xweyî dehanek bilind,di ulûmê dîniye,hekîmiye,edebiye da sahib qudretekî tam e. Di milliyetperweriyê da wek Firdewsî bu ye.Di (1061) da hatiye dinyayê.

"Lewra ku dema ji xeybê fek bû

chalakmuhamad@gmail.com

# ئەحمەدی شاماو ............. بەهارێکی دی

نامەوێ خۆم هەڵفریوێنم، دڵەکەم !
مەبەستم
هەڵفریواندنی خۆم نییە.

ئەگەر لێو بەدرون
لە دەستەکانی تۆوە راستی دیارن و
ئەو باسەی ئەمن دەیکەم باسی دەستەکانی تۆیە

*

دەستەکانی تۆ خوشکی تەقدیری منن
من باسی جەنگەڵی سووتاو و خەرمانی باران پێدابارا و دەکەم
من باسی لادێی بچکۆلانەی تەقدیری خۆم دەکەم

*

لەسەر هەر سەوزەگیایەک خوێنم دی و لە هەر پێکەنینێکدا ژانم بە دی کرد
تۆ هەڵدێی ـ هەروەک تاو هەڵدێ ـ و ئەمن پێمل دەبم
هاوار دەکەم و
ئەهوەن دەبمەوە

*

نامەوێ خۆم هەڵفریوێنم، دڵەکەم !
مەبەستم
هەڵفریواندنی خۆم نییە.

تۆ لێرەیی و تووک و نزای شەو برشتی نییە
لە لەنگۆری نەزۆکدا، دڵی من بە تەڵقینی تۆ دەبووژێتەوە
ئەمن بە دەستەکانی تۆ چا ولەئەنگوسترین شەوەکان چراخان دەکەم
من خەون بە ژیانەوە دەبینم
من لە راستەقانیدا دەژیم

*

لە هەر دڵوپە خوێنێ سەوزەگیایەک شین دەبێ و لە هەر ژانەی بزەیەک
چونکوو هەر شەهیدەی دارێکە
من لە جەنگەڵە ئەستوورەکانەوە بەرەو تۆ دێم

chalakmuhamad@gmail.com

تــۆ هــەڵاتــی ــ وەک چــۆن تا و هــەڵدێ ــ
مــن پیـمــل بــــووم
مــن ها وارم کــرد و
ئــەهــوەن بـــــوومەوە
لــە تــەنیشـــت بــەهار ســــوێندم بــە هــەموو گــەڵایــەک خـــوارد و
تـــــــــۆ
لــە ڕێگـــە شــــەوداگرتـــووەکانـــدا
ئــەوینـــی تازەت دركانـــد
مــن هــەرای شــەوگــەرە هــەڵوەداکانــم گــوێ لــێ بـــوو
لــە شـــەوانــی هــەرە بــێ ئەســـتێرەدا
بە بـــزەت ئاوروازیـــم کــرد و
لــەو دەمێـــــەوە
دڵــــی کــۆڵان بـــۆتە ماڵمـــان

*

دەســـتەکانــی تــۆ خــوشــکی تەقدیـــری منـــن
بڵا با باســـی جەنگەڵی باران لێدراو و خەرمانی پڕ پیت و پێز بکەم
بــڵا با بـاســـی لادێــی تەقــدیـــری هاوبەشمـــان بکــــەم.

نامــەوێ خــۆم هــەڵفریوێنــــم، دڵـــــەکەم !
مەبەســـتم
هــەڵفـریـــوانــدنـــی خـــۆم نییــە.

حــەســـــەنـــی قازی
لــە فارســــییەوە کـــردوویەتیە کــــوردی

chalakmuhamad@gmail.com

# PADIŞAHÊ PERÎYAN

Johann Wolfgang Von Goethe (1749-1832)

Kîye siwarê ew şeva tarî, ev bayê qebe?
Peyak e li rêya mal, kurê xwe li pêş;
Qewîn girtîye lawik di hembêza xwe de,
Ew parastîye, ew germ hiştîye.

"Kurê min, çima ditirsî, vedişêrî rû? "
Ma tu nabînî, bavo, padişahê perîyan?
Perîyê ser bi tac, beden bi xeftan?
"Kurê min metirse; ev komek mij e."

"Ez heyran lawo, wer' tev min here!
Lîztikên xweşik bilîzim bi te re;
Raber te kim ber çem kulîlkên rengîn;
Wê l' teke dayka min ew kincên zêrîn."

Lo bavo, lo bavo, ma tu nabihîzî
Padişahê perîyan ji min re çi dibêje?
"Hus ke kurê min, bê deng bimîne;
Ba dike vîze-vîz, pelikan tev tîne."

"Ey tu lawê ciwan, wê tu tev min bê?
Qîzên min yên çeleng xwe dane benda tê;
Wê tevde bazdin ew, rabin dîlanê;
Bi stiranên zor qenc wê te têkin xew."

Lo bavo mêzeke li şûna tarî
çawa sekinîne keçikên perî!
"Kurê min, kurê min, ez baş dibînim;
Darên qebaxêne ew, gewravîn li ber çav."

"Ji te hez dikim, diecibînim bejna te;
Kerem ke b'riheti yan didim zorê."
Lo bavo, hawar, waye dest avêt min,
Padişahê perîyan êşand canê min!

Bizdoyîn bû bavik hema ji tirsan,
Li xar kir hespa xwe, kur dikir sikran;
çi ji dest hat kir; xwe gîhand mala xwe,
Li lêwik nîherî, bê ruh mabû can.

Wergerandin ji Almanî:
Şahînê SOREKLÎ

chalakmuhamad@gmail.com

# EZ ÇI BÊJIM KAWA !!

Ez çi bêjim, ey bavê kal, ey Kawa yê Hesinkar!
Gelê me ta roja îroj hîn bi qîrîn û hawar.
Tu pirs dikî ger me stand serxwebûn azadî;
Bersîv na ye, bibûre tu; ez dikim şerm û fedî.

Welatê me hîn bindeste, belav bûye l'vir û wir;
Dijmin jî kevneepereste, şorên xwe derew û vir;
Milletê me d'xewa kûr de, weqa lê bûye nifir;
Ez çi bêjim, Kawa, bavo, dilşewatim pir û pir.

Tu pirs dikî ger em yekin; na, Kawa şêrê Kurdan;
Em û yeketî j'hev dûrin, em belengaz û nezan;
Nokerên me jî hîn pirin, ji bo neyar ser lingan;
Eşîrên me jî namirin, li hev dixin wek bokan.

Kawa, bese j' min pirs meke; dilê min tijî agir;
Derd û kulên min vemeke, me azadî wenda kir.
Te rojek nû da gelê me, bi ronahî şev rakir
Belêm şewqa zer û sipî di bin xwîna sor de mir.

Tu pirs dikî serdest kîne; ew bêbextin, xwînrêjin;
Rûreşên cîhanê ne ew, li ser pişta me dijîn;
Hêzên me jî wekî her dem, yek bi yê din re dijmin;
Şoreşgêr milan nadin hev, pêşmerge hev dikujin.

Ey Kawa, pêşengê Kurdan, li welat şeve reşe;
Merovê Kurd jî gêj bûye, di xewê de dimeşe
Belêm dîsa jî namire, Kurdistanê nafroşe;
Newroz waye carek din hat, ber dilên me zor xweşe.

Tu pirs dikî ji min Seyda, ger heye bo me hêvî!
Azadî daxwaza me ye, agir hîn vêdikeve;
Em çiqa ber xwe didin jî, fersend dest me nakeve;
Ne jî em dizanin çawa dawîyê bidin şevê.

Hêvîya dilan namire; megrî Mîrê Kurdistan;
Hîn hene l' ser kaş pêşmerge, bo gel fîda dikin can;
Hîn bihar tîne Newrozê, ronahî dide çiyan;
Hîn tê bihîstin hin caran: yan serbestî yan neman.

Em li benda rojekî ne, tê de bidin hev destan;
Li hêvîya demekî ne, bibin wek xûşk û biran;
Nezanî ji nav me rabe, em bo hev vekin dilan;
Ew dem dema serxwebûnê; bo ew roj bibim qurban.

Şahînê Sorekli

chalakmuhamad@gmail.com

# هەڵۆ و قەل

لە ژمارەی پێشووی ماموّستای کورددا دوو وەرگێڕانی هەڵبەستێکی شاعیری رووس(پوشکین)مان بڵاوکردەوە، یەکێکیان وەرگێڕانی هەژاری شاعیر بوو و ئەوی دیکەش هی شاعیری مودێرنیستی کورد سوارەی ئێلخانی بوو. وا لەم ژمارەیەدا وەرگێڕانی سێهەم بڵاو دەکەینەوە کە لەلایەن "رەحمانی قازی" یەوە کراوە. زۆر سپاسی برای هێژا کاک سەیید عەبدوڵڵای سەمەدی دەکەین کە ئەو وەرگێڕانەی بۆ ناردین.

گەڵا ریزانی دارانەو هەڵۆپیر
کەمەندی پیری گرتوویە بە یەخسیر
لە دەستی دەربەڕیوە عومری لاوی
لە گێژی کەوتە نێو گێژاوی خاوی
لە ئاوا بوونە تیشکی عومری رۆژی
بەرەو بولێڵە دەڕوا روو بە لێژی
سبەینێ کاتێ دەخوزێ بای بەیانی
فری هێزێکی هاتە بەر گیانی
شوان وەک تایەنە بۆ بەرخی ساوا
کە دیتی دێ هەڵۆ، پێچا لە تاوا
بە گورجی کەو فری بۆ بن درو داڵ
لە ترسا ماری رەش خۆی خستە نێو چاڵ
لە دەشتی ئاسکی ناسک دەس و لاق
لە ترسانی لە خۆی دابوو بە شیلاق
بەڵام ئەو راوکەرە وەک جاری جاران
بە چەنکی تیژی نادرێ سینکی باران
دەبێ دەرمانی دەردی خۆی پەیا کا
لە بەر هەر ناکەسێ لامەو رەجا کا
بواری مردنی قووڵ و درێژە
نەهەنگ خنکاوە لەو گێژاو و گێژە.

لە داوێن دەشتی دیتی پیرە دارێک
بە سەریا تێ پەڕیوە چەن بەهارێک
لە سەر پرژو لقی ئەو پیرە دارە
قەلەی کرد ساڵی رابردووی ژمارە

chalakmuhamad@gmail.com

بە سەرهاتی لە مێژینەی دزێوی
بە پیسی چندرابوو وەردو شێوی
درێژی عومری نەگبەتباری قالاو
بە ئەوکی‌دا دەکرد ژەهراو و تالاو
لە دەست‌تیری قەزاو بەردی منالان
پەڕو بالی هەموو چووبوو بە تالان
لە مێژ سالە کە زورناکەی دڕاوە
بەلام بەو حالە هێشتا ژیرو لاوە
لە سەد ئاو و زەل و باتلاغی داوە
وەکی ماسی نەخنکاویشە ، ماوە

کە دیتی قەل ، هەلۆ بۆی هاتە خوارێ
سلاوی کرد کوتی من پێتمە کارێ
قڕاندی قەل وتی تۆ باشە دوورتر
لە من راوەستی چاکە کاکی کەوگر
لە دوور پێم بێژە هەرچی لێم گەرەکتە
لە بێگانە بەریم، پێم ناوێ سرتە
سەری سوڕ ما هەلۆ لەو گوفت و گۆیە
گوتی پیری ئەوە عەیبێک لە تۆیـە
گوتی خوایە ئەتۆ رێت‌کرد لە من ون
پەنات پێ بردمە بەر مالی چلکن
من و سەرداری گەندەڵ؟ مالی قالاو ؟
ئەمن میهمانی چۆن دەکرێم بە چلکاو؟
بەلام قەل تێگەیی سولتانی کێوی
لە قینی وی چلۆن دەکرۆزێ لێوی
زمانی نەرم و لووسی خستە گێڕان
هەموو قەل بۆت‌دەبینە قۆچ قوربان
زمان و دڵ نەبوو یەک‌رەنگ و یەکسان
ئەوەی فەرمووی درۆیەک‌بوو لە ترسان
بە دڵ دەیگوت‌خودایە خەو دەبینم ؟
هەلۆی زالم بە مەزلوومی دەبینم !
کوتی فەرموو نیازی خۆت‌بخوازە
ئەمن رێم ناکەوێ پێت دەم ئیجازە
بە رەنگ زەردی هەلۆ ئاوا وەدەنگ هات:
زەمانەم تێ پەڕی مەرگم وەڕێ هات
ئەمن هاتوومە لات هەر بەو هیوایە
پەنام هێناوەتە بەر ئەونەوایـە
ئەمن‌وا چەنگ‌تیژو توند بالم
لە بەر چی وا کەمیشە عومرو سالم ؟

chalakmuhamad@gmail.com

ئەتۆش بەو بەژن و باڵای تێک شکاوت
بەلاقی خوارو پشتی تێک چەماوت
نییە مردن لە بۆت عومرت درێژە
مەبەستێکی گرینگە پێم بوێژە.

سەری بەرداوە قەل زانی چ باسە
ئەلێرە باسی کاک هەمزەو هەباسە
کوتی گوێ گرە لە من پاشای پەڕەندان
بەڕاستی پێت دەڵێم لێم ببیە پەندان
ئەوەی بیستم لە باپیری قەلاوان
ئەوەی دیتوومە بۆخۆشم بە چاوان
لە بۆتی هەڵدەڕێژم دانە دانە
حەقیقەت تاڵە لێم مەگرە بەهانە
خودا داویە بە ئێوە توندو تیژی
هەتا بشکەن بە نا حەق دەس درێژی
دەڕێژن خوێنی ژێر دەستانی خۆتان
لە ئێمە ئێوە بوونە میری بۆتان
دەخۆن جەرگی کەو و سینگی مراوی
دەچن بۆ عەرشی ژوور و کن هەتاوی
چریکەی تیژو هاڕەی باڵی ئێوە
ژیانی خۆشی لێمە هەڵبڕیوە
لە نوسکە و لوتکی کێوە ماڵ و خێوو
بڵیند جێن و بڵێندە بۆیە نێوو
بەرز بوون مردنی بەدواوە خاڵە
لە هەڵدێر کەس کەوێ لە خوێن شەلاڵە
لە بەر وەی خێڵی ئێوە کەم ژیاون
ژیان کورت و لە ژینا بەش براون
وەرە گەر ژینی زۆرت پێ مەبەستە
وەرە لام و لە لای من هەڵبوەستە
بخۆ گۆشتی کەری تۆپیوی شاران
پەلەی کە! تێرکە خۆت وەک شێت و هاران
بخۆ کێما و خوێناوی برینێ
مەبە مەم شێت مەبە بۆ زوانی زینێ
لە سەر گوێلکی تەویلە و لێوە سوانە
موهەییایە لە بۆت شیوی شەوانە
دەدەم پێت قەول و سوێندێکی دەخۆم بۆت
بژی هێندە مەرگ بخوازی بۆخۆت

chalakmuhamad@gmail.com

وتەی قەل شا هەلۆی خستە خەیالان
گوتی چۆن پیاوەتیم رۆیی بە تالان
چلۆن من بچمەوە نێو خال و ماما ن
بپرسن لێم چ بێژم من وەرا مـــا ن
وەبیری هاتەوە ئەو جێی بلـنـدە
ژیانی کەم لەوێ باش و پەسندە
هەموو سەر بەرزییە ژینی هەلۆیا ن
شنەی با عەتر شەپرژێنێ لە جێیا ن
وتی قەل ، ژینی تۆ بۆ من مەحالـە
نەمانم چاترە لەو ژینە تالـە
لە بەرزی ئاسمانا ئەشێ بمرم
دەبێ درزی چیایەک بێتە قەبرم
دەبێ تەرمم کەوێتە نێو تەلانا ن
کە شێرا ن لێی دەکەن لەو جێیە لانا ن
دەبێ کلکۆم لە بن شللێرە کەش بێ
دەبێ چاوم لە هەلدێر و رەوەز بێ
دەبێ شین گێرِی من بن بازو شمقارِ
خودا حافیز ! ئەوە تۆوکۆشتی مندا ر

لە شەقەی بالی دا رۆیی بەرەو ژوور
لە پاش چەن ماوەیەک بیرو تەفەککور
لە بەحری بێ قەراخی ئاسمانا
شەپۆلی مەرگ بردی بۆ نەمانا
ژیانی وا کەم و پیاوانە " رەحمان"
وەگیر کەم کەس کەوت بمرێ بە ئیمان .

chalakmuhamad@gmail.com



Victor JARA

## GELEKÎ HEVGIRTÎ

Hûn bi serketin, lê paşê dê çi bibe?
Lewra li pey şevê lîmiya sibê tê.
Wê gavê dê mêrên lêxistî dîsa rabibin ser-xwe
û ewê ku mir dê di sitranek da bijî.
Em dizanin, em dizanin, ku şev dizivire dibe roj
û serketin li pey binketinê tê.
Gelekî hevgirtî tu car nayê pelçiqandin
Şerê li berxwedana me hevgirtinê bêhtir dike, bêhtir
û bêhtir
Û divê efendiyan vekişin, ji bo em dizanin,
ku tu kes nikare xwe li hember yekîtiya me ragire.
Û encam, efendiyên me, kî erdê we cotkiriye?
Kî ji çiyayên we hesin derdixe?

Hûn ji neteweyî û dayikaniştîman dipeyivin
Lê kî tifingan xistine destên we?
Mafê we, baweriya we, sazûman û rêdara we
ew ji şirketekî USA yê hatin kirin.
Lê wê demê dê ji binketina me têgîhanek geş bibe
Ew têgîhana ku tu car hûn nikarin fam bikin
Gelekî hevgirtî tu car nayê pelçiqandin
Şerê liberxwedana me dê hemî gelan li hember we
bigîhîne hev
û divê efendiyan vekişin, jibo em dizanin,
ku tu kes nikare xwe li hember yekîtiya me ragire.
Û neserfırazî ji Şîle, Gınea, Kamboçya û Vîetnamê
qîr û feryad derdixe.

Zinar ŞÎRO ji swêdî wergerandiye kurdî.

chalakmuhamad@gmail.com

# MÎN ÎŞEV XEWN DÎ

Cornelis VREESIJK

Min îşev tiştek di xewna xwe da dî.
Tiştê ku min berê tucar nîqaş nedikir.
Min xewn dî ku li cêhan aştı hebû
û ku ta bûn hemû şer û pevçûn

Min di xewna xwe da eywanekê mezin dî
Serokên dewletan li wir li ser rêzan rûniştin
û di paşiyê da li ser zerfek mezin nivîsîn.
û hêz dan xwe rabûn û gotin:

(îdî) tu leşkerên zêde nîn in,
tu tifing nîn in
û gotina leşkerî çi ye
tu kes nasnake îdî.

Zinar ŞÎRO ji swedî wergerandiye kurdî.

Gel li her aliyê şeqaman çûn
û ji meyxane kişiyan ber bi meyxane
û hemûyan jibo hevûdin vexwarin
û hatin semayê û keniyan

chalakmuhamad@gmail.com

سەیید محەمەدی سەمەدی :

# کورتەمێژووی مهاباد

## شیکردنەوەی وەرگێڕ

لە سەر داوای بەڕێز کاک فەرهادی شاکەلی ماموٚستای زمان و وێژەی کوردی لە خوێندنگەی بەرزی پەروەردەکردنی ماموٚستایان لە ستوٚکهوٚلم وتاری کورتە ـ مێژوی مهابادم لە زمانی فارسی ڕا وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی . پێم خوٚشە بە ئاگاداری خوێنەر بگەیەنم کە وەرگێڕانی ئەو نوسراوەیە بە هیچ کلوٚجێ مانای ددان پێداهێنان و بەدروستزانینی ناوەڕوٚکی نوسراوەکە نییە ، چونکو بەڕاستی کەمایەسییەکی زوٚر گەورەی تێدایە ، ئەویش خوٚبواردن لە گێڕانەوەی گەئەو نەئە، دەستکەوت و نوشتی کوٚماری کوردستان لە مهابادە ، کوٚمارێکی کە وەک ئەستێرەیەکی پرشنگدار لە ئاسمانی مێژووی نەتەوەکەمان دا دەدرەوشێتەوە . باسی مهاباد کردن بێ بیرەوەری کوٚماری کوردستان وەک ئەوە وایە کەسێک بیەوێ بە بێژنگ بەری ـ خوٚرە تاو بگرێ. بەوە بیر هێنانەوەی ئەم راستییەی سەرەوە دەقی نوسراوەکەم وەرگێڕاوە .

حەسەنی قازی :
خەرمانانی ۱۳۶۴
سێپتامبری ۱۹۸۵

پەسنی یەزدانی پاک دەدەم
کە خاک وەزمان دێنێ و بینای دەکا

کورتە مێژووی مهاباد

کوٚ کردنەوەی : سەیید محەمەدی سەمەدی
۱۳۶۳/۲/۱۴
بەرامبەر : ۱۹۸۴/۵/۴ مهاباد

chalakmuhamad@gmail.com



## کورتە مێژووی مهاباد

کۆ کردنەوەی سەیید محەمەدی سەمەدی

ئەگەر چی هەتاکوو ئێستا کتێب و وتارێکی زۆر سەبارەت بە شاری مهاباد ، رووداوە مێژوویی یەکانی ، مەسەلە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی ، و فۆلکلۆر و عادەت و رێو شوێنی ئەو شارە نوسراوە ، بەڵام زۆر کەس داوایان دەکرد کە نووسراوەیەکی کورت و بە کەڵک لەم بارەیەوە هەبێ تا ئەو کەسانەی کە پێوەن زانیارییەکی گشتی و بە نیسبەت تەواویان سەبارەت بەم شارو ناوچەیە هەبێ ، بیخوێننەوە ، چونکوو دەسراگەیشتنی هەمو کەس بە گشت سەرچاوەیەک کاری کرانێ نییەو لەوانەشە دەرفەتێکی ئاوا شیان نەبێ . بە لە بەر چاو گرتنی ئەم قسانە ، داوای رێک و پێک کردنی نووسراوەیەکی ئەوتۆیان لە من کرد و ئەمنیش تێکۆشام کە پشت ئەستوور بە سەر چاوەی باوەڕ پێ کراو کە لە ئاخری ئەو نووسراوەیەدا ناویان دەبەم ئەم نامەیە ئامادە کەم و پێشکەشی هۆگرانی کەم ، ئیتر نازانم چۆنی وەردەگرن و چاوایدەبینن؟

### ١ــ جوغرافیای سروشتی مهاباد ( ناوچە )

بەر لە هەموو شت سەبارەت بە وشەی مەهاباد دەبێ بگوترێ کە بە مانای جۆر بە جۆر لێکیان داوەتەوە . گوتوویانە مادئاوا ، کە ئەم لێکالا کردنەوەیە چ هۆیەکی جێی سەلمانی دەکەڵ نییە . مەهئاباد ( مزاوا ) ئەگەر بە مانای جێیەک بێ کە هەمیشە مز دایگرتووە ، ئەم مانایەش دەکەڵ راستی یەک ناگرێتەوە . لە لاپەڕەی ٥٥٤ بەرگی دووهەمی فەرهەنگی فارسی بورهانی قاتیع ( دووبەرگی ) لە بەرانبەر وشەی مەهئاباد ( مزاوا ) ئاوانووسراوە : " ناوی یەکەم پێغەمبەرە کە مەبعووسی عەجەم کراو کتیبێکی لە تەکخۆیدا هێنا کە دیاتیری پێ دەڵێن . " هێندێکانیش لەو بروایەدان کە مەهئاباد مانای شوێنێکە کە گەورە گەوران ئاوەدانیان کردۆتەوە .

ناوچەیەکی کە ئێستا مهابادی پێ دەڵێن بەشێکە لە ناوچە کوردنشینەکانی رۆژاوای ئێران کە سنووری لە باکورەوە دەگاتە دەریاچەی ورمێ و دەشتەکانی محاڵی سندووس لە رۆژ هەڵاتەوە دەشتەکانی میاندواو و تیکانتەپەی ( هەوشار ) و لە باشوورەوە سەر حەدی ئێراق و خاکی پشدەر و لە کوردستانی ئێران لە لای رۆژئاوا ڕا دەگاتە سنوورەکانی ئێران و عێراق . مهاباد مەڵبەندێکی شاخاوییە ، زستانا ساردو هاوینانی گەرمە و دوو وەرزی بەهارو پاییزی کورتن و زوو تێدەپەڕن و غالبە بە وەرزەکانی ترەوە نووساون . چیاکانی ئەو ناوچەیە درێژە و چڵی کێوەکانی زاکرۆسن.

شاری مەهاباد لە سەر ٤٥ دەرەجە و ٤٣ دەقیقەو ٣ چرکەی رۆژ هەڵاتی نیسفونەهاری کرینیچ ، و ٣٦ دەرەجەو ٤٦ دەقیقەو ٣ چرکەی پانایی باکووری هەڵکەوتووە و لە رێکی دەریاوە ١٤٢٠ میتر بەرزە و چیاکان و بەرزایی یەکانی کانێ شێخان ــ خەزایی قوڵ قولاغ ــ قەڵای بارمێ ــ زاوابووکان ــ داناەجیدو بەردە سپیان وەک پشتێنێک لە دەوری شاری هاڵاون و گردوویانەتە شاری نێو چیایان .

chalakmuhamad@gmail.com

چۆمی مەهاباد که له بەرزاییەکانی "جاندارا ن" را هەڵدەقوڵێ دوای پەنگاو خواردنەوە لە بەدی ئەنباراوی مەهاباد بە ڕێگای کاناڵ و سەر ڕێژی سەدەوە بە بەستێنی ئەسڵی چۆمەکەدا دەخوشێ و دوای تێپەڕ بوون بە نێو باغەکانی شارو نێوە ڕاستاریدا لە گوندی وسووکەند دەگاتە سەدی لادەر "ئینحرافی" و دوای بەند کردنی دەرژێتە ناو کاناڵی ئاو داشتنی مووچەو مەزرا و ئاخرەکەی ئەم چۆمە تێکەڵی دەریاچەی ورمێ دەبێ. چۆمی تەتەهوو (سیمنە رود) غاڵبەی گوندەکانی بەشی بۆکان ئاو دەدا و بەستێنی ئەو دەشت و مووچەو مەزرای زۆر چاکن، ئەم چۆمەش تێکەڵی دەریاچەی ورمێ دەبێ. چۆمی سەر دەشت سەر چاوەکەی لە خاکی عێراقە، پاش ئەوەی ماوەیەکی زۆر بە خاکی ئێراندا تێ دەپەڕێ دیسان دەگەڕێتەوە ناو خاکی عێراق. ئاوی ئەم چۆمە زۆرە و لە بەستێنی خۆی دا دۆڵ و دەرەی زۆر جوانی پێک هێناوە.

رادەی بارین: بۆ موتاڵای بارینەکانی ئەم ناوچەیە دەبێ مەنشەء و ناو و لایبای ئەم ناوچەیە بزاندرێن. ئەو بایانەی لە ڕۆژاواوە دێن و لە ئۆقیانووسی ئەتڵەسەوە دەڕەتێن بارین و بارانەکانی ئەو ناوچەیە پێک دێنن. لەو ساڵانەی دواییدا لە بەر دروستکرانی سەدی ئەنباراو لە میاندواو ومهاباد هێندێ ئاڵو گۆڕ لە ڕێژیمی بارینی ئەم ناوچەیە دا پێک هاتووە و ئاوی دەریاچەی سەدەکانی باسکراو وەکوو ئاسن رفێن هەورە ڕێبوارەکان هەڵدەمژن و دەبنە هۆی بارینی زیاتر. رادەی بارینی ساڵانە ۴۱۴ میلی میتر حیساب کراوە. پێویست بە گوتنە مێژووی دەستپێکردنی ئازکردنی سەدی مهاباد ۱۳۴۶/۵/۲۸ (۱۹۶۷/۸/۱۹) و مێژووی تەواو بوونی ۱۳۴۹/۷/۲ی هەتاوییە (۱۹۷۰/۹/۲۴). ئەم سەدە لە چەشنی خاکییەو بناخەکەی لە بێتۆنی پلاستیکی بە قووڵایی ۲۰ میترو پانایی یەک میتر داڕێژراوە. رادەی نمی نیسبەتی لە مهاباد لە سەعات ـ ۶/۳۰ دەقیقەی بەیانی دەگاتە ۷۲٪ و لە سەعات ۱۴/۳۰ پاش نیوەڕۆ ۵۷٪. جگە لە تێپەڕینی بای نمداری ڕۆژاوایی، شاری مهاباد هەمیشە کەوتۆتە بەر بای ناوچەیی (بای قۆرغێ ـ بای ساردی زریان ـ بای گەرمی شەماڵ) و چەند بای دیکەی وەرزی و هۆی ئەمەش لە بەر هەڵکەوتنی شار لە نێوان دووقوتبی دژ بە هەقلی ئاوو هەواییە کوێستانە بەرزەکانی ناوچەی مەنگوڕو لەندی شێخان و چیای مەلیک لە لایەک و ناوچەی شارویران و شامات (شامات بەم زەویانەی دەڵێن کە لە ڕۆژگاری کۆن داکەوتوونە بەر هاتنە سەرو چوونە خواری ئاوی دەریاو لە تەک تێپەڕ بوونی زەماندا بە هۆی جۆراوەی چۆم و سێڵاوان بە خاکی زەرعاتدا پۆشراون و ئەگەر بارانی زۆریان بە سەر دا ببارێ خوێی بنەرکیان دەتوێتەوەو سەر لە خاک دەردێنێ) و دەشتی سندووسیان نەغدەدە لە لایەکی دیکەوە بای ئەوتۆ دەخوڵقێنن کە دایمە بە شاری مهاباد و لادێکانی دەورو بەری دا تێدەپەڕن. چیاکان لە بەر بەرزایی زۆر بوونەتە ناوەندی گوشاری بە تەوژم و دەشتەکانیش بونەتە ناوەندی گوشاری کەم و ئەم دوو گوشارەهەواییەی دژ لە هەڤ کاتی جێ گۆڕکێ با ناوچەییەکان پێک دێنن و بای گەرمی باشوری لە وەرزی هاوین و بای ساردی باکووری لە وەرزی زستان دا لەوان زیاد دەبن.

٢ـ جوغرافیای سیاسی:

---

مهاباد (ساوجبولاغی موکری ـ لە زاراوی مهابادی دا سابلاغ) شارێکی قەدیمییە کە لە ڕۆژگاری پێشوو دا ناوەندی مەڵبەندە کوردنشینەکان بووە، بێتلیمووس بە داروشا ناوی بردووە.راولینسۆن ناوی لێناوە داراباس و ئەمڕۆ لە سێ فرسەخی شاری ئێستا گوندێک هەیە بە ناوی دریاز کە وەکی دەردەکەوێ شاری داراباس لەوێ بووە.

لە دابەش کردنە جوغرافیاییەکانی ڕابردوودا دەورو بەرو بەشەکانی بۆکان و سەردەشت

chalakmuhamad@gmail.com

سەر بە مهاباد بوون . هەر وەها شەش دێیستانی : ١ـ ئاختاچی رۆژ هەڵات ، ٢ـ ئاختاچی رۆژاوا ، ٣ـ یاڵ تەمر ، ٤ـ بێهی ، ٥ـ شارویران ، ٦ـ گەورکی موکری . (ئاختاچی یان ئاختابی و تەمر، ناوی خانەکان و حاکمەکانی مەغولن کە رۆژگارێک حوکمی ئەو ناوچانەیان کردووە ). شارویران لە دێیستانە گرنگەکانە و ئاوەدانترین و بە پیت و پیزترین کۆمەڵە لادێی مهابادە . دێیستانی لاجانیش کە لە باکووری رۆژاوای ـ مهاباد هەڵکەوتووە و ناوەندی شوێنگەی خێڵاتی مامەش و پیرانە ، زۆر بە پیت و حاسڵاوییە . تیرە و عەشیرەتی دەورو بەری مهاباد بریتین لە : عەشیرەتی بلباس کە ئەم ناوە هاو پەیمان بوونی تیرەکانی نیشان دەدا ، مەنگوڕ ـ مامەش ـ پیران ـ گەورک ـ سوێسنی ـ ملکاری ـ بریاجی ، لە ئێران و سێ عەشیرەتی پشدەری ـ مەرگەیی و بەشێک لە پیران لە عێراقدان . عەشیرەتی دێبۆکری بە قەبیلەی سەرەکی مهاباد دادەندرێن(و گۆیا ئەم عەشیرەتە لە سەرەتا ڕا لە دیاربەکرەوە هاتوون ) و لە محاڵی شار ویران ـ بێهی ـ و ئاختاچی دا نیشتە جێن . عەشیرەتی بەگزادەکان و ـ خانزادەکان .

## ٣ـ مێژووی کۆمەڵایەتی شارستانی مهاباد لە سەرەتاوە تا شەڕی جیهانی یەکەم :

لە مێژووی کۆمەڵایەتیدا ، ئاڵو گۆڕی سەر بە قەوارەی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری، ـ پێوەندی چینە کۆمەڵایەتیەکان ـ پێوەندی شارو دێ ـ پێوەندی دانیشتووانی نیشتەجێ و دانیشتووانی گەڕۆک و پێوەندی دەرەوەی دەستەیەکی کۆمەڵایەتی ( عەشیرەتە خێڵ و..) دەگەڵ دەستە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە لێک دەدرێتەوە . لە بەر ئەوەی کە ئەم چەشنە پێوەندییانە لە کتێبە مێژووییە سونەتییەکاندا شی ناکرێنەوەو نانووسرێن، بۆیە گێڕانەوەو بەیانی چلۆنایەتی ئاڵو گۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڵ کرێی گرنگی کەم بوونی سەر چاوە بەرەو رووە. لێرەدا بە کەڵک وەرگرتن لەو سەرچاوانەی هەن هەوڵ دەدرێ ڕێبازی ئاڵو گۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی شارو شارستانی مهاباد ، ئەو جۆرەی کە بوون بەیان بکرێ . لە سەرەتای مێژوودا ( مێژووی نووسراوە ) سەر چاوە ئاسوورییەکان باسی بوونی چەند ئەمارەتی بچووک لە لاپاڵی رۆژ هەڵاتی چیاکانی زاگرۆس دەکەن، لەوانە ئەمارەتەکانی خەرخار ، ئەلیپی ، ئەلبیریاو مانا . بە گوێرەی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەو ساڵانەی دوایی دا کراون روون بۆتەوە کە مانایەکان لە گۆڕایی باشووری دەریاچەی ورمێ نیشتەجێ بوون و دەسەڵاتی شانشینی مانایی لە رۆژ هەڵات ، چۆمەکانی تەتەهوو و جەغەتوو و لە باشوور بۆکان و سەقز بووە . ساڵنامەکانی شایانی ئاسوری لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆهەمی بەر لە دایک بوونی مەسیح باسی هاتنی ئێرانییەکان بۆ رۆژهەڵاتی رشتەچیاکانی زاگرۆس دەکەن . ناوی پارسەکان بۆ یەکەم جار لە ساڵی ٨٤٤ی بەر لە زایینی مەسیح و مادییەکان لە ساڵی ٨٣٦ی بەر لە زایینی مەسیح باس کراوە . ئەو بەڵگانەی بە دەستەوەن باسی پێوەندی نێوان ئێرانییەکان کە زۆربەیان ماد بوون و مانایەکان (قەومە ناوچەییەکان) دەکەن . لە زەمانی ئاسار هادوون ، مادییەکان و مانایەکان دژی ئاسوورییەکان رێک کەوتن . لە سەدەی حەوتەمی بەر لە زایینی مەسیح دەسەڵاتی مادییەکان لە باشووری دەریاچە زیاتر پەرەی گرت ، بەڵام تا ئاخرو ئۆخری ئەم سەدەیە مانایەکان یەکایەتی رەگەزی وخۆماڵی خۆیان پاراستبوو. گۆڕی مادی ( فەقرەقا ) لە باکووری مهاباد نیشانەیەکە لە بوونی مادییەکان لەم ناوچەیە . لە سەرو بەندی هەخامەنشییەکان دا ئەو ناوچەیە بەشێک لە قەراڵنشینی مەزنی هەخامەنشی بوو و دوای ئەوان لە زەمانی ئەسکەندەر بوو بە بەشێک لە ئاترۆپاتن ی ماد کە ژەنەڕاڵی هەخامەنشی ئاترۆپات و دوایە جێنشینەکانی

chalakmuhamad@gmail.com

حوکوومەتیان بە سەر دا دەکرد . ناوچەی مهاباد ( گۆڕایی باشووری دەریاچەی ورمێ یان کوردستانی موکری ) و ئازەربایجان لە زەمانی ئەشکانییەکاندا بەگشتی مەڵبەندێکی جیاواز بوو کە لە لایەن چڵێک لە حکوومەتی ئەشکانی ڕا بەڕێوە دەبرا لە زەمانی ساسانیاندا ناوەندی ئەیالەتی گەزکەو ئاورگە بە ناو بانگەکەی لە (لیلان) بووە هۆی ئەوە کە ئێرانییەکان ( لە بەرانبەر خەڵکی خۆماڵی) لەم ناوچەیەدا زیاتر هێز پەیدا کەن، ئیبنی خەردازەبە و مەسعوودی دەنووسن کە شا گەورەکانی ساسانی کاتێ دەیانەویست لە سەر تەختی سەڵتەنەت پاڵی لێوە دەن لە تیسفوونەوە بە مەبەستی دیتنی ئاورگی شیز لە ( تەختی سولەیمان ) بە ڕێگای شارەزوور دا - سەفەریان دەکرد . دوایە نۆرە دەگاتە عەرەبەکان .ئەمیرەکانی عوودی لە بەرزە (سەقز) و سلّق (لاجان) و ئەمیرەکانی تاعی لە تایفەی ردینی کە تەرخانی سەرەکی ئەوان نیریز (سندووس )بوو لەو ناوچەیەدا نیشتەجێ بوون . دوایە کوردە هەزبا - نییەکان جێی ئەمیرە عەرەبەکانیان گرتەوە. ئەوان لە دایکەوە دەگەڵ سیلسیلەی ڕەوادی تەورێزو مەراغە خزمایەتییان بووە. لەم سەرو بەندە دا و شایەد بەر لەم دەیلەمییەکانی گێلان ، هێندێ بەشی سەڵماس و لاجان و هەورامانیان داگیر کرد. لە ئاخرو ئۆخری سەدەی چوارەمی کۆچی تورکەکانی ئۆغوز هاتنە نێو ئانۆوەو لەو زەمانەدا داگیرکردنی ناوچەی نێوان جەغەتوو و مەراغەدەستی پێکرد. موغولەکان لە سەدەی حەوتەم ( سەدەی سێزدەی زایینی )مەراغەیان کردە پێتەخت و ئێڵخانەکانی موغول چەند جار لە دۆڵی جەغەتوودا چادریان لێ دا . ڕەشیدەدینی مێژوو نووس باسی زەمانی ساڵی ٧٠٢ ی کۆچی غازان خان دەکا کە لەو ساڵیدا سەرزەوییەکانی نێوان ئەوپەڕی نەهرو میسر وەک ئیقتاع بۆ هەزاران سوارەی مەغول لە بەر چاو گیرا. ڕەشیدەدین ناوی موڵکە ئیقتاعییەکان ناهێنێ بەڵام ناوی وەک سندووس - و یەڵتەمر کە هێشتاش لە کوردستانی موکری ماونەتەوە ،گرنگن . پاش لە ناو چوونی دەسەڵاتی چەنگیز ، جێنشینە هەرە نیزیکەکانی بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان لە باشووری - ئازربایجان دەگژ یەکدی ڕۆ هاتن و لە زەمانی جەلایرییەکان ئەم ناوچەیە لە سەر ڕێی پێوەندی دوو پێتەختی بەغداو تەورێز بوو .

بوونی هەژمارێکی زۆری ناوی جوغرافیایی (ناوی گوندان ،کێوان ، مووچەو مەزرایان و ...) مەغولی لە ناوچەی دەشتاوی مهاباد ئەوە دەگەینێ کە لە سەرو بەندی حکوومەتی مەغولەکان لە مەراغە ئەم ناوچەیە لە باری کشت و کاڵەوە گرنگی تایبەتی بووە و ئەگەر چی ڕەعییەتەکانیش مەغول نەبوون ، خاوەن زەوییەکان یان لە مەغولەکان یان سەر بە ئەوان بوون ، لە ناوچەی ڕۆژاوای ( شاخاوی ڕۆژاوا ) - کوردستانی موکری کە بۆ کشت و کاڵ لە بار نییە زۆر کەم ناوی ناوچەیی مەغولی هەیە . دوای هەرەس هێنانی دەسەڵاتی مەغولەکان لە مەراغەو لە زەمانی دەسەڵاتی سیلسیلەی تورکەمەنەکان ، لە سەدەی نۆهەمی کۆچیدا ، " سەیفەدینی موکری" ( لە تایفەی کوردەکانی بابان ) درنیازی لە تایفەی جابقلوو ئەستاند و مەڵبەندی دۆڵ باریک - ئاختاچی - یەڵتەمرو سندووسیشی دەسەر خست ، لە تەرکیبی دانیشتووانی ئەو ناوچەیە لەو زەمانیدا زانیاری بە دەستەوە نییە بەڵام عێلاتی ژێر دەسەڵاتی ئەو بە " موکری " ناو بانگیان دەرکرد . تایفەی خەڵکی - سەلکی - سەرکەلی - بابولی مەرزینگ - ورمەزیار ، زەند - لەک و باریک ( کە ناوی ئەوان هێشتاش وەبیر دێوهێندێ نووسراوە باسی کردوون ) لە سەرانسەری ناوچەدا نیشتەجێ بوون . لە زەمانی

chalakmuhamad@gmail.com

سەفەوییەکاندا ئەیالەتەکانی رۆژاوای ئێران مەیدانی بەر بەرەکانی و تێک هەڵچوونی دوو قەراڵنشینی سەفەوی و عوسمانی بوون و حاکمە ناوچەیییەکان، بە گوێرەی دەسەڵات و توانایی یەکلەم دوو قەراڵنشینە، هەر جارەی دەبوونە پێڕەوی یەک لەوان. جێنشینەکانی سەیفەدینیش بە گوێرەی ئەو وەزعە گشتییە دەبزووتنەوە. موکرییەکان دەورێکی زۆریان لە ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی ئەم ناوچەیەدا گێڕاوەو شاری مهاباد (ساوجبلاغی پێشوو) لە لایەن ئەوان را ساز کرا. ئەم شەجەرەنامەی خوارەوە بە گوێرەی سەر چاوە مێژویی و جوغرافیاییەکانی سەرو بەندی سەفەویو قاجارەکانەوە ساز کراوەتەوە.



chalakmuhamad@gmail.com

عوسمانییەکان زۆر جار دەستیان لە کاروباری ئەیالەتە رۆژاییەکانی قەراڵ ـ نشینی سەفەری وەردا و سەر زەوییەکانی ئەرمەنستان و گورجستان پەیتا پەیتا دەستاو دەست دەکران . موکریانیش( کوردستانی موکری) بەشێک لە مەیدانی هەراوی رقەبەری سەفەوی و عوسمانی بوو و جێنشینەکانی سەیفەدین هەر جارەی دەبوونە پێرەوی یەک لەم دو دەسەلاتە . کوڕی سەیفەدین لە شا سمایل را پەڕی و سوڵتان سولەیمان خان پشتیوانی لێکرد . سێ کوڕی سارم لە تافی لاوێتیدا مردن و کوڕە مامەکانی وی وڵاتی بە میرات پێ براویان لە ناو خۆدا بەشکرد . مەڵبەندی دریاز، دۆڵ باریک ، ـ سندووس و ئاختاچی بە برا گەورە شێخ حەیدەر و یەڵتەمر بە میر نەزەرو مەڵبەندی محەممەشە بە میر خدر بران . هەر سێک برا دەستیان لە پێڕەوی کردنی عوسمانییەکان هەڵگرت و بوونە پێڕەوی شا تەهماسبی سەفەوی. لە ئاکامدا بە فەرمانی سوڵتان سەلیم خانی عوسمانی لە ساڵی ٩٤٨ پەلاماری کوردستانی موکری دراو هەرسێک برا لە شەڕ دا کوژران و سوڵتان سەلیم ، ئەمیرە بەگ نەوەی سارمی کردە حاکمی ئەمارەتی موکـــری .

ئەمیرە بەگ ماوەی سی ساڵ ئەمارەتی موکری لە بەر دەست دا بوو و دوای مردنی ئەو برازاکەی ئەمیرە ( کوڕی شێخ حەیدەر) لە پێشدا لە شاتەهماسب و پاشان لە شا سمایل پێڕەوی کرد . لە زەمانی شا سوڵتان محەممەدی سەفەویدا ئەمیرە بەگ بە رێنوێنی محەممەد پاشای میر میرانی وان پێڕەوی سوڵتان مورادخانی رەچاو کـــرد، ومەڵبەندی بابان ، سنجاغ، مووسڵ خرابەسەرکوردستانی موکری و سنجاغی هەولێرو هێنـــدێ لەناوچەکاندران بە کوڕەکانی وی . سەرەڕای ئەمانە ناز ناوی پاشای عوسمانیشیان دایە. حەسەن بەگ و ئەلەغ بەگ کوڕە مامەکانی ئەمیرە پاشا سەریان وەبەر نەهێنا و شا سوڵتان محەممەدی سەفەوی بۆ بە هێز کردنی ناتەباکانی ئەمیرە پاشا مەڵبەندی دیهخارقان ( ئازەرشاری ئێستا ـ وەرگێڕ)ی مەراغەی دایە دەست ئەلەغ بەگ . لە گەڵ ئەوەشـــدا ئەمیرە بەگ گشت سەروە بەر نەهێنەرەکانی خۆی سەرکوت کرد و دوای داگیر کرانـــی تەورێز بە دەستی عوسمانییەکان ئەمیرە سەری وە بەر جەعفەر پاشای عوسمانی کە ببووە حاکمی تەورێز نەهێنا کە لە ئاکامی ئەو کارەدا مەڵبەندی بابان ، سنجـــاغ، مووسڵ و هەولێریان لێ ئەستاندەوەو دوایە لە ناوچەی مەراغە لە نێوان عوسمانییەکان و ئەمیرەدا زۆر پێک هەڵپڕژانی توندو تیژ روویدا . شێخ حەیدەر کوڕی ئەمیرە لە ساڵی ١٠٠٥ سەرە ڕای وەجاغی پێبراوی، مەڵبەندی تەرەغە و ئەجری و سارو قۆرغان و دووئاو و لەیلان و قەڵای تەرەغەو قەڵای سار و قۆرغانی لە بەر دەست دا بوو. قەراڵ نشینـــی سەفەوی لە زەمانی شا عەبباسی سەفەوی( ٩٨٥ـ ١٠٢٨)دا گەیشتە ئەو پەڕی دەسەلات . شا عەبباس هەوڵی دا کە ئەیالەتە رۆژاواییەکان لە دەست عوسمانییەکان بستێنێتەوە. ئەو گێرەو کێشەو شێک هەڵچوونە توندو تیژانەی کە لەو سەرو بەندەدا لە نێوان ئەو دوو قەراڵ نشینەدا روویاندا لە ساڵی ١٠١٧ بوونە هۆی قەتڵی عامی خەڵکی کوردستانی موکری بە دەستی شا عەبباس .

شێخ حەیدەر لە ساڵی ١٠١٢ لە قەڵای ئیرەوان کاتێک شان بە شانی سەربازەکانـــی شا عەبباس دژی عوسمانییەکان شەڕی دەکرد کوژراو پاش ئەو کوڕەکەی قوباد خان بـــوو بە میری عەشیرەتی موکری . قوباد خان لە رووداوەکانی ساڵی ١٠١٧دا کوژراو شێربەگـــی موکری دە گەڵ پاشماوەی خێڵ و عەشیرەتی خۆی پەنای بردە بەر ناوچەی لێڕەوارو شاخاوی و ناوچەی دەشتی کوردستانی موکری ( موکریان) بۆ ماوەیەکی درێژ چۆڵ بوو و کەســی لێ نەدەژیا . بوداغ سوڵتان کوڕی شێر خان لە ساڵی ١٠٣٨ لە پێشدا لە میراویێ نەڵێن

chalakmuhamad@gmail.com

ڕۆنیشت و دوایە شوێنی ئێستای مهاباد (کە ئەو زەمانی ساوجبڵاغی پێ دەکوترا)ی وەک ناوەندی سەر زەوی موکری هەڵبژارد. ئەو هەنگاوی زۆر گرنگی بۆ ئاوەدان کردنەوەی ـ ئەوێ هەڵێنایەوە. لە ساوجبڵاغ خرێکی دروستکرد، سێ بەندی لە سەر چۆمی ساوجبڵاغ بە ناوی بەندی لەجێ، بەندی دارەلەک و بەندی ئەم دیو ئەو دیوی پردی سوور (١٠٧٩) ـ هەڵبەست، مزگەوتی جومعە (مزگەوتی سوور)ی (١٠٨٩) دروستکرد و هەروەها کاروانسەراو حەمامی ساز کرد (کە ئەمڕۆ رووخاون و نەماون). دوای بداغ سوڵتان کوڕەکەی مووسا سوڵتان و دوای ئەو کوڕەکەی شێخاڵی خان لە سەردەشت و ساوجبڵاغ ئەمارەتیان دەکرد. حەمە خان کوڕی شیخاڵی خان کە لە ساوجبڵاغ دا دەنیشت لە ساڵی ١٢١٢ بە ڕەحمەت چوو و بە دوای ئەو دا براکەی بداغ سوڵتان کە دانیشتووی سەردەشت بوو هاتە ساوجبڵاغ لە ئاڵو گۆڕە هەرە گرنگەکان سەر هەڵدانی بڵباسەکان لە سەرەتای سەدەی دوازدەهەمی کۆچییە. سەبارەت بە بنەچەکەی "عەشیرەتی" بڵباس تاکوو ئێستا لێکۆڵینەوەی تەواو نەکراوە. یەکەم جار لە ساڵی ١٠٠٥ی قەمەریدا لە کتێبی شەرەفنامەدا باسی بڵباس وەک ناوی دوازدە تایفە لە ٢٤تایفەی عەشیرەتی ڕۆژکی کراوەو نووسەری شەرەفنامە (ئەمیر شەرەفخانی بتلیسی) لە جێیەکی دیکەدا باسی بڵباسەکان وەک" عەشیرەتێک لە تایفەی بابانەکان" دەکا. بڵباسەکان لەلای ڕۆژاوای موکریان ڕا سەریان هەڵێنا.

دێبۆکرییەکانیش لە ئاخرو ئۆخری سەدەی دوازدەهەمدا وردە وردە هێزێکی زۆرتریان وەدەست هێنا. قەوارەی کۆمەڵایەتی / ئابووری عەشیرەتی بڵباس دەگەڵ دێبۆکری لە بنەڕەتدا لێک جیاوازەو لە بناوانەوە ناوبردنی دێبۆکری وەک عەشیرەت دروست نییە. قەوارەی ئابووریی بڵباس لەسەر ئاژەڵداری دامەزراوەو بڵباسەکان کاتی هاتن بۆ ناوچەی ڕۆژاوای موکریان خەریکی کشت و کاڵ نەبوون، بە ئاژەڵداری و پڕو پاتاڵەوە خەریک بوون پێداویستی بە ژیانی دایمی بڵباسەکان لە لادێ نەدەکرد. بە پێچەوانە، دێبۆکریەکان تایفەیەک لە ئاغاوەت بوون کە وردە وردە بوونە خاوەنی لادێکانی دەورو بەری ساوجبڵاغ و پەرە ئەستاندنی زیاتری نفووزی ئەوان لە ئاخرو ئۆخری سەدەی دوازدە لە گوندەکانی موکریەکاندا لە دریاز (شار وێران)وئاختاچی و بێهی، بە هەڕەشەیەکی جیدی دادەندرا.

لە سەرو بەندی ئەمارەتی بوداغخان (کوڕی شێخاڵیخان کوڕی مووسا خان کوڕی بداغ سوڵتان) لە ساوجبڵاغ (١٢١٢ـ١٢٤٨) بەر بەرەکانی لە نێوان موکری لە لایەک و دێبۆکری و بڵباس لە لایەکی دیکەوە توندو تیژ بوو. ئیمام قوڵیخان کوڕی مامی بداغ سوڵتان لە لایەن کەریم خانی زەندڕا کرا بە مەئمووری حکوومەتی موکری بەڵام لە ملە لە تەک بوداغ سوڵتاندا تێک شکاو کوژرا. دوایە عەلیمرادخانی زەند دنەیمەحموود پاشای بابانی دا موکریان داگیرکا. بەڵام دیسانیش سەر نەکەوتن. لەم ناوەدا بڵباسەکان ناوچەیەکی هەراویان لە ڕۆژاوای موکریان (بەتایبەتی لە دەورو بەری سەردەشت) داگیر کردبوو و تێک هەڵچوونێکی زۆر لە نێوان موکریەکان و بڵباسەکان روی دابوو. کاک برایم کوڕی کاکسولەیمانی مامەش (بڵباس) لادێکانی محاڵی ئاختاچی تاڵان کرد. بداغسوڵتان لە پێشدا دەیەویست بەرێی دۆستانەدا دەگەڵیان ببزوێتەوە بەڵام دوای ماوەیەک دەگەڵ ئەحمەدخانی حاکمی مەراغە لە باپیرئاغای مەنگوڕ و هەزار سوارەی ئەویان بۆ سەر شایی گێڕایەوە و ئەوانیان قەتڵی عام کرد (١٨١٠ی زایینی). بداغ سوڵتان بۆ پتەو کردنی وەزعی خۆی و بە گژ داهاتنەوەی بڵباسەکان دەگەڵ هەوشارەکانی ورمێو حاکمیمەراغە رێک کەوتبوو. محەممەد قوڵیخانی بەگلەربەگی (حاکمی ورمێ) دەگەڵ خەڵکی ورمێو هەوشارەکانی وێ وهاوپەیمانەکانیان دوژمنایەتی دەکرد. ئەو بداغ سوڵتانی بانگ هێشتنی

chalakmuhamad@gmail.com

ورمێ کرد ، لە زیندانی کردو چاوەکانی کوێر کرد . کاتی هاتنە سەر حوکمی قەجەرەکان بداغ خان و ئەحمەدخانی مەراغە پێڕەوییان لەوان کرد . دوای مردنی بداغ خان(١٢٣٨) برایم خانی باکۆیی کە پێشتر کار بە دەستی دیوانی موکری بوو لە لایەن نایبو ـ سەڵتەنەرا کرا بە حاکمی موکری . بەڵام پاش دوو ساڵ لە بەر زوڵم و زۆر لە حکوومەتی موکری وەلا نراو پاشان شێخاڵیخان کوڕی ئەحمەد خانی موقەددەم لەجێی وی دانیشتکە دوای ساڵێک سەری نایەوە . لە ساڵی ١٢٤١ حکوومەتی ئیرسی موکری دیسان لە لایەن نایبو سەڵتەنە عەبباس میرزا ڕا درایەوە بە عەبدوڵاخانی کوڕی بداغ سوڵتان .

عەبدوڵاخان و سوارەی موکری لە شەڕەکانی ئێران و عرووس و لە شەڕی هیرات دا خزمەتی زۆر کر نگیان کرد ، عەبدوڵاخان دوای گەڕانەوە لە شەڕی هیرات لە ساڵی ١٢٥٥ ئەوەندەی تریش کەوتە بەر روحم و کەرامەتی شا . لەم سەرو بەندەدا دژایەتی و تێک هەڵچوونی دێبۆکری و موکری زۆر توندو تیژتری لێ هات . عەبدوڵا خان بۆ چاران و سازان دەگەڵ هەباس ئاغای دێبۆکری و پێشگرتن لە پێک هەڵپڕژان کچەکەی خۆی دا بە کوڕی هەباس ئاغا (قادر ئاغا ). دێبۆکریەکان زۆربەی گوندەکانی موکرییان کڕیبوو یان داگیریان کردبوون . بەشێکی زۆر لە موڵکەکانی خانەکان لە گرێوی سووت و سەلەم خۆران دابوو. عەبدوڵاخان لە ١٦ی رەبیعولسانی ١٢٥٦ هەباس ئاغاو هێندێ لە دەستو پێوەندەکانی ئەوی لە ساوجبلاغ کوشت (ثی کردنەوە : ئەم هەباس ئاغایە هەمان کەسێکە کە مزگەوتی هەباس ـ ئاغا ، حەمامی هەباس ئاغا ، باخی هەباس ئاغا وەمەیدانچەیەکی لە بازاڕ بە نـــاوی بازاڕی هەباس ئاغا دروست کردبوو. ئەمڕۆ تەنیا مزگەوتی هەباس ئاغا لە مهـاباد ماوەتەوە . باغی هەباس ئاغا بە شێوەی قەدیمی نەماوە ـ مەیدانچەکە لە ناو چووە ، و حەمامەکەش لە رووبەڕووی دەواخانەی مەرکەزی ـ ئەیوبیانی ئێستا ، لە نێوەڕاست شەقام و لە ژێر قیرەتاو شاردراوەتەوە ) و قادرئاغاو حەسەن ئاغای ( ردێن سپـــــی گەورکەکان ) کە دەگەڵ دێبۆکرییەکان هاوپەیمان بوون زیندانی کردو دوایە داوای لە محەمەدئاغای برای هەباس ئاغا کرد کە سەری وە بەر بێنێ و لە دەورو بەری شار بۆسە و سەنگەری هەڵکۆلی . محەمەدئاغاسەری وەبەر نەهێناو بە ٨٠٠ سوارەو پیادەوە شاری گەمارۆدا . عەبدوڵاخان دەیەویست زیندانییەکان بۆ هەمیشە لە زینداندا بن و محەمەد ئاغاش لە ناو بەرێ ، بەڵام بە نێونجی کردنی عەبدولکەریم خان (برای عەبدوڵاخان) و سەیید عەبدولقادری شیخەلیسلام قادرئاغا بەردراو چووە پاڵ لەشکری دێبۆکرییەکـان کە شاریان گەمارۆ دابوو. ماوەی شەو و رۆژێک شەڕ بوو دوایە دێبۆکریەکان گەڕانەوە ئیندرقاش و پیرۆت ئاغای دێبۆکری بۆ شکایەت چووە تەورێز . رۆژێک دواتر نیزیک بە ٧٠٠٠ سوارەو پیادەی چەکداری بلباس هاتنە یاریدەی دێبۆکریەکان و دیسان شەڕ دەستی پێ کردەوەو ماوەی حەوتوویەک درێژەی هەبوو و لە دەوروبەر ڕا بۆ هەردوو لا یارمەتی هات . لەم ناوە دا حوسێن خانی قوولەر بە ٦٠ سوارەوە لە لایەن نایبو سەڵتەنـــە قارەمان میرزا ڕا لە تەورێزەوە ناردرا ساوجبلاغ و خان سەری وەبەر هێنان (٢٤ ی ـ رەبیعولسانی ١٢٥٦)و چووە تەورێزو لەوێشەوە چووە تاران . لە تاران چووە خزمەت شاو کەوتە بەر توانج و بناشت . لەم سەرو بەندەدا ئەمیر نیزام میرزا عەلی ئەشرەف و محەمەد شەریف بەگی سەرهەنگ لە لایەن داروسەڵتەنەی تەورێز ڕا بۆ سەردانو لێ کۆڵینەوە ناردرانە مهاباد و زوڵم و زۆری محەمەد شەریف بەگ بووە هۆی زویری و دڵمەنـــدی دانیشتوان تا ئەوەی لە زستانی ساڵی ١٢٥٦ خوداداد خانی گورجی لە تارانەوە بـــۆ

chalakmuhamad@gmail.com

حوکمداری موکری ناردراو دوای ئەوە گەیشتە ساوجبلاغ تەواوی کەس و کارو بنەماڵەی خانی نارده ورمێ و موڵکەکانی لێ سەندن و لە نێو خەڵکیدا (بەتایبەتی بڵباسەکان) ــ دابەشی کرد . زوڵم و زۆری خودادادخان بووە هۆی ئەوە کە دانیشتوانی شار شکایەت بکەن . عەبدوڵاخان و هاو رکێفەکانی ماوەی بیست مانگ لە تاران مانەوەو لە ئەشی شەعبانی ١٢٥٧ چوونە خزمەت شاو نا ئەوانی لاواندەوەو حکوومەتی موکری دیسان پێشکەشی عەبدوڵاخان کرایەوە . خان لە تەوریزیش کەوتە بەر حورمەت و لاواندنەوەی نایبوسەڵتەنە قارەمان میرزا . قارەمان میرزا محەمەد ئاغای دێبۆکری و هێندێکی دیکە لە دێبۆکریەکانی کە هاتبوونە تەورێز چاو پێکەوت و داوای لێ کردن سەر وەبەر خان بهێنن ، بەڵام ئەوان ملیان نەداو بە فەرمانی قارەمان میرزا زیندانی کران . ئەو ئاڵو گۆڕانە بە شێوەیەکی کاتی بوونە هۆی کز بوونی دێبۆکرییەکان. بەڵام مردنی قارەمان میرزا وەزعی بە قازانجی ئەوان گۆڕی . لە ساڵەکانی دواتریشدا بەر بەرەکانی و ملەی نێوان دێبۆکریەکان و موکریەکان درێژەی هەبوو و لە ئاخر و ئۆخری سەدەی سێزدەهەم دا موکریەکان تەقریبەن هەموو موڵک وگوندەکانی خۆیان لە شارویران و محاڵ لە دەستچوو و پاشان بە دانانی حاکمەکانی موکری لە لایەن دارو سەڵتەنەرا هێزی میراتگرانەی ئەوان کۆتایی پێهات . تا دوای شەڕی جیهانی یەکەم بە ساوجبلاغیان دەگوت قەسەبە .

عوسمانییەکان لە ساڵی ١٩٠٤ ی زایینی ئەو ناوچەیان داگیرکردو ئەگەرچی ئێران لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا بێ لایەنی خۆی راگەیاندبوو ، ئەوان دانیشتوانی ناوچەیان دنە دا بۆ ئەوەی لە ژێر ناوی " جیهاد دژی کافران " دا دژی عرووسیات شەڕ بکەن. لە ساڵی ١٩١٤ کۆنسولی عرووسیات لە ساوجبلاغ ، لە شاری میاندواو کوژرا . ساڵی دوایە بە فەرمانی ژەنەراڵ گراخیکۆ ( لە فەرماندەرانی بەرەی قەفقاز ) شاری مەهاباد قەتڵی عام کرا و بە دوای ئەو دا قات و قرییەکی نەبینراو پەیدا بوو.

٤ــ مێژووی کۆمەڵایەتی شارستانی مهاباد لە شەڕی جیهانی یەکەمەوە تا ئێستا

---

لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا بەداخەوە بوونی هێزەکانی دوژمن بە یەکی شورەوی و(*) عوسمانی لە مهاباد و دەورو بەری بووە هۆی خەسارو زیانێکی زۆری گیانی و ماڵی، سەرۆکەکان و رەئیس عەشیرەتەکان لە ژێر دنەی دەوڵەتە ناوبراوەکان دا دەهاورووژان و بەلایەنگری یەک لەوان دژی دەوڵەتەکەی دیکە هێندێ کاریان دەکرد ، هەر وەک ئەوەی کە بە دنەی عوسمانیەکان کۆنسولی عرووسیات لە مهاباد کوژراو ئەم کارە ساتە بووە هۆی هاتنەوەی هێزەکانی عرووسیاتی تیزاری و قەتڵی عامی خەڵک لە شار و لادێکانی دەور و بەری و ئاورتێبەردانی بازاڕی شاری . لەو قەتڵی عامەدا زیاتر لە پێنج هەزار کەس کوژران . تورکە عوسمانیەکان دوای وەدە رکەوتنی هێزەکانی عرووسیات دیسانەکە هاتنەوە نێو شاری مهاباد و سێ کەس لە ناودارانی شاریان بە ناوی : ١ــ خودالێخۆشبوو محەمەدحوسێن خانی سەردار حاکمی ئەوکاتی مهاباد ، ٢ــ خودالێخۆشبوو شێخ بابا پیاوی ئایینی ، عارف و هونەری بەناو بانگ ، ٣ــ سەیفەدین خان لە عەشیرەتەکانی سەقزو عومەرخان حاکمی بانەیان بە تاوانی لایەنگری لە عرووسەکان ئیعدام کرد .

---

(*) تێبینی وەرگێر: لە شەڕی یەکەم هێزی شوورەوی لە مهاباد نەبوو، مەبەستی کۆ کەرەوە (س.م.سەمەدی) سپای تیزارییەو بە هەڵە شوورەوی نووسیوە.

chalakmuhamad@gmail.com

دوای شۆڕشی ئۆکتۆبری عرووسیات ، دەوڵەتی عوسمانیش هێزەکانی خۆی لە مهاباد بردە دەرێ . شاری مهاباد بە تەواوی کاول ببوو ، کەسی تێدا نەمابوو . دانیشتوان کە داڵدەیان بردبووە گوندەکانی دەورو بەرو شارە سنووریەکانی عوسمانی (وەک سلێمانی و...) دیسان گەڕانەوە شوێنی لە دایک بوونی خۆیان و دەستیان کرد بە ئاوەدان کردنەوەی شار ، لەو سەروبەندیدا ژمارەی دانیشتوانی مهاباد نزیک حەوت هەزار کەس بووە .لە رووداوە گرنگەکانی دیکەی دوای شەڕی ناو نەتەوایەتی یەکەم لەم ناوچەیەدا راپەڕینی سمایلاغا (سمکۆ) دژی دەوڵەتی ناوەندییە . تێک هەڵچوونی هێزەکانی دەوڵەتی ناوەندی و سمایلاغا لە تەپەی مەحموودکانی مەهاباد روی داوە کە لەم پێک هەڵپڕژانانەدا فەرماندەری هێزەکانی دەوڵەتی ناوەندی " یاوەر مەلیک زادە" بە دیل گیرا بەڵام سمکۆ بەری دا و رەوانەی میاندواوی کرد . پاش روداوی سمکۆ ، لە ساڵی ١٣٠٧ی هەتاوی راپەڕینی مەلا خەلیلی گوڕەومەڕ پیاوی ئایینی و پێشەوای عێلی مەنگوڕ ویڕای سەرۆکەکان و عەشیرەتەکانی دیکەی عێلی مەنگوڕ دژی دەوڵەتی ناوەندی و بە تایبەتی دژی جل و بەرگی فەرەنگی روویدا . عێلی مەنگوڕ بە مەبەستی داگیر کردنی مهاباد تا نزیک گوندی داشتە مر هاتن و لەو شوێنە لە بەر هێزە دەوڵەتیەکان بەزین و تێک شکان و بڵاوەیان کرد . سەرتیپ زەفەرولدەولە (کە لەوانەیە وشەی زەفەرولدەولە ناز ناوی هەمان سەرتیپ موقەدەم بێ) پاش شکاندنی مەنگوڕەکان وەدوایان دەکەوێ و مەلا خەلیل پەنا دەباتە بەر عێراق ، کە دوایە لەلایەن سەروان بزورگی ئەمیر ئیبراهیمی ڕا دەهێنرێتەوە میراوێ دێی جێی دانیشتنی خۆی . مەلا خەلیل لە ساڵی ١٣٧٥ ی کۆچی قەمەریدا کۆچی دوایی کرد . روداوەکانی خەرمانانی ١٣٢٠ی هەتاوی و راگەیاندنی حکوومەتی جمهوری لە ساڵی ١٣٢٤ ی هەتاوی لەم شارستانە لە گرنگترین روداوەکانی مهابادە (*) کە هاتنی هێزەکانی ئۆردووی شا لە سەرماوەزی ١٣٢٥ی هەتاوی بە فەرماندەری سەرتیپ فەزلوڵای هومایوونی کۆتایی بەم مەسەلانە داو لاپەڕەی دیکەی لە مێژووی ئەم ناوچەیەدا کردەوە .

×*×*×*×*×*×*×*×*×*×*×*×*×*×*×*×*×*×*×*×*×*×*×*×*×*×*×*×*×*×*×*+*+*+*+*×

لە لاپەڕەی ١١٣ی کتێبی " ئێرانی ئەمڕۆ ١٩٠٧ - ١٩٠٦ " نووسراوەی " ئۆژەن ئۆبێن" وەرگێڕاوی فارسی لە لایەن عەلی ئەسغەری سەعیدی - چاپی کتێب فرۆشی زەوار - سەبارەت بە " موکرییەکان و دێبۆکرییەکان " ئاوا دەخوێنینەوە : " .... نزیکەی پەنجا هەزار بنە ماڵەی موکری و دەهەزار بنە ماڵەی دێبۆکری هەن . دێبۆکریەکان باشترین یاریدەدەرانی دەوڵەتن . ئەوان لە سەدەی هەژدەهەم دا لە بەر دەستەنگی و نەداری وایان لێ هات خاکی دیاربەکر بە جێ بێڵن و پاش تێ پەڕین بە زەوی موکریەکاندا گەیشتنە قەراغ دەریاچەی ورمێ . لە بەر ئەوەی ئینسانی زیرەک و چالاک بوون سەر- زەویەکانی بەر دەستی خۆیان ئەوەندە پەرە پێدا تاکوو ئەوەی سەرانەری پێدەشتی "ئارویران " یان کردە موڵکی خۆیان. ئێستا ئەوان ٢٠٠ ئاغای دێیان هەیە . ئەو ئاغایەی لە هەموانیان دەوڵەمەندترە ، "قادر ئاغا"یە کە گشت دۆڵ و دەرەی ئەو ناوە تا دەگاتە دەروازەکانی شاری ساوجبلاغ موڵکی رەبەقی ئەوە . رادەی گوێ لە

---

(*) کۆ کەرەوە هەر بەو چەند رستەیە باسی کۆماری کوردستان لە مهاباد دەکا "تێبینی وەرگێر"

chalakmuhamad@gmail.com

مستی و فەرمانبەرداری موکریەکان یان دێبۆکریەکان لە هێزی ناوەندی هەر چەندێکی بێ ، هەر چۆنێک بێ ئەوان سەبارەت بە بنەچەکە و ریشەی کوردی خۆیان زۆر هۆگرو وەفادارن ... "

-o-o-o-o-o-o-o-o-o-o-o-o-o-o-o-o-o-o-o-o-

## شوێنەوارە گرنگەکانی میعماری مهاباد

مزگەوتی جومعەی مهاباد ( بە ناو بانگ بە مزگەوتی سوور ) لە زەمانی سەڵتەنەتی شا سولەیمانی سەفەوی لە ساڵی ١٠٨٩ی کۆچی قەمەری دروست کراوە . ئەم مزگەوتە لە قەراغ چۆمی مهاباد بە کەلوو پەلی وەک بەرد ـ ئاڵوودار ، خشت ، گڵ و گێچ لە زەوی یەک بە ژێر بینای ٣٠٠ میترو پانایی ١٥٠ میتر و بە هۆی ١٠ ستوونی بەردین و ١٨ گونبەزی خشت داندراوە . نێوان ستونەکان لە یەکدی ٤ میترو نیوە . لای سەرەوەی هەر کام لەو ستوونانە بۆتە چوار گۆشەو هەر یەک لە لایەنەکانی ئەو چوار گۆشەیە بەدانانی ٣ ڕەدیف و نیو خشت بە شێوەی کەوان چۆتە سەرێ و بە بەکار هێنانی ٥٣ ڕەدیف خشت کە دەگەڵ ٥٣ ڕەدیف خشتی سەر ستوونی رووبەڕوو گەیشتوونەتەوە یەکدی تاقەکانی مزگەوت پێک هاتوون و لە هەر چوار تاقەداو بە یارمەتی هەر چوار ستوونی مزگەوت گونبەزێکی خشتین ساز بووە . ئەو گونبەزانە لە تێکڵاوی ٤٨ ڕەدیف جەغزی دەباڵـە وە یەکچووی خشت کە لە سەر یەک داندراون چوونە سەرێ و لووتکەیان بە خشتێکی تەواو پانەو یان کۆتایی دێ .

---

یەکێکی دیکە لە شوێنەوارە مێژوویییەکان ئەشکەوتی بەردینی فەقرەقایە کە لە ٢٠ کیلۆمیتری مهاباد و لەسەر رێی جادەی قیرەتاوی مهاباد ـ میاندوا و لەناوچەی ئاروێران و لە نزیک گوندی ئیندرقاش لە سینگی کێودا هەڵکەندراوە .ئەم خانووە بەردینە لە باوەش رەوەزە بەرددا و دوور لە دەسوێڕاگەیشتنی خەڵک سازکراوە .تەڕکی ئەم ئەشکەوتە رێک نییە و لای بەشی باشووری بە نیسبەت بەشی باکووری نزیکەی ٢٠ سانتیمیتر نەویتـر داتاشراوە .ئەم ئەشکەوتە لەسەریەک چوار ستوونی هەیە ، دوو ستوون لە بەشی نێـوەوەی ئەشکەوتەکەدا و لە نزیک شوێنی جیاوازی تەڕکێتی و دوو ستوونی دیکەش لە لای پێشەوەی ئەشکەوتەکەن.ئەستوورایی هەرکام لەو ستوونانە ١٧٦ سانتیمیترە و وەکوو ئەسکووندەکێک لە رێکی ئەشکەوتەوە تا میچی وی بە بەرزایی ٢٢٠ سانتیمیتر داتاشراوە و لە خوارەوەو لە سەرەوە وەکو پای ستوون و سەری ستوون دەگاتە رێک و میچی ئەشکەوتەکە. لە رێکی ئەشکەوتەکەدا سێ حەوز یان گۆڕ هەڵکەندراون . گۆڕی لای چەپ نیسبەت بە دو گۆڕەکەی دیکە کە لە ئاقار یەکدین گەورەترە . لە بەشی خوارەوەی ئەشکەوتەکەدا وێنەی تیر لە بەرد هەڵکەندراوە کە بە تێپەڕینی زەمان هێندێ بەشی وی لە ناو چوون و هەر بۆیەشە ژمارەیەک لە قەدیمناسان ( وەک دوکتۆر مەلیک زادە مامۆستای زانکۆی ئەدەبییات و زانستە ئینسانییەکانی تاران ) لەو بڕوایەدان کە ئێرە ئەنباری چەک و چۆڵ و شوێنی گەنجینەی سەڵتەنەتی پادشاکانی ئەم ناوچەیە بووە .

---

یەکەم سینەما لە شارستانی مهاباد لە هەژدەهەمی جۆزەردانی ساڵی ١٣٣٠ی هەتاوی

chalakmuhamad@gmail.com

(٨ی ژوئەنی ١٩٥١ ی زایینی) لە جێگای ئێستای چاپخانەی مووەفەقی کە زەمانێــــک کلووبی وەرزشی تاج بوو دامەزرا . لە ساڵی ١٣٣٤ ی هەتاوی ( ١٩٥٥ ی زایینی) هۆڵـــی فەرهەنگی مهاباد ( لە تەنیشت ئیدارەی دوخانییەی ئێستا ) کرا سینەما و لە ساڵـی ١٣٣٧ ی هەتاوی (١٩٥٨ زایینی ) ئاغای عەبدولحوسێنی ئومێدی ( کە دەرەجەداری شەرت پەریوی ئەرتەش بوو) سینەما ئومێدی مەهابادی دروستکرد . لە سالی ١٣٥٤(١٩٧٥ی زایینی) ناوی ئەو سینەمایە لە ئومێدەوە گۆڕا و بوو بە ( شاری تەماشا ). لە ساڵـــی ١٣٤٦(١٩٦٧ ی زایینی) سینەمای شێروخورشیدی ئەوکات بە ناوی سینەما ئاریا دامەزراکە ئێستا ناوی بۆتە سینەما تەربییەت . سینەمایەکیش کە لە ناو ماڵی لاوانی پێشوودا هەبوو لە ساڵی ١٣٥٢( ١٩٧٣ی زایینی) دا ساز کراوە .

---

یەکەم ئیزگەی رادیۆیی لە سالانی ١٣٣٢ و ١٣٣٣ ی هەتاوی (١٩٥٣ و ١٩٥٤ی زایینی )لە مهاباد وەکار کەوت (*) کە برشتی زۆر کەم بوو و جێگای لە یەکێک لە هۆدەکانی ستادی سپا دا بوو (کە لە چوار ڕێی تارەوانی ئێستا ـ ** ) هەڵکەوتبوو ، دەنگی ئەو رادیۆیە هەر لە ناو شاریدا دەبیسترا و رۆژێ چەند سەعات بەرنامەی هەبوو. لە رۆژی ١٥ی رەزبەری ساڵی ١٣٤٩ ی هەتاوی( ٧ی ئۆکتۆبری ١٩٧٠) ئیزگەی رادیۆ مەهاباد بە درێژایی شەپۆلی ٣٣٤ میترو فریکانسی ٨٩٧ کیلۆ هێرتز بۆ تاقیکردنەوە دەستی بەکـــار کرد کە لە ١٥ ی پووشپەڕی ١٣٥١(٦ ژوئییەی ١٩٧٢) بە رەسمی کرایەوەو هەموو رۆژێ ١٤ سەعات بەرنامەی بلاو دەکردەوەو لە مێژوی ١٣٥٢/٩/١ی هەتاوی را ماوەی بلاو بوونـەوەی بەرنامەکان لە شەو و رۆژدا بوو بە ١٦ سەعات ( رۆژانی جومعە ١٨ سەعات ).

ناوەندی تێلێڤیزیۆنی مهاباد لە رۆژی ١٨ رەزبەری ١٣٥٠ (١٠ ئۆکتۆبری ١٩٧١ ) بە نێرەرێکەوە بە هێزی ١٠ وات و لە زەوییەکدا بە گەورەیی دەهەزار میتری چوار گۆشە و ژێر بینای ١٥٠٠ میتری چوارگۆشە لە جەنگەڵی مەسنووعی مهاباد دامەزرا و دەستی بە کار کرد .

---

لە لاپەڕەی ٩ی کتێبی فارسی " نامە مێژوویی یەکانی سەرو بەندی قەجارەکان) ـ نوسراوی ئیبراهیمی سەفائی ـ چاپی ئینتشاراتی بابەک ـ گەلاوێژی ١٣٥٥ی هەتاویـــدا نامەیەکی زۆر سەرنج ڕاکێش بە خەتی ناسرەدین شای قەجار چاپکراوە ، لە بەر ئەوەی ئەم نامەیە لە بابەتی باسی ئەم نووسراوەیە دوور نییە، لێرەدا ناواخنی نامەکە دەکێرینەوە : هەڵبەت پێویست بە وەبیر هێنانەوەیە کە نامەکە بۆ میرزا حوسێن خانـــی سپەهساڵار(موشیرودەولە ) نووسراوە. ئەم دەسخەتە لە زیلقەعیدەی ساڵی ١٢٩٧ی کۆچی قەمەری کاتێک موشیرودەولە بۆ چاککردنی کارو باری ئازربایجان و دامرکاندنـــەوەی ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدیلا بەرەو ئەو هەرێمە چووە ، دەرچووە:

جەنابی موشیرودەولە

ئەگەر چی ماندووم و کارم زۆرە بەلام دیسان ئەوە بە خەتی خۆم دەستوورولعەمەلێکـــــی

---

(*) ئەو زانیاریەش راست نییە ، یەکەم ئێزگەی رادیۆیی لە سەرو بەندی کۆماری کوردستان لە مهاباد پێک هات و دوای زاڵ بوونەوەی هێزی شای کۆڕ بە کۆڕ بە سەرکوردستاندا دزراو برایە سنە . ( وەرگێڕ ).

(**) مەبەستی کۆکەرەوە مەیدانی چوار چرایە . هیچ توندو تیژییەک ج هێشایانەو ج ـ هی مەلایانە ناوی چوار چرا لە بیر گەلی کورد ناباتەوە.(وەرگێڕ).

chalakmuhamad@gmail.com

کورتم بۆ ئێوە نووسی و ئێستا دام بە یەحیا خانی موعتەمەدولمولک وەک چەپەر بیهێنێ.
پاش گەیشتنی ئەو دەستوورولعەمەلە وەک رەش و رووت دەڵێن ئاویشت بە دەستەوە بێت نابێ بیخۆیەوە و دەبێ بچییە ئازربایجان بۆ جێبەجێ کردنی خیلاف و دووبەرەکییەکان و ئینشائەڵا بە زوویی کارەکان جێ بەجێ دەکەی ، ئەم دەستوورلعەمەلە بدە بە وەلی ـ عەهدیش بیخوێنێتەوە . بەراستی لەو بڕوایەدام کە ئەگەر سەبارەت بە دامەزرانی نەزم و هێمنی لە ئازربایجاندا هاوکاری دەگەڵ ئێوە نەکا و هەر خەریکی خەیالاتی قەدیمی خۆی بێ بانکی کەینەوە تاران ، دەوڵەت وەجاغ کوێرەو کوڕی دەوێ .
مەملەکەت نەزمی دەوێ ، کردەوەی ئەم کوردانە زۆر خراپ بووە هەرکە گەیشتییە جێ تەکبیری لێبکە کە هەر نەبێ بۆ ماوەیەکی کاتیش ئەوانەمان لە کۆڵ ببێتەوە تا ئەوەی دوایە ریکەوتنێکی پتەو لە داهاتوودا دەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی بکرێ . ئۆردوویەک لە تارانەوە دەنێرم کە یەکڕاست بچنە ناوچەی ساوجبلاغ هێمنی و نەزمی پێبدەن و بگەڕێنەوە ... دەنگ و باسی سەرەکی وەکی دەڵێن ئەمەیە : ئیقبالودەولە حاکمی ورمێ نەخۆش بێ وازو دەستو پێ سپیلکەیە ، دەسەلاتی ورمێی داوە بە برازاکەی ، ئەویش دەگەڵ شێخ عوبەیدیلا دۆستایەتی هەیە ، محاڵی شنۆ، مەرگەوەڕو تەرگەوەڕی کە شوێنی سەرەکی سنووری ورمێن بە کوڕی شێخ بەکرێ داوەو ئەوی بۆ خۆی هێناوەو لە مەملەکەت داینا وە ، و لە رابردوو شدا لە بەر ئەو دەستێوەردان و بە کرێ دانی محاڵەکان بە کوردەکان قسەی لە نێویان دەڕۆیشت بۆ ئەوەی ئەوەی دەیڵێ،کوردەکان ملی بۆ راگێشن و پێڕەوی لێ بکەن . زۆربەی چەقاوە سرۆیی لە کوردەکانی خۆمانەوەیە بە تایبەتی کوردەکانی موکری و ساوجبلاغی کە دەبێ هەموویان بە توندی و بە تەواوی تەنبێ بکەی و خودا یار بێ سەرۆکەکانیان زنجیر کەو بیان نێرە تاران ... هەوڵ کاری کە دەیکەی ئینشائەڵا لە ناو بردنی ئاژاوەی کوردەکانە و بە هەر تەکبیرێک بێ بە زوویی جێ بە جێی دەکەی هەڵبەت . "
( پێویستە بڵێین کە نامەکە هەمووی ناگێڕینەوەو تەنیا چەند بەشی ئەومان لێرەدا هێنایەوە ).

---

ئەم سەر چاوانەی کە بۆ ئامادە کردنی ئەم نامەیە ( نوسراوەیە ) کەڵکیان لێ وەرگیراوە و جار جار عەینی باسەکانیان وەرگیراوە :
(تێ بینی وەرگێڕ : سەرچاوەکان هەمووبە زمانی فارسین )

١ـ ئێرانی ئەمڕۆ ١٩٠٧ـ١٩٠٦ ، نووسینی : ئۆژەن ئۆبێن، وەرگیراوی عەلی ئەسغەری سەعیدی ـ کتێب فروشی زەوار .
٢ـ ئاریارانی گومناو ، نووسینی : ئەحمەدی کەسرەوی ، ئینتشاراتی ئەمیرکەبیر .
٣ـ نامە مێژوویەکان، نووسینی ئیبراهیمی سەفایی ، ئینتشاراتی بابەک .
٤ـ ساڵنامەی فەرهەنگی مهاباد ، نوسینی محەمەدی مەجدی ، چاپی شەفەقی تەورێز .
٥ـ فەرهەنگ و هونەری مهاباد لە پەنجا ساڵی سەرەتای شاهەنشاهی پەهلەوی ، نووسینی ناسری فەرنوود ، رەزبەری ١٣٥٥ـ لە بلاوکراوەکانی ئیدارەی فەرهەنگ و هونەری ـ مهاباد .

chalakmuhamad@gmail.com

٦- مهابادی دوێنێ و ئەمڕۆ ، بۆڵتەنی شارەوانی مەهاباد ، خەرمانانی ١٣٥١ی هەتاوی(*)
٧- سەرزەوینی زەردەشت - ڕەزائییە ، نووسینی عەلی دیهقان ، ئینتشاراتی ئیبنی سینا .
٨- بۆڵتەنی ژمارە یەکی ئیدارەی فەرهەنگ و هونەری مەهاباد، نووسینی ئاغای سەید قادری جەعفەری .

---

(*) ئەم نوسراوەیە هی ئەمیری حەسەن پوورە، ئەویش خۆی لە باسی کۆماری کوردستان بواردووە : ( تێبینی وەرگێڕ).

---

مێژووی دەسپێکردن و تەواوکردنی تایپی ئەم نامەیە جومعە ١٣٦٣/٢/١٤ ی هەتاوی

تەکسیری یەکەم ڕۆژی ١٣٦٣/٢/١٥ لە ١٧٠ کۆپی دا .

تەکسیری دووهەم ڕۆژی ١٣٦٣/٢/٢٠ لە ٥٠٠ کۆپیدا .

شوێنی فرۆشتن : مهاباد - کتێبفرۆشی مووەفەقی.

chalakmuhamad@gmail.com

# نووسەری چیا

ژمارە (١)، ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٦٣/ ٤ی فێوریەی ١٩٨٥
ژمارە (٢) ، ١٥ی جۆزەردانی ١٣٦٤/ ٥ی ژوئەنی ١٩٨٥

دەستەیەک نووسەرو شاعیرو ڕووناکبیری کورد، لەو چیایە،لە چیای سەرکەشی کوردستان، کۆبوونەتەوەو گۆڤارێکیان ئامادەکردووەو بڵاوکردۆتەوە... ناویان لێ ناوە "نووسەری چیا". نووسەری کورد دەتوانن لە گەلێ جێگەو ڕێگەو گەلێ کات و سەردەمدا کۆ ببنەوە، بەڵام کۆبوونەوە لەو سەرچیایە،لە کوردستانی ئازادکراودا،تامێکی دیکەی هەیەو مانایەکی دیکەی هەیە..

کوردستانی ئازادکراو ئەو بستەخاکەیە کە دوژمنی داگیرکەری لێ دەرکراوە و کورد خۆی دەیبا بەڕێوەو بۆ کوردە...ئەگەر ئالایەکی تیا هەڵبکرێ،هەر ئاڵای کەسک و سوورو زەری کوردستانی تیادا هەڵدەکرێ... ئەگەر خوێندنگەی لێ دابنرێ، زمانی یەکەمی هەر کوردی دەبێ...ئەگەر دامودەزگای لێ دابمەزرێ کورد دەیبەن بەڕێوەو هات و چۆکەرو کارمەندیش هەر بە کوردی قسان دەکەن...

کوردستانی ئازادکراو ئەو خاک و ئاووهەوایەیە کە داری کەسکی خوێنی هەزارسالەمانی تیادا دەڕوێو هەڵدەزنێ و باڵا دەکاو بەدەم شنەی ئازادییەوە دەشەکێتەوە.

ئەو دوو ژمارەیەی "نووسەری چیا" کە تا ئێستا بەرچاومان کەوتوون، ناوەڕۆکێکی بەپێزی هەیە...کۆمەڵێ نووسەری جیاواز گوتارو هەڵبەست و چیرۆک و لێکۆڵینەوەیان تیادا بڵاو کردۆتەوە.

برایینە : دەستتان هەر خۆش بێت و با نووکی خامەتان هەر تیژ بێ!
لە گەڵتانین.. هەتا کورد بن و نووسەری کورد بن و لە پێناوی ئازادیی مرۆڤی کوردو ڕزگارکردنی خاکەکەیدا بژین و بنووسن...

لە گەڵتانین، هەتا یەکێتی و یەکگرتنی کورد،هەموو کوردتان مەبەست بێ و هەوڵی بۆ بدەن و لێی لا نەدەن..

لە گەڵتانین هەتا ڕزگارکردنی وڵاتی کوردان، هەموو وڵاتی کوردتان ئامانج بێت و سروودی بۆ بخوێنن و نەوە لە دوای نەوەی کوردی پێ پەروەردە بکەن..

لە گەڵتانین هەتا بەرژەوەندیی نەتەوەی کوردتان لە هەموو شتێ لەلا پیرۆزترو هێژاتر بێ و بە موو لێی لا نەدەن... هەتا وەکوو نیشتمانپەروەر و ڕووناکبیرانی دنیای چاوکراوەو پێشکەوتوو نەتەوەو وڵات بخەنە پێش گرۆ و پارتی و تاقم.

لەگەڵتانین هەتا قورگ و زمان و دەم و دەست و خامەتان هی وڵات و نەتەوە بێ و خۆتان خاوەنی بن...

لەگەڵتانین هەتا نەبنە کوتەک و مێکوت و قامچی و داردەستی داگیرکەران و زۆرداران... هەر داگیرکەرێ بێ ، هەر زۆردارێ بێ.
برایینە : بنووسن،سروود بڵێن، با دەنگی مرۆڤی کورد لەو ئاخ و گەلی نەوالانەدا ، لەو هەوراز و بنارو پێدەشتانەدا ، لەو چۆڵەوانی و ئاوەدانییانەدا دەنگ بداتەوەو بزرنگێتەوە...

chalakmuhamad@gmail.com

## لە ژمارەکانی ...... داهاتوودا

لەگەڵ هەموو سەختی و دژوارییەکی کارەکەماندا ،دەرچوون و بڵاوبوونەوەی ژمارەی دووی (مامۆستای کورد)، ئێستا ، ئیدی گومانی تێدا نەماوە، ئەوەتا بە دەستتانەوەیەو دەیخوێننەوە. دەرچوونی ژمارەی سێهەم لە ئەگەرو نەگەردایە. مەسەلەکە ئەوە نییە کە نووسینمان بۆ نایێ،یا بێ کێولین و نامانپەرژێ، یانیش کۆڵمان داوە، نا ،نەوەڵڵا هیچ وانییە. مێشک و بیرو دەست و قەڵەمی نووسەران و رووناکبیرانی لاوو لێهاتووی کورد خۆش بێ، هێندەمان گوتار و هەڵبەست و وەرگێڕان بۆ هاتووە، هەتا لێی بڵاوبکەیەوە هەر دوایی نایێ...ئەوەی دەستەپاچەی کردووین کاری تایپکردنەکەیە.. ئاخر بە خودا ، ئەگەر راستتان دەوێ کارێکی هێندە قورس و لەکردن نەهاتووش نییە، بەڵام چ بکەین، ماڵی بێکەسیی کورد بڕمێ...جا ئەگەر ئەم کۆسپەشمان بۆ تەخت بوو،رەنگە ژمارە سێ هێندە دوا نەکەوێ..

ئێمە هەوڵ دەدەین هەمیشە نووسینی بە پێزو هەڵبەستی بە تام و چیرۆکی نایاب بڵاو بکەینەوە... هەوڵ دەدەین لێکۆڵینەوەی دەمەتەقێ هەڵگرو تەنانەت دەمەقڕە ئامێزیش بڵاو بکەینەوە... دەی جا بۆچی نە.. گۆمی مەنگڕاوەستاوی بیری کورد وا نەبێ ناشڵەقێ...

لێرەدا نامانەوێ بدەین لە بنی هەمانەکە، وەلێ هێندەش سەلار نابین کە ورتەمان لە دەم نەیێتە دەر..

لە ژمارەکانی داهاتووماندا نووسینی لەم بابەتانەتان پێشکێش دەکەین :

ـ کاک سەلاحوددینی موهتەدی گوتارێکی نایابی لەسەر شاعیری نوێخوازی جوانەمەرگ سوارەی ئێڵخانیزادە نووسیوە...ئەوی راستی بێت خۆی دەبوایە گوتارەکە لەم ژمارە دووەدا بڵاو کرابایەوە (ئەوەبوو لە لاپەڕە (٤٧)ی ژمارەی پێشوودا بەڵێنێکی وامان دابوو، وەلێ کاک سەلاح ، کاری راست بێت ، تۆزێ درەنگ هاتە دەست .

ـ کاک فازڵ کەریم ئەحمەد چیرۆکێکی لەژێر سەرناوی "سەردانی سەروک"دا نووسیوە، چیرۆک ئەمما چیرۆک ، نە بکەی، نە بخۆی، نە بخەوی.. هەر گوێی بۆ رادێری... کەسێ نەمرێ چاومان پێ دەکەوێ...جا بزانن وایە یا وا نییە!

ـ کاک سەیید محەممەدی سەمەدی شاعیرێکمان پێ دەناسێنێ، کە بە داخەوە، وا دیارە پێشتر هەلی وا نەهاتۆتە پێش تا خوێنەرانی کورد ئاشنای ژیان و بەرهەمی ببن.هیوادارین ئەم ناساندنە ببێتە دەروازەیەک بۆ ناسینی دنیای شیعری رەنگینی ئەم شاعیرەی کە ،خۆشبەختانە، هێشتا دەژێ و دەنووسێ...

ـ کورتە چیرۆکێکیش بڵاو دەکەینەوە...بەڵام چیرۆک چ چیرۆک ؟ ئاگری قوورەتە..!

ـ هێندێ سەرکردەو سیاسەتمەداری ئەوڕۆی کوردستان لەمەڕ رەوش و هەل و مەرجی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد دەدوێن.. باسی بیرو باوەڕ، کوردایەتی ، برایەتیی گەلان...و پاشەڕۆژی کوردستان دەکەن.

chalakmuhamad@gmail.com

gelek rojneme û kovarêd Sovîêtistanêda miqale çap bûne.

Eva çend sale,ku du ewledê kurda-xwişk û bira Vladîmîr û Natêla Qasim têatra Lênîmgradêye akademîêye opêraê û balêtêda naskirine.Vladîmîrê Qasim Ecemov dilqêd serekeda dilîze.Ewî hetanî niha dilqêd usaye dijwarda lîstîye,çawa ku dilqê Roméo balêta Prokofyêve "Roméo û Cûlîêt"-da,Armên-baleta Aram Xaçatfryanê "Gayanê"-da û yêd mayîn.Hetanî niha xwûşk û birêd binêcîê bajarê Tblîsîêyî wextekê tevî têatra xweyêe bi nav û deng çûne welatêd Avstrîaê,Mongolîaê,Italîaê,Komara Almanîaêye Demokratîê û hunurê xwe nîşanî gelek gelêd dinyaê kirine.

Artîstekî kurdî mayîn Hesenê Qûlîye.Eva çend salin,ku ew artîstê têatra Yêrêvanêye dramatîkîêye.Nava wan salada gelek dilqada lîstîye.Gava ewê têatrê spêktakla "Hamlêt" danî,Hesenê Qûlî dilqê keşîşda kivş kirin û ewî bi lîstika xweva maşoqe hunurmendîê zendegirtî hişt.Hazira,herweha rojneme û kovarêd komarê qîmetekî bilind dane hostatîya wî.Hesenê Qulî kînoşiklada jî dilîze.Van axirîya gava kînofîlma bi navê "Pişt heft çyada" nîşan dan,dilqekî serekeda ewî dilîst.Ew wedekî dirêj bûye rêjîsorê têatra Elegezêye kurdaye gelêrîê.

Artîstêd kurd xwezma,dereca sîrkêda pirin.Mesele,Sertîv Mînêralov wextêda kloûn (mesqereçî -henekçî) sîrka Tblîsîê bûye,gelek sala Nazî Şîreyra tevayî usa jî sîrka Yêrêvanêda lîstîye.Têmûrê Dasinî fokisçî-laqirdçîê sîrka Tblîsîê bûye û pêra jî li fîlarmonîa Gurcistanêda,wextê konsertêd êstradaê pêşda hatîye.Niha ew navça Gurcistanêye Gardabanîêda,li qesra kûltûraê serekê koma artîstêd sîrkêye.Ezîzê Bişar niha artîstê sîrka Tblîsêye.Sîrkêda ew du janrada dilîze,cîkî çawa fokisçî,cîkî jî terewîla kedî dike.

Bilî van artîstêd profêsîonal,usa jî gelek artîstêd kurdaye xwexwehînbûyî hene li têatrêd Tblîsîê û Elegezêye kurdaye cimetîêda.Gelek artîstêd xweyê şûret û merîfeta pir 40-î zêdetir radîokompozîsîaêd xeberdanêd radîoa kurdîda lîstine.

Demek,we derc kir,wekî artîstêd Sovîêtistanêye kurd gihîştine çito açixîa ne tenê nava kurda û çend komarada,lê usa jî temamîya welêt û welatêd derekeda jî.

Têmûrê Xelîl Mûradov

chalakmuhamad@gmail.com

min,û ez wanra şirovedikim.

Belê, Nazî Şîray her dera-ji Yêrêvanê girtî hetanî Parîzê,ji Lênîngradê hetanî Iranê,Turkîaê hetanî Amerîkaê,her dera timê jî navê kurdêd Sovîêt bilind xwey kirîye,mala xwe bi xalîçê kurdîye bedewva xemilandîye.

Jina kurd timê ji sazbendîyê hiz kirîye,li şaya govenda,bindarûka sitiraye.Bingevanê lîtêratûra ermenîya,xwêrxwezê gelê kurda-Xaçatîr Abovyan wextêda gotîye,ku her kurdek bi ruhê xweva dengbêj yanê jî hozane.Lê tenê bi saya qeydê Sovêtîê mecal kete kurda,ku hunurê xwe,zên û firasetê xwe nîşanî bi hezara temaşevanêd miletêd cihê-cihê bike.

Dota kurda-Zîna Telo çend sala bûye alîkara rêjîsorê têatra Tbîlîsêye ser navê Grîboêdov,paşê bûye dengbêja koma sitiranêye bi nav û deng,ya bi navê "Rêro".Çend plastînkêde(selik)sitiranêd wê derketine.Ew bûye alîkara rêjîsorê têatra Tbîlîsêye kurdaye gelêrîê.Wêra tevayî kubreke kurmancî lêye,lema jî gava çend sala pêşda paytextê komara Gurcistanêye biratêê rêdaksîona xeberdanêd radôêye(pêlweş)kurdî hate vekirinê,ewê teglîf kirin û ew bû dîktora (peyvkar,xeberdankir) wê radîoêye pêşîn.

Derheqa Artîstê komara Çêçêno-Ingûşîaêye avtonomeemekdar Ebdullê Muhemedsa em dikarin bêjin,ku ew eva 25 sala zêdetire,wekî reqesvanê koma bi navê"Vaynax"e serekeye.Ew ser dika mînanî teyrekî baz direqise û ser afîşa wêneyê wî wî awahî jî hatîye kişandinê.Gelek cara ji Moskow,bi têlêvîzyonê pêşdahatinêd wê komê nîşan dikin.Em gelek temaşeçîyara tevayî reqasa wîye çapik-çelengva heyr-hijmekar man.Dema min çendekî pêşda pêra bi têlêfonê xeberda,ewî bi kurdîke delal û zelal bersîva min da.Gava min jê pirsî, ku ne axir bajarê Groznîêda kurd tunene, ew ji ku usa kurmancî hîn buye,ewî bersîva min da û got,wekî gava ew dya xwera wextêda ji kurdistana Iranê hatine,dya wî tenê kurdî zanibûye û pêra hetanî niha jî kurdî gotina dike.

Ebdulle Muhemed bi koma xwera tevayî gelek cara çûye Moskvaê û Hordananê,Vladîvostokê û Sûrîaê,Mozambîkê û Taşkentê.

Çawa hemû artîstên Sovîêtistanêye kurde profêsîonal,usa jî rêjîsora têatra Yêrêvanêye pantomîmaêye(têatra bê zar)sereke Paşa Polatov alîê dereca xweda xweyê xwendina bilindin.Lê paşa û du înstîtût xilaz kirine-yek Moskvaê,yek jî Lenîngradê.Têatra wî awahî li yekîtî Sovîêt sê hebin.Serkarê yekê ji wana ewledê kurde.Ew çend pêşdehatinêd têatra xweda êlêmêntê folklora kurdî daye xebatê.Ew yek fêmdarîya,çimkî nava deba kurdada,erf-edetê meda derecêd pantomîmaê hene,çawa ji bo nimûnê,wextî kosegeldî digere,gava bûka teze bûktîê dike û cîêd maîn.Çawa em pê hesyan,têatr hazir dibe bi motîvê pîêsa "Memê û Eyşê" spêktaklekê ya bê deng nîşanke.Pîês nivîskar Xelîlê Çaçan Mûradov nivîsîye.Tâatra pantomîmaê,ku Paşaê Reşîd Polatov serokatîê lê dike,van axirîya tevî fêstîvala cahila û xwendkaraye hemdinyaêye XII bû li Moskvaê.

Wextêda miqaleke Paşa Polatov rojnema kurdîye"Rya teze"-da çap bûye bi sernivîsara "pantomîma nava deba kurdada".Lê derheqa wî û têatra wîda

chalakmuhamad@gmail.com

Artîstên Sovyetistanêye kurd ên profêsyonal

Demekê,gava derheqa pêşdaçûyina kurdêd Yekîtî Sovîêtda dibû xeberdan,mirov dikaribû nava miqalekêda derheqa açixîêd her dereceda dastanî bigota.Lê îro ew destanîn haqas gelekin,ku em mecbûr dibin paraveyî ser dereca bikin û derheqa her derecekêda cihê bêjin.Carna jî usa diqewime,ku derheqa destanînêd kurdekî Sovyetistanêda miqalek jî têrê nake,ku bê ber çêva,ka ew bi saya qeydê meyî sosîalîstîê,nava jîyanê da mîaserkirina sîyaseta Lenînî êye miletîê gihîştîye çi destanîna.

Benda meye îroyînda emê tenê derheqa dereceke pêşdaçûyîna çanda me-dereca hunurmendîê,diha rast,derheqa artîstêd Sovîêtistanêye kurdda wera gilîkin.

Vê demê bajarê Yekîtî Sovîête Moskvaê,Lênîngradê,Yêrênanê,Tblîsîê,Groznîê,û bajarêd mayînda gelek artîstêd kurde profêsîonal hene.Nav-dengê hineka ji wana temamîya welêtda eyane,derheqa wana û hostatîya wanda gelek cara rojneme û kovarêd Sovêtîde û welatêd derekeye cihê-cihêda hatine çapkirinê,gava gilî hatîye ortê,gotinê,filan artîst eslê xweva kurde.Bi saya van yeka gel û netewayên welatê me nasîya xwe dane pêşdaçûyîna kurdêd Sovêtîê.

Iro dota kurd Nazî Şîray artîsta sîrkêye dinêeyane,ewledê kurd Paşa Poladov rêjîsorê têatra Yrrêvanêye pantomîmaêyî serekeye,Ebdulê Muhemed reqasvanê koma bajarê Groznîêye bi navê "Vaynax"-e,Vova û Natêlla Qasim artîstêd balêtêne li bajarê Lênîngradê,Zîna Telo dengbêja koma Tbîlîsîêye "Rêro"-e û gelekêd mayîn.

Niha derheqa wan artîsta û hinekêd mayînda ezê bi hûrgilî binivîsim.

Nazî Şîray...Ev nava navekî nase bona gişka.Y ewê navê bi xwe qazanc kirîye.Dota kurd Nazî Şîray eva 35 sala zêdetire,wekî ser dikê sîrkêd Yekîtî Sovîêt û welatêd dereke,cilê kurmancîyê reng-rengî xwekirî temaşevana hewas-hijmekar dihêle.Artîsta komera Urisêtêye Sovêtîêye Sosîalîstîêye Fêdêratîvê emekdar salêd cihê-cihê sîrkêd Tbîlîsê,Yêrêvanêda lîstîye,lê paşê çûye sîrka Moskvaê û hetanî niha jî wêderê pêşda tê.Lîstika wêda hejmarêd usa hene,ku destê xwe,hevra berdide,defa destê rastê ser milê wêra derbas dibe diçe ser milê dinê,defa dinê jî wî awahî,ber hevra ser patika wêra derbaz dibin û ne hev dikevin,ne jî dikevin.Lê ênsîklopedîya ermenîaye sovêtîê hejmareke xweda derheqa Nazî Şîrayda nivîsîye,wekî hejmarêd wêye "Heykelêd tûnc"sertaca lîstika wêye.

Çaxa ez Moskvaê çûme mêvanîya wê,ewê derheqa xwe û lîstika xweda ha minra gilî kir:

-Hejmara mine lape hizkirî ewe,gava ez cilê kurdî xwedikim,bi desta defê dixim,lê bi herdu linga jî ser haceta anegor miqamê kurdî lê dixim.Paşê nas-nenas min pirs dikin "Ew çi sazbendîye,ya kîjan miletîye",ez kubar bersîva wana didim,ku ya kurdîye û ez jî kurdim.Paşê gilî tê ser gelê

**A. ARIF:** chalakmuhamad@gmail.com

## MIN JI HESRETA TE QEYD KEWN KIRIN

Te, pezindaniya te,
Ji zarukan ra, ji qehremanan ra.
Te, pezındaniya te,
Ji bênamûsan ra, ji halnezan,
Virên hîz ra.

Li pey hev çend zemherî,
Gur radiziya,çivîk radiziya,zindan radiziya.
Li derve dinyakî ku gure-gur diherikî...
Yek ez ranezam,
Çend leylo bihar,
Min ji hesreta te qeyd kewn kirin.
Gulên xwînê bi pora teve bikim
Yek li wî alî,
Yek li vî alî...

Te,ez bikaribûma te biqîriyam,
Ji bîrên bêbin ra,
Ji sitêrkên ku diherikin ra,
Heta ji niftikekê,
Niftikekê ku ketiye
Nava pêlên bêdengtirîn yên Okyanûsyayê.

Weegêr: NEDÎM HEKARÎ

chalakmuhamad@gmail.com

Pêşiyê me xêrê nebinın, me nexwendıne, ne kıtêb, ne ji defter e, weki her qewımandınêd me ji bêne nıvisarê. -Zıvıri ser mın, bın lêva da keniya- Bextewari serê mın, katıbek tune jı lawkêd eskeriyê ra kaxezeki bınivisım, ma ku teriqê bınvisın.

Kurê xwe ra bêjım, Evdalê Zeynıkê dengbêj bû. Qonax-qonax ewi avête siyara û nexweşa, heta hatın. Bayê samê axır lı Edal ji da bû, ew jı nexweşê nemır, jı her du çava ew nuxsan bû.

Rojeki rêncber jı deştê qulıngeki qanateki wi şıkesti dıgırın, tinın gund. Evdal lavaya lı rencbera dıke: "Ewi qulingi bıdıne mın, ew ji mina mın bırindar e. Bıdın ez qanatê wi gırêdım belki qenç be here bıghije hevalêd xwe, mina mın heta- hetayê bıra jı hevala şunda nemine û jı refê xwe neqete."

Rençber heyfê lı Evdal tinın û dıbêjın: "Kerem ke, hanê jı te ra, apê Evdal".

Evdal qulingê xwe tine, perê wi ciyê şıkesti da gırêdıdê, dı wedeki kın da qanatê qulıng dıcebıre, ew hini Evdal dıbe û hev ra dıbıne heval û hogır.

Bahar tê, beleki dıkevıne erdê, teyra de jı zıvıstana serhadaye sar ber bı welatêd germ çûyi, kı zıvıstana xwe lı wan welata derbaz dıkın, hêdi hêdi vedıgerın tên welatê serhedê, weki dısa lı deştê-zozana, wê çêrê, gul, sosın û teher-teher çiçekêd delal, usa ji saz û gulêd avêd sar bıgerın, hêlûna dayinın, cucıka derxın, bı fıraxın, ku paizê wan ji bıdıne rex xwe û dısa berê xwe bıdıne welatê germ.

Evdal hiviya refêd qulınga bû, jı bona wê sozê dayi, ku qanatê qulıng qenc ke û careke dın dısa bıghine hevala. "Hemın ez şunda mame, bıra qulıngê mın şunda nemine, bıghije hevala",Evdal dıgot. Ew bê sebır hiviya hatına qulınga û dengê wani ziz bû.

Ew roja Evdal hiviyê bû, ew roj hat. Bû qire-qira qulınga, hatın ser gund ra derbaz bûn, sıtu dırêj kırıbûn, per dıkutan. Derbaz bûn, çûn lı mêrg û çimanêd bınatara gund da danin. Lê merıv kıfş dıkır, kı jı welatê dûr hatıbûn, weki ser gund ra ji derbaz dıbûn û dıkırıne qire-qir te dıgot qey ew dıbêjın. "Sılawa şırin jı we ra, em dısa hatıne zozanêd we. Paizê jı dia lı oxıra me binın".

Wê şevê Evdal raneza, ewi dıxwest zû sıbe safi be, ku ew qulıngê xwe bıbe bıghine refê wi, weki ew ji bıghije hevala. Sıbê Evdal bı çend xorta va, berek ji zarêd gund va çûne çimana, weki qulıng jı wan ne sılkın. Qulıng dane destê cahıleki sıvık, weki bı tele-tele qulıng berda nava refê qulınga. Ewi ku berda, qulıng çû nava qulınga. Kurê xwe ra bêjım, qulıng lı wi qulingi hatına hev û dane ber dındıka, weki qulıng nefıriya, ber bı merıva nehat, wê ber dandıka da bıkuştına.

Ewdal, kı pê hesiya çı behse, got: "Binın, binın, kıfşe ewi pêşkêşi mın dıkın, bıra ew ji jı mın ra bımine heval".

Evdal û qulıng usa hini hev du bûn, yek bê yeki temûl nedıkır. Şeva, kı Evdal derengi bıketa, qulıng dıkıre qire-qir, deng lê dıkır, hılbet dıgot: "Rabe bıstırê ", Evdal zehf kılam avêtıbûne ser xwe, jı wan kılama ez du heba bêjım.

Ewi dıgot, qulıng ji pê ra dıqıriya, hılbet tewin dıda Ewdal.

"Qemeki lı serê Evdulah Begê dane, çawa kes tıneye cabekê bıbe êla Zila mala xalê. (xxx)

*Ez Evdal ım, ez Evdal ım,*
*Jı bona gotınêd qomsi û nemama*
*Jı cegerê bırindar ım,*
*Ezê pırs û pırsiyara bıkım,*
*Kê here tıblisa xudê avakırı ser hekima,*
*Jı bona nosaniya herdu çava ez heval ım.*
*Qulıngo, malxırabo, vê berbangi te ser mın da çıma ha qirine ?*
*Malxırabo, çavêd mın kor ın, qanatê te şıkestine,*
*Were emê herın xwe bawêjıne ser ocaxa Şex Şemdine,*
*Belki xudê çavêd mın sax ke, qanatê te bıcebırine.*
*Heyla wayê, heyla wayê..*
*Feleke xayin e bı Evdali Zeynê*
*Gula govendara nayê"*

Hevt sala Evdal temam dıbe, tı hekim tı çarê lı çavê wi nakın. Şeveki qulıng dıqire, Evdal mina cara radıbe kı bıstırê, sıtran devê wi da ew kulekê dıbine, çavêd xwe mız dıbe, usa dızane kı qerebere ne têne ber çavê wi, careke dınê dınhêre, ne kı kulek, hela stêrkêd ezman ji kulekê ra tên xuyan. Evdal zarêd xwe hışyar dıke, dıbêje: "Mızginiya mın jı we ra, rabıne ser xwe, çavêd mın vebûne."

Berê kesek bawer nake, ewana çırê vêdıxın Evdal dıbêje: "Hûn bawer nakın? Aha, kıncê te vi rengi, yêd wi wi rengi ne, eger bawer nakın têl û derzi jı mın ra binın, ez derziyê jı we ra têlkım".

Aha lawo, kurê mın, Xudê usa lı wi evdi hate rehmê..

Xudê, tı lı hemû evdê tengiya bêyi rehmê, usa ji lı Îbıkê mın i xerib bêyi rehmê.

---

*(xxx) Lı gor baweriya me, ev du xet dı çapa tipên erebi da bı xeleti hatiye çapkırın. Jı ber ku tu eleqeyê wan bı tekstê va tune ne.*

chalakmuhamad@gmail.com

nê dıçın. Lı Ermenistanê ber pala Çiyayê Elegezê datinın û ciwar dıbın. Ehmed ji bı malbata xwe va bı wan ra ye. Dema ku Şoreşa Sovyetê lı aliyê Qafqasê ji bı ser dıkeve, nizama sosyalisti jı cımaeta Kurdan ra ji rêyeke ronahi, jiyaneke nû vedıke. Rewşa kurdan tê guhartın, imkanên nû dıkeve destên kurdan. Xebata çandi û rewşenbiri ji dı nav wan da xwe nişan dıde. Ehmed jı Ermenistanê radıbe dıçe Gurcıstanê, xwe dıgıhine rewşenbirên kurdên dın wek Eminê Evdal, Esedê Cengo û Kamıl Begê (Paşa) Bedırxan.

Gava ku Ehmed hê lı Diyadinê xwendekar bıye, carna bı hevalêd xwe va û çûye Beyazidê û lı wır "Mem û Zin" a Ehmedê Xani û destnıvisara Mela Mehmûdê Beyazidi bı dest xıstiye û xwendiye. Wê demê bajarê Beyazidê jı aliyê rewşenbiri û welatparêziyê da ciyeki pêşvaçûyi bûye. Ehmed lı wê derê hıs û ramana welatparêziyê wergırtiye û dı rewşa kurdan da û meseleyên kurdan da agêhdar bûye.(xx)

Dema ku Ehmed dıçe xwe dıghine Tıflisê, lı wê derê dest bı xebata rewşenbiriyê dıke û tevi xebata Kamil Begê Bedırxan, Eminê Evdal, Esedê Cengo, Lazo (Agop Gazaryan) û jına wi Olga Gazaryan dıbe. Wê çaxê gelek kurd jı aliyê Qersê û dorhêla Wan û Beyazidê ji mıhacır bûne, hatıne Gurcıstanê û lı wır ciwar bûne. Ehmedê Mırazi wek rewşenbireki, dı xebata şiyarbûn û ronakbûna wan kurdan da ci dıstine û dıxebıte. Aliyê dın va ji xebata berhevkırına folklor û zargotına kurdi dıke, şiır, piyes û gotaran dınıvise.

Ehmedê Mırazi heta sala 1937 an lı Gurcıstanê dımine, paşê dıçe Ermenistanê nav malbat û pısmamêd xwe. Lı wê derê ji dest jı xebata xwe bernade û dıdomine. Gava ku teqawıt dıbe, gundê Sovyêtekan ava dıke û lı wır jı xwe ra ciwar dıbe. Dı sala 1961 an da ji dımıre.

Gelek afırandınêd Ehmedê Mırazi wek şiır, helbest û nıvisar dı rojnameya "Rêya Teze" da û dı "Antolojiya Komela Nıviskaran" da hatiye weşandın. Disa dı sala 1935 an da piyeseke wi bı navê "Zemanê Çûyi" hatiye weşandın û ew piyes lı pır ciyan ji hatiye listın.

Dı nav afırandınêd Ehmedê Mırazi da ya heri gıring, kıtêba wi ya "Biraninêd Mın" e. Ehmed dı biraninêd xwe da dı destpêka qerna bistan da jiyana kurdan tine ber çavan. Rewşa Kurdan dı dema Osmaniyan da, çı gund çı bajarên bıçûk, wek Diyadinê, nişan dıde û eşkere dıke. Her wısan ji peywendi û danûstandınên Kurdên Êzidi û Mısılman bı hev ra û bı Ermeniyan ra, peywendiyên gundi û axa û began, rewşa "Sıwarên Hemidiye" dı Şerê Cihanê yê Yekemin da, peywendiyên gundi û fırarên Kurd û Zaptiyên Osmani, wek mışahıdeki pıspor, taswir dıke û wek tabloyeke jindar tine ber çavan û pêşkêş dıke.

Gıringiya vê kıtêbê jı aliyeki dın va ji ev e, ku nıviskar ci bı ci xısusiyeta folklorik ji bı kar tine. Mesela, dı diwana axayê gundê wan da, dengbêjan çawan kılam û çirokêd xwe pêşkêş kırıne, gundi bı çaveki çawan bılınd dengbêjan ra fekıriye û dereceke çawan bılınd û bı rûmet daye wan, tê qısekırın û çend kılam û çirok ji wek nımune tê nişandan.

Disa Ehmedê Mırazi dı vê afırandına xwe da, gerek bı taswirêd tebietê da, gerek dı taswirêd mırovan û derdora wan da jı nesra (pexşana) kurdi ra gelek nımuneyêd serketi û bedew pêşkêş dıke û jê ra dewlemendi tine. Zımani wi yê qısekırınê gelek henki, zelal û bı reng e. Her çıqas wek nıviskarên Kurdên Sovyetê yên dın, gelek kelime û tabirên tırki ji bı kar aniye, disa ji dewlemendiya zımanê wi wında nebûye.

Biraninêd Ehmedê Mırazi ne bı tenê jı aliyê edebi û pexşana (nesra) kurdi da xwedi bıhayeki ye, ew jı aliyê lêkolin û lêgerina diroka kurdan a dema nêzik, diroka cıvata kurdan jı aliyê abori, cıvaki û çandi da, her wısan ji rûberhevkırına folklor, ol (din) û etnografiyê da çavkaniyeke gıring, dewlemend û xwedi bıha ye.

Em lı vıra jı kıtêbê du perçeyên folklorik wek nımune pêşkêş dıkın. Perçeya yekemin dı derheqa "Surmeli Memed Paşa" da ye, ya dın dı derheqa dengbêjê bı nav û deng "Evdalê Zeynıkê" da ye. Ev du beş, gava ku Ehmedê Mırazi hê lı Diyadinê xwendekar e, lı wê jı aliyê pirejıneke ku navê wê Meta Emê bûye - jê ra tê qısekırın.

* * * * *

### XOZAN Û MEMED PAŞA

— Meta Emê, ne te got: "Ezê salıxê Memed Paşa jı te ra bıkım?"

— Erê lawo, weki wextê te heye, rûnê ezê jı te ra bêjım. Ez ji dıxwezım merıvek hebe, ez pê ra xeberdım, yan na heta êvarê tenê ez ker û gêj dıbım. Rûnê lawo, rûne...

— Surmeli Memed Paşa mêreki zori zor bû, Meta Emê destpêkır,-Ewi hesabê mırınê jı xwe ra ne dıkır. Çaxê kela xwe çêkır, merıv hıldan bırıne temaşê û pırsi: "Ev kela mınê çend sala emır bıke?" Ew merıvana dıbêjın: "Qet na wê sed sali emır bıke'" dibêje "Paşi sed sali ezi disa çêkım".

— Dêmek jı nemıra bûye, —Metê got- Bırê, kurê xweyi delal ra bêjım, Xozan weleteki qûm e germıstan e. Mıletê Xozanê mılete ki mêrxas û usa ji sersax bû, ber Dewleta Ali Osman asê dıbû, xere û vergi ne dıda dewletê. Dewlet neçar ma, esker şandıne ser wana, disa tıştek pê nekır. Dıgotın ewana dıbûne du desta, xwe xişi nav qûme dıkırın. Esker, ku dıhat, tıştek rê da ne dıdit û derbaz dıbû, pêş da dıçû. Ewana destek jı pêşiyê jı bın

(xx) Dîsa bınêre: Şukur Mustefa, pêşgotın jı bo "Biraninêd Mın", "Kovara Kori Zanyari Kurd", rûpel: 206.

chalakmuhamad@gmail.com

# EHMEDÊ MIRAZİ

# Û

# KITÊBA Wİ YA "BİRANİNÊD MIN"

W. ZEYDAN

Xatırat yan ji biranin (yaddaşt), wek tê zanin beşek jı edebiyatê ye. Afırandınên wek biranin ne bı tenê jı aliyê edebiyatê da ciyeki gıring dıgrın. Lê belê ew lı cem diroknıvisan, diroknıvisên edebiyatê û lı cem lêger û lêkolinerên cıvaki ji, wek çavkani (serkani) ciyeki gıring dıgrın.

Gava ku iro em lı edebyata kurdi dınêrın, sed mıxabın, em dıbinın, ku dı edebyata kurdi da hejmarên biraninan ne ewqas pır ın. Zemanên çûyi da rewşenbirên kurd, têkoşerên kurd, zana û siyasiyên kurd derheqa zemanê xwe, jiyana xwe û têkoşina xwe da nenıvisandıne. Ev kêmasiya ha ne bı tenê jı aliyê edebyatê da tê ber çavan, lê jı aliyê lêkolina diroka edebyat da, bı tevayi diroka mıletê kurd û lêkolina pêşvahatına cıvata kurd, kêmasiya afırandınên wek biranin kêmasiyeke heri gırıngtır dıbe.

Rewşenbirên kurd, ku biraninêd xwe nıvisandıne û wek mirateke kulturi jı mıletê xwe ra hıştıne bên hêjmartın, tên ditın ku ne ewqas zêde ne. Yek jı wan rewşenbiran, ku biraninêd xwe nıvisandiye û mıletê xwe ra hıştiye, nıviskar û şair Ehmedê Mırazi ye. Kıtêba wi ya "Biraninêd Mın" hem jı aliyê edebi, folklori, diroki û hem ji jı aliyê lêkolin û rûberhevkırına cıvata Kurdan da çavkaniyeke hêja û kêrhati ye.

Kıtêb bı xwe du cıld ın û bı elfabeya kiriliki lı Sovyetistanê çap bûye. Naveroka kıtêbê jı zarokatiya nıviskar dest pê dıke û jiyan û têkoşina wi û bûyerên ku dorhêla jiyana nıviskar qewımiye, wan bûyeran hımbêz dıke.

Ehmedê Mırazi yek jı şair û nıviskarên kurdên Sovyetê ye. Navê wi yê esıl Ehmedê Şewêşê Mıraz (Mıraz Mırazov) e. Ehmedê Mırazi ne bı tenê şair û nıviskar, lê wek folklorist ji bı nav û deng e. Navê wi wek şair, nıviskar û folklorist lı cem navê Eminê Evdal û Haciyê Cındi tê bihıstın. Ew bı xwe dı eslê xwe da dengbêj bûye. Ew xwediyê dengeki xweş û zelal bûye, dı dilan û şayi û şênayiyêd Kurdan da her dem ciyeki bılınd û gıring gırtiye. Wek dengbêj xwedi tradisyona zargotına kurdan bûye û hezaran kılam, stran, çirok, methelok, gotınên pêşiyan, bêyt û destan jı ber xwe zani bûne. Jı aliyê dın va ji ewi bı xwe kılam û stran nıvisine û ew bêste kırıne.

Ehmedê Mırazi dı sala 1899 da lı gundê Tûtekê lı qeza Diyadinê jı malbateke kurdên Êzidi hatiye dınê. Dı pıçûktiya xwe da lı gund, lı ber destê melayê gund dest bı xwendınê kıriye. Du sal şûn da bav û bırayêd wi ditıne ku Ehmed xwendınê ra jır e, ew şandıne Diyadinê jı bo xwendınê. Ehmed lı Diyadinê dest bı ~~dıbıstanê~~ dıke û heta destpêka Şerê Cihanê yê Yekemin dıxwine. Dema ku eskerên Osmani dışkên û dorhêla Beyazid û Diyadinê dıkevın bın destên eskerên Ûrıs, Ehmed dıxwaze xwendına xwe bıdomine. Dıçe Tıflisê. Lı wê jı aliki va dıxebıte, jı aliyê dın va ji dıxwaze xwendına xwe bıdomine. Lê bı ser nakeve, şert û imkanên wê demê dest nadın û vedıgere tê mala xwe.

Dawiya şer, Kurdên Êzidi yên lı wê mıntıqayê, mala xwe bar dıkın û ber bı aliyê Ermenista-

*(x) 1. "Biraninêd Mın" cara pêşin bı elfabeya kiriliki lı Sovyetistanê, cara duhemin, jı aliyê Şukur Mıstefa bı tipên erebi/kurdi û bı pêşgotıneke va dı "Kovara Kori Zanyari Kurd" da - sal: 1985, hejmar: 12, rûpel: 205 - 327- lı Bexda hatiye çapkırın. Em ji vê nıvisara xwe ra çapa wê ya duhemin esas dıgırın.*

*2. Agehdariya dı derheqa jiyana Ehmedê Mırazi da ji disa em pêşgotına Şukur Mıstefa esas dıgırın. Bınêre: Kovara Kori Zanyari Kurd, sal: 1985, rûpel: 206-209.*

chalakmuhamad@gmail.com


| Babet û nivîskar | Rûpel |
|---|---|
| Ehmedê Mîrazî û .... W.ZEYDAN | 3 |
| Mın ji hesreta te.... A.Arif(wergêran) | 7 |
| Artistên Sovyetistanêye T.X. Muradof | 8 |
| Le jimarekanî | 11 |
| Nûserî çiya | 12 |
| Kurte mêjûyekî Mehabad | 27 |
| Min Îşev C.Vreesıjk | 28 |
| Gelekî hevgirtî V.JARA | 29 |
| Helo w qel | 33 |
| Ez çi ... ..Ş.Soreklî | 34 |
| Padişayê.... | 35 |
| Ehmedî Şamlû | 37 |
| Edebiyat û asarê edebî | 38 |
| Jin | 42 |
| Dû çîrok Hawrê | 44 |
| Gudbrand | 47 |
| Xeyale pilaw | 50 |
| Ahmed Arif | 51 |
| Suware | 53 |
| Ew keleşêrey.... | 58 |
| Wirêne | 65 |
| Xatimey şew | 66 |
| Razêk | 71 |
| Name | 79 |


*******************************************************

chalakmuhamad@gmail.com

*****************************************

Mamostayê Kurd

*****************************************

Jimare : 2 Mart 1985

*****************************************

Sernivîskar : Ferhad Shakely

*****************************************

*****************************************

Navnîşan :
Högskolan för Lararutbildning
Stockholm /Kurdiska
Box 34103
100 26 STOCKHOLM- SWEDEN

chalakmuhamad@gmail.com

chalakmuhamad@gmail.com

1985

KOMMUNALA VUXENUTBILDNINGEN
Grundutbildning för vuxna
Box 4002
141 04 HUDDINGE

# MAMOSTAYÊ KURD

# 2

## dengê beşê kurdî-xwendingeha berz ya mamostayetî li stockholmê ye